



### ڕەهەندە نیشتمانیەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

# ئاسایش و سەقامگیری هۆکاری سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوەی کوردستانن

# راویژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم راستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاری دەکرێت

بەهۆی هەستەوەری هەلومەرج و هەڵکەوتەو پێگەی گرنگی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا، لە هەمانکاتدا دابینکردنی ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەی لەم هەرێمەدا دابینکراوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستان وەك مۆدیلیکی حکومرانی سەرکەوتوو لەسەر ئاستی ناوچەکە لەقەڵەم بدرێت و لەسەر ئاستی جیهانیش پەنجەی بۆ رابکیشریت.

بۆ ئێستامان لۆژیك وا دەخوازێت کە لە پێناوی قوربانی نەدان بە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی نەتەوەو گەلی هەرێمی کوردستان و لە پێناوی ناچارکردنی حکومەتی ناوەندی بەغدا بۆ رێزگرتن لە مافەکانی گەلی کوردستان، پێویستە ئاسایش و ئارامی خاك و هاوولاتیانی ئەم هەرێمە لە رێگەی ئەنجوومەنێکەوە بە دامودەزگایی بکرێت، چونکە هەمیشە چەمکی ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی لە رێگەی دامەزراوەیەکی پرۆفیشناڵەوە گونجاوتر دەچەسپێت و هاوکات بەرژەوەندییە ژیۆپۆلەتیکی وسیاسی و ئابوورییەکانی خاك و خەڵکی هەرێم بە بەرنامەو نەخشەی دروستی ئاسایشیەوە باشتر دەپارێزرێت، خاڵی گرنگ لە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی نیشتمانی وا هەستەوەریشدا ئەوەیە کە رێگەدارشتن و ئاراستەی بەرنامەکان و سەرپەرشتی کردنی ئەنجومەنەکە بە بەرزترین لوتکەی دەسەڵاتی جێبەجێکار کە سەرۆکایەتی هەرێمە بسپێردرێت، هەروەها ئەنجوومەنی ئاسایشی هەریم راویژکاریکی لەلایەن سەرۆکی هەریمی کوردستانەوە بۆ دیاری دەکرێت بە ناونیشانی ( راویژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەریم) ئەم راویژکارە کارەکانی ئەو ئەنجوومەنە لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی هەریمی کوردستان بەرێوە دەبات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو مەسەلانەی کە پێوەندیان بە ئاسایشی هەریمی کوردستانەوە هەیە لەریگەی ئەم ئەنجوومەنەوە بەیاسا ریکدەخرێت و سەرپەرشتی دەکرێت.

### پەسەندکردنی پرۆژە یاساکە

پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی پەسەندکردووە، سەبارەت بە بایەخ و گرنگێتی ئەم ئەنجوومەنە بۆ هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی پەسەندکردنی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەرێز عومەر نورەدینی ئەندام پەرلەمانی کوردستان وتی((پارساڵ لە لایەن پەرلەمانەوە یاسای ژمارە ٤ بە ناوی یاسای ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەرچوێنرا تا بە پێی ئەو یاسایە ئاسایش بە دامەزراوەیی بکرێت، واتە

**عومەر نورەدینی بۆ گوڵان:**



## پێویستە بۆ داهاتوو ستراتیژێکی ئاسایشی وامان هەبێت، ئاسایش بچێتە قۆناغی دارشتنی نەخشە رێگاو گرتنەبەری تاکتیکە جۆراو جۆرەکان تا ستراتیژی نیشتمانی جێبەجێ بکرێت

بەیاسایی کردن و دامەزراوەیی کردنی ئاسایش بۆ قەوارەیەکی سیاسی وەك هەرێم، ئەوە لە پێناوی کۆتایی هێنان و نەهێشتنی پاشماوەی دوو ئیدارەیی زەرورەتێك بوو، دواتر ئەم ئەنجومەنە ئەرکەکانی دیاریکراون و بەرپرسە لە دارشتنی ستراتیژی نیشتمانی تایبەت بە ئاسایش، لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراتیدا هاوشێوەی ئەم ئەنجومەنە هەیە، پێویستە بۆ داهاتوو ستراتیژێکی وامان هەبێت و ئاسایش بچێتە قۆناغی دارشتنی نەخشە رێگاو گرتنەبەری تاکتیکە جۆراو جۆرەکان تا ستراتیژ جێبەجێ بکرێت، یەکەمین ئامانجی سەرەکی هەرقەوارەیەکی سیاسی بەر لە هەر شتێك ئاسایشە، ئەگەر بتوانی کۆمەڵگەیەك لاواز بکەیت ئەوە بە تێکدانی ئاسایشەکەی لاواز دەبێت، بەوەش هەموو پرۆسەکانی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری پەکدەخرێن..))

### بێ سەقامگیری ژیان پەرەناسێنێت

بەو شێوەیە پاراستنی سەقامگیری لە هەر ناوچەیەکدا ئەرکی هەنووکەییە چ بۆ پاراستنی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە یان چ بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی دیموکراتی و یاسایی بۆ هەر مەرام و پیلانێك کە ببێتە هۆی لێکترازان و لەبەریەکبردنی رێزەکانی گەل و تێکدانی سەقامگیری چونکە بە بێ سەقامگیری ژیان پەرەناسێنێت، سەبارەت بە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکەش بەرێز ئیسماعیل مەحمود سەرۆکی لیژنەی ناوخۆیی لە پەرلەمانی کوردستان بە گوڵانی راگەیاند((ئەم ئەنجوومەنە گرنگێتی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دروستکردنی ناووکی وەزارەتی موخابەراتی کوردستانی، بەڵام لەبەر ئەوەی بە پێی دەستوور هەرێمی کوردستان ئەو مافەی پێنەدراوە پێگەیەکی باڵای ئاسایشیی نەتەوەیی لە ئاستی وەزارەت دابمەزرێنێت، ئەوە ئەم ئەنجومەنە لە شوێنی ئەو و لە قەوارەی سیاسی هەرێم دادەمەزرێت و راستەوخۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لێی بەرپرسیارەو سەرۆکایەتی ئاسایش و سەرۆکی هەواڵگری و وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆ ئەندام دەبن تێیدا، هەروەها ئومێد دەکەم بە پێی ئەو بودجەیەی بۆ راپەراندنی کارو ئەرکەکانی ئەنجومەنەکە تەرخان دەکرێت بتوانرێت بەرنامەو پلانەکان بە سەرکەوتوویی بەرێوەببرێن))

### هاوکاریکردنی خەڵك
### ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم پتەودەکات

هەر سەبارەت هاوکاری کردنی خەڵکی و دابین کردنی بودجەی پێویست بۆ سەرخستنی کارەکانی ئەنجومەنەکە بەرێز(شێردڵ تەحسین سەرۆکی فراکسیۆنی تورکمانی لەپەرلەمانی کوردستان) بە گوڵانی وت((لە هەموو وڵاتانی دنیادا بودجەی زۆر بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکەن، هەروەها زۆر پێویستە و دەبێت هەموو کەس و لایەك کارێکی وابکەن کەببێتە هۆکاری سەرکەوتن و کارابوونی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، چونکە زۆر لە لایەن و وڵاتان پارەیەکی سەرسورهێنەر خەرج دەکەن بۆ ئەوەی ئەم هێمنی و ئاسایشەی لە هەرێم هەیە بیشێوێنن و ناسەقامگیری دروست بکەن، چونکە دەزانن کە بەنەبوونی سەقامگیری یاسایی و تێکچوونی هێمنی و ئاسایش هەموو بوارەکانی تری ژیان و خزمەتگوزاری پەکی دەکەوێت، هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری بەشەکانی تری عیراق بکەین، دەبینین بەهۆی نەبوونی هێمنی و ئاسایش و سەروەری یاساوە چ کارەساتێك لە هەموو بوارەکانی تری خزمەتگوزاریدا هەیە، هەر لە نەبوون و کەمی کارەباو ئاویخواردنەوەو خراپی کەرتی تەندروستی و پەروەردەو . . . تا، بۆیە تەئکید دەکەمەوە پاراستنی ئەمن و ئاسایش و سەروەری یاسا لە کوردستان پابەندە بە بوون و دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە بەتایبەتی لەم قۆناغە هەستیارەی ئەمرۆکە، هەروەها پێویستە ئەم ئەنجومەنە لە هەموو لایەکەوە پشتگیری بکرێت لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم ئەنجومەنی نیشتمانییە بۆ هەموو پێکهاتەکان و گەلی کوردستانە و دەبێت هەر تاکێك لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان ئەو

## ئیسماعیل مەحمود بۆ گوڵان:



**لەبەر ئەوەی بە پێی دەستوور هەرێمی کوردستان ئەو مافەی پێنەدراوە پێگەیەکی باڵای ئاسایشیی نەتەوەیی دابمەزرێنێت، ئەوە ئەم ئەنجومەنە لە شوێنی ئەو و لە قەوارەی سیاسی هەرێم دادەمەزرێت و ڕاستەوخۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لێی بەرپرسیار دەبێت**

ئەنجومەنە بە دامەزراوەیەکی پێویستی خۆی بزانێت و هەموو خەڵکی کوردستان ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بن ..))

هەر لەسەر هەمان پرس و تێڕوانین سائر عەبدولئەحەد ئەندامی ئەنجومەنی کلدانی ئاشووری سریانی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە دانان و پەسەندکردنی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم یەکێکە لەو دەسکەوتە گرنگانەی کە لەم خولەی پەرلەمانی کوردستان توانراوە پەسەند بکرێت و بێتەدیٰ، چونکە ئەنجومەنی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەنجومەنێکی نیشتیمانیە بۆ پاراستنی کیان و قەوارەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵاتی هەرێم و هۆکارێکە بۆ بەهێزکردن و چەسپاندنی بنەماکانی پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە نێوان هەموو پێکهاتەو نەتەوەو ئاین و ئاینزاو مەزهەبەکانی ناو هەرێمی کوردستان))

### پارێزگاری کردن لە سەرو سامان و موڵکی دانیشتووانی هەرێم

هەر سەبارەت بەوەی کە پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسایی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی پەسەند کردو گرنگێتی ئەم ئەنجومەنی ئاسایشە بۆ هەرێمی کوردستان و تاچەندیش ئەم ئەنجومەنە دەتوانێت ئاسایشی هەرێم بپارێزێت..

هاژە سلێمان مستەفا سەرۆکی فراکسیۆنی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەپەرلەمانی کوردستان وتی: ((ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە بەیاسایەك خرایە ناو بڕگەیەکی یاساییەوە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایش لەهەرێم هەبێت و پارێزگاری لەسەرو سامان و موڵکی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بکات، چونکە پێش ئێستا ئەو دەزگایانەی لەهەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی ئاسایشی و هێمنی لە هەرێمی کوردستان هەبوون لەچوارچێوەی یاسایەکدا نەبوون، ئەگەر بە نموونە ئەو دوو دەزگایەی ئاسایش بێنینەوە کە دوو دەزگای ئاسایش لە هەرێمی کوردستان هەبوون کە دەزگای پاراستن و زانیاری بوون، هەردووکیان دەزگای حزبی بوون کە دەزگای ئاسایشی پارتی و یەکێتیەو ئەو دوو دەزگایە نەیانتوانیووە وەکو ئەنجومەنێك داکۆکی و بەرگری لەئاسایشی نێونەتەوەیی یاخود ئاسایشی نەتەوەیی کورد بەشێوەیەکی گشتی بکەن، بۆیە پێویستی دەکرد کە ئەنجومەنێکی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی یاسادا دابمەزرێت تا بتوانێت داکۆکی و بەرگری لەهەموو دانیشتووانی هەرێم بکات ئەگەر لەهەر کاتێکیشدا نەیتوانی بەکارو ئیشەکانی خۆی بەتەواوی هەستێت ئەوە لەپەرلەمان بانگێشت بکرێت و بەدواداچوون و گفتوگۆ و لێپێچینەوەی لەگەڵ ئەنجام بدرێت))

### قەڵغانێك بۆ ئامانجە نیشتمانیەکان

سەبارەت بەوەی کە ئەنجومەنەکە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی هەرێم و شەخسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و راویژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەریمی کوردستان دەبێت،بەوەی تا چەند دەتوانێت لەم قۆناغە هەستیارەدا ئەرکە نیشتمانیەکانی جێبەجێ بکات، لەو بارەیەوە بەڕێز ئیسماعیل مەحمود وتی(( لەبەر ئەوەی ئەنجومەنەکە لێکۆڵینەوە لەسەر وردو درشتی ئامانجە ستراتیژییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات تا ئەرکە نیشتمانیەکان جێبەجێ بکات بە تایبەتی لەم کاتەدا کە دەوروبەرمان گرکانێکە و پیلان هەیە بۆ دەسوەردان لە قەوارەی هەرێم، ئەگەر ئاسایش نەمێنێت ژیان لە ناو هەرێم دەوەستێت، بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتووش لە کاتی وەدیهاتنی هەر ئامانجێکی نیشتمانی ئاسایش نەکەوێتە بەر مەترسی، ئەنجومەنەکە لە بەرزترین دەسەڵاتەوە پێویستە شوێنی ئەو دەزگایانە بگرێتەوە کە پێشتر بۆ پاراستنی ڕەوشی سەقامگیری، زانیاری و هەواڵەکانی پێڕادەگەیشتن..))

## سائر عەبدولئەحەد بۆ گوڵان:



**ئەنجومەنی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەنجومەنێکە بۆ پاراستنی کیان و قەوارەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵاتی هەرێم و هۆکارێکە بۆ بەهێزکردن و چەسپاندنی بنەماکانی پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە نێوان هەموو پێکهاتەو نەتەوەو ئاین و ئاینزاو مەزهەبەکانی ناو هەرێمی کوردستان**

### لووتکەی دەسەڵات و سەرپەرشتی کردنی ئەنجومەنی ئاسایش

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە بەرزترین ئاست لە دەسەڵات و سەرپەرشتیاری کردنی ئەنجومەنەکە بەڕێز عومەرنوورەدینی وتی((لە ئەنجومەنەکەدا دەسەڵاتی جێبەجێکردنی حکومەتیش بەشدارەو ئەوەش بە ئاڕاستەگیری و سەرپەرشتی سەرۆکی هەرێم وەك بەرزترین لووتکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئیتر ئەمە سروشتی سیستمی دیموکراتیانەی هەرێمەو وا هەڵکەوتووە کە تێکەڵە بێت لە نێوان پەرلەمانی و سەرۆکایەتی، بۆیە پێویستە لە لایەن لووتکەی دەسەڵاتەوە سەرپەرشتی بکرێت و نوێنەرانی حکومەتیش وەك باڵی دووەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئامادەگییان هەبێت ئەمەش گرەنتی ئەوەمان پێدەدات کە لە چوارچێوەیە نیشتمانیەکەدا مامەڵە لەگەڵ پرسی ئاسایش بکرێت، چونکە پارساڵ بۆشایی یاسایی هەبوو بۆیە هەر لەو چوارچێوەیەدا یاسای ئەنجومەنی ئاسایش و یاسای دەزگای ئاسایشمان دەرچواند



هەموو ئەم هەوڵانەش بۆ لێکجوداکردنەوەی ئاسایشە وەك پرسی ستراتیژی لەو ئاسایشەی کە وەك کاری ڕۆژانە بە جێبەجێکردنی یاساکانەوە سەرقاڵن، ئەرکی پەرلەمانیش چاودێری چۆنیەتی جێبەجێکردنەکەیە، تا ئەم مۆدێلە ئیجابییەی جێبەجێکردنی ئاسایش لە ناوچەکەدا بە سەرکەوتوویی بمێنێتەوە کە بە شایەتی دەوڵەتانی دنیاو دەزگا نێودەوڵەتیە بێلایەنەکان بێ نموونەیە)) لەم بارەیەوە سەرۆکی فراکسیۆنی تورکمانی لەپەرلەمانی کوردستان هەمان بۆچوون و ڕای هەبوو بەوەی جێی خۆیەتی کە جەنابی سەرۆك بارزانی سەرۆکی ئەم ئەنجومەنە نیشتمانییە بێت تا ئەنجومەنە زیاتر چالاك و کارا بێت و ببێتە جێگای متمانەی هەموو گەلی کوردستان بۆ هێمنی ئاسایش و سەروەری یاساو خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان، چونکە سەرۆك بارزانی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بە زۆرینەی دەنگی خەڵکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوە..

هەروەها سەرۆکی فراکسیۆنی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەپەرلەمانی کوردستان وتی ((بەتەئکید ئەم ئەنجومەنە سەر بەسەرۆکایەتی هەرێمەو دەبێت لەلایەن جەنابی سەرۆکی هەرێمەوە سەرپەرشتی بکرێت، پێموایە بەڕێز سەرۆکی هەرێم بەو پێیەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەو سەرۆکی هەموو ئەو تاکانەیە کە دانیشتووانی هەرێمن و پێویست دەکات بەشێوەیەکی وابێت کە سەرۆکی هەرێم پارێزەری ئەو هەرێمە بێت و پارێزگاری لەهەموو ئەو دەسکەوتانە بکات، بەتایبەتی ئەوانەی لەڕووی هێمنی و ئاسایش لەهەرێمی کوردستان بەدەست هاتوون و زیاتریش لەوەی ئێستاکە هەیە بۆ پێشخستن و گەشەکردن و هێمنی و ئاسایش و سەقامگیرو سەوەری یاسا لە هەرێمی کوردستان کار بکات، چونکە تا ئێستاش ئەگەر باس لەبارودۆخی هەرێمی کوردستان بکەین چ لەناوخۆ چ لەلەلایەن دەوروبەرو دەرەوە، لە ڕووی ئاسایشەوە زۆر مەترسی لەسەرەو بەکارکردنی جیدی و یاسایی و نیشتمانی لەڕێگای ئەم ئەنجومەنەوە دەتوانرێت هێمنی و ئاسایشی هەرێم زیاتر پارێزراو بێت و لەهەر کاتێکدا ئاسایشی ناوخۆی هەر وڵاتێك پارێزراو بێت ئەوە ئاسایشی دەرەوەو سنوورەکانیش پارێزراو دەبێت و لەڕێگای ئەو ئەنجومەنەوە دەتوانرێت ئەو هێمنی و ئاسایشەی ئێستاکە لە هەرێم هەیە زیاتر برەو و گەشەی پێبدرێت و دەتوانرێت ئاسایش نەتەوەییش لەم قۆناخەدا بەهێزتر و پارێزراوتر بێت.)) ئەندامی ئەنجومەنی کلدانی ئاشووری سریانی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە ئەم دامەزراوە نیشتمانییە مانایەکی زۆر گەورەترو بەرفراوانتر بە هەموو لایەکمان دەبەخشێت بە تایبەتی کە جەنابی سەرۆکی هەرێم سەرۆکیەتی و سەرپەرشتی دەکات، چونکە هەموو کاتێك و لەهەر پێشهات و گۆڕانکاریەك بێت سەرۆك خۆی بە پێشمەرگە زانیوە و بەبیری نیشتمانی و مرۆڤایەتی کارو ئیش وبیری کردۆتەوە، لەلایەکی تر ئەو هێمنی ئاسایشەی کە چەندین ساڵە لە هەرێمی کوردستان هەیە وایکردووە لە هەموو وڵاتانی دنیاوە ڕوو لە هەرێم بکەن بەتایبەتی بۆ وەبەرهێنان و بەشداریکردن لە ئاوەدانکردنەوە، هەرێمی کوردستان و ئەم ئەنجومەنە دەبێتە هۆکارێکی بەهێزو سەرەکی بۆ گەشەکردن و چەسپاند بنەماکانی وڵات و دیموکراتی، هەر ئەمەش وایکردووە کە چەندین وڵاتی گەورەو پێشکەوتوو قونسڵیەو کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتییان لە کوردستان بکەنەوە و هەموو ئەوانەش زیاتر دەبێتە هۆی دەست بەکاربوونی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کارو ئیش و چالاکییەکان زیاتر دەبن بۆ هێمنی و سەقامگیری لە هەرێمداو یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم لەچوارچێوەی یاسایەك پەسەندکراوە کە لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە گفتوگۆو تاوتوێکراوەو بۆتە جێگای ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامەکان کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵکی هەرێمی کوردستان کە نوێنەرەکانیان ئەو ئەندام پەرلەمانانەیە لەلایان پەسەندەو چاوەڕوانی کارو ئیشی زۆرو باش لە ئەنجومەنەکە دەکەن و بوونی ئەو دامەزراوە گرنگە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ زیاتر پاراستنی هێمنی و ئاسایشی سنوورەکانمان بەتایبەتی لەهەر دەستێوەردانێکی دوژمنانەی دەرەکی و هیچ وڵات و نەوەیەك نییە لە دنیادا بەبێ ئەنجومەنی ئاسایش مابێتەوە ئەم ئەنجومەنەش دامەزراوەیەکی

## هاژه سلێمان بۆ گوڵان:



**لەڕێگای ئەو ئەنجومەنەوە دەتوانرێت ئەو هێمنی و ئاسایشەی ئێستاکە لە هەرێم هەیە زیاتر برەو و گەشەی پێبدرێت و دەتوانرێت ئاسایشی نەتەوەییش لەم قۆناخەدا بەهێزتر و پارێزراوتر بێت**

یاسایی نەتەوەیی و نیشتمانییە))

### ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم و سەقامگیری

سەبارەت بەوەی کە هەرێمی کوردستانی عیراق بەشێکە لە کەم وێنەترین نەتەوەی مێژوو کە هەموو خەسڵەتێکی نەتەوەیی تێدایە و تا ئێستاش بێ دەوڵەتە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر کورد دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبووایە ئایا ڕەوشی ناو سنووری جیۆگرافیی ئەم هەرێمەو دەوروبەریشی بەرەو سەقامگیری و ئاشتی و ئاسایش دەبرد یان دەبووە مایەی هەڕەشە بۆ دەوروبەری ...

لەم بارەیەوە بەڕێز عومەر نوورەدینی وتی((بەدرێژایی مێژوو لە هەموو قۆناغە جیاوازەکان کورد هەوڵی داوە قەوارەیەکی سیاسی و نیشتمانی سەربەخۆی هەبێت چونکە لە ڕابردوودا کورد ئیمپراتۆریەت و شانشین و میرنشینی سەربەخۆی هەبووەو لە ژێر چەتری حوکمی خۆیدا ژیانی گوزەراندووە، لەو قۆناغانەشدا کە دەسەڵاتی بەهێزو قەوارەی سیاسی سەربەخۆی هەبووە نەبووەتە مایەی هەڕەشەو گوڕەشە بۆ کەس بەڵکو کەسانی تر بوون خاکو نەتەوەی ئێمەیان هەلا هەلا دەکردو داگیریان دەکردین، ئەم ئەنجومەنی ئاسایشە تەنیا ئامانجی سەرەکی لێی دابین کردنی ئاسایشە بۆ نەتەوەو گەلی ئەم هەرێمەی کوردستان، کە بە سەقامگیر بوونی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش سەقامگیری بەخۆوە دەبینێت چونکە بەڵگە هەیە لە مێژوودا هەرکاتێك کورد ئاسایشی لێتێکدرابێت ئەوا ئۆتۆماتیکی ئاسایش هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش لەقیوەو شڵەژاوە..))

بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردیش تووشی ئەو پارادۆکسە نەبێت کە جەواهیر لال نەهرۆ کاتی خۆی ڕوونیکردۆتەوە لەسەر ئەو نەتەوانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ستەمی بێگانە ڕزگاریان بووەو خۆیان ستەمیان بەسەر نەتەوەی تردا کردووە، ئایا ئەم ئەنجومەنە بە چ میکانیزمێکەوە لە توانایدایە سنووری مافە ڕەواکانی هەر گرووپێك و کەسێك بۆ تەناهی و ئاشتەوایی گشتی ڕوونبکاتەوە، سائر عەبدولئەحەد ئەندامی ئەنجومەنی کلدانی ئاشوری سریانی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە پێی وابوو کە پێویستە خەڵکی لێهاتوو و چاوکراوەو نیشتمانپەروەرو خەمخۆرو دڵسۆزو خاوەن ئەزموونی هەموو پێکهاتەکانی ناو هەرێم بەبێ جیاوازی نەتەوەو ئاین و ئاینزاو مەزهەبەکان لەو ئەنجومەنە دابمەزرێن و کاری تێدابکەن و هاووڵاتیانیش بەگشتی و بە جیاوازی بیرو بڕواوە پشتگیرو هاوکاری ئەو ئەنجومەنە بن، هاوکات بوونی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم یەکێکە لەو دامەزراو دەزگایانەی کە بەبێ جیاوازی حزبی کار دەکات و دەزگایەکی سەرەکییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەموو کاتێکدا، چونکە تیرۆر لە دنیادا کۆتایی نایەت تەنیا لەو وڵات و شوێنەوە دوورە کە ئەنجومەنێکی ئاسایشی نیشتمانی هەبێت کە بەمە هێمنی و ئاسایشی تێدا بەرقەرار دەبێت، من متمانەم هەیەو دڵنیام بەهۆی ئەو ئەنجومەنەوە هێمنی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو پێکهاتەکان و ئاینزاکانی ناو ئەم نیشتمانە زیاتر پارێزراو دەبێت.))

### پێگەی ناوچە دابڕێنراوەکان

کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکان ئەو خاڵەیە کە نە ئێستا و نە ئایندە هیچ کوردێکی دڵسۆز بە خاك و نەتەوەکەی ئامادە نەبووەو نییە مساوەمەیان لەسەر بکات هەر کەسێك نکۆڵی لە کوردستان بوونی کەرکوك بکات بەر لەعنەتی مێژوو دەکەوێت سەبارەت بە پرسی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، ئەو ناوچانە لە کوێی ئەم ئەنجومەنەدا پێگەیەکی گرنگیان بۆ دادەنرێت، لەم بارەیەوە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە گوڵانی ڕاگەیاند((یەکێك لە ئەرك و کارەکانی ئەو ئەنجومەنەو بەشەکانی ئەوەیە بتوانێت پلان و بەرنامە دابنێت بۆ گێڕانەوەی ئەو ناوچانەو پاراستنی ڕەوشی ئاسایش لەو ناوچانەی کە ئێستا لە ژێر هەڕەشەدان)).

## شێردڵ تەحسین بۆ گوڵان:



**لایەن و وڵاتانێك هەن پارەیەکی سەرسوڕهێنەر خەرج دەکەن بۆ ئەوەی ئەم هێمنی و ئاسایشەی لە هەرێم هەیە بیشێوێنن و ناسەقامگیری دروست بکەن، پاراستنی ئاسایش و سەروەری یاسا لە کوردستان پابەندە بە بوون و دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە**

هەروەها بەڕێز عومەر نورەدینی ئەندام پەرلەمانیش وتی:

((ناوچە دابڕێنراوەکان نەکەوتۆتە دەرەوەی ئەرك و سەلاحیاتی ئەنجومەنەکەوە، ئەگەرچی ئاسایشی کوردستان لە کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکان کار دەکەن ئەگەر لایەنێکی ئیجابی ئاسایش بوونی لەوێ مابێت فەزڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاسایشی کوردستان کە لەوێ کار دەکەن، ئەرکی ئەنجومەنیشە کە وەك پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کاری زیاتر بکات لەسەر ئەو ناوچانە تا سەقامگیریان بکات هاوشێوەی سەقامگیربوونی ئاسایشی هەرێمی کوردستان)) هەروەها بەڕێز هاژە سلێمان مستەفا لە تەوەرەیەکی تردا ئاماژەی بەوەدا کە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانە ئەوەیە کە پارێزگاری لە هێمنی و ئاسایشی هەموو هاووڵاتیانی کوردستان بە هەموو کەمەنەتەوەو ئاین و ئاینزاو پێکهاتەکانیەوەو هەموو ئەو ئەرکانەی لەناو مادەیەك هاتووە کە مادەی(٣)ە لە یاساکەدا دەبێت هەر هەموو ئەو ئەرکانەی تێیدا دەستنیشانکراوە، خاڵ بەخاڵی بەباشی و تەواوی جێبەجێ بکات.


# بارودۆخی ئێستای عێراق و ئاماژەکردنی بارزانی بە سەربەخۆیی

**دوا بەدوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن مالیکیەوە و لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١دا، پێوەندیەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان بەرەو خراپی چوون. خۆدزینەوە هەبوو لەچارەسەرکردنی کێشە هەمیشەییەکانی پەیوەست بە کەرکوک و دابەشکردنی داهاتی نەوت. سەرەڕای ئەوەش، مالیکی نەیتوانی ژمارەی وەزیرەکانی کابینە نوێیەکەی تەواو بکات، لەبەر ئەوە بەرپرسارێتی چەند وەزارەتێکی گرنگی گرتەئەستۆی خۆی کە ئەمەش سەرێکێشا بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی تازە دەرکەوتوو.**

لەبەرامبەر چەند بەڵێنێکی نارۆشندا بەپشتیوانیکردنی هەرێمی کوردستان لەپرسی کەرکوک و داهاتەکانی نەوتدا، کوردەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لەپشتیوانیکردنی نوری مالیکی بۆ پێکهێنانی حکومەتە نوێیەکەی لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٠دا. لەو کۆنگرەیەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەولێر سازیدا بۆ پشتیوانیکردن لەپێکەوەگرێدانی هاوپەیمانێتییە نوێیەکەی مالیکی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی ڕایگەیاند هەرێمی کوردستانی عێراق مافی ئەوەی هەیە بڕیار لەچارەنووسی خۆی بدات. بەزۆری ئەم مافە سەربەخۆیی لەخۆدەگرێت، ئەگەرچی بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ جۆرە خۆبەڕێوەبردنێك بەچەشنی ئەوەی کوردەکان لەئێستادا مومارەسەی دەکەن.

دوا بەدوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن مالیکیەوە و لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١دا، پێوەندیەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان بەرەو خراپی چوون. خۆدزینەوە هەبوو لەچارەسەرکردنی کێشە هەمیشەییەکانی پەیوەست بە کەرکوك و دابەشکردنی داهاتی نەوت. سەرەڕای ئەوەش، مالیکی نەیتوانی ژمارەی وەزیرەکانی کابینە نوێیەکەی تەواو بکات، لەبەر ئەوە بەرپرسارێتی چەند وەزارەتێکی گرنگی گرتەئەستۆی خۆی کە ئەمەش سەرێکێشا بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی تازە دەرکەوتوو. دواتر لەمانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٢دا، مالیکی فەرمانی دەستگیرکردنی، تاریق ئەلهاشمی، جێگری سەرۆك کۆماری عێراقی دەرکرد، کە ئەمە بەرزترین پۆست بوو بەدەست سوننەکانەوە لەحکومەتەکەیدا کە شیعەکان باڵادەستن تێیدا، تۆمەتەکەش ئەوەبوو سەرکردایەتی دەست و تاقمی تیرۆریستی کردووە. هاشمی تۆمەتەکانی ڕەتکردەوە و هەڵات بۆ هەرێمی کوردستان کە داڵدەدرا و پارێزگاری لێکرا. سیناتۆر جۆن مەککین کە پاڵێوراوی شکستخواردوی کۆمارییەکان بوو بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری لەبەرامبەر باراك ئۆبامادا لەساڵی ٢٠٠٨دا، سەرنجی ئەم گرژی و ناکۆکیە هەڵکشاوانەی دا و ڕایگەیاند «بارودۆخی عێراق بەرەو لێکهەڵوەشانەوە دەچێت....کە لەکۆتاییدا بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ دروستبوونی سێ دەوڵەت. ئەگەرچی ڕەنگە جۆزێف بایدنی جێگری سەرۆك ئۆباما خۆشحاڵ نەبێت ئەمەی بەبیر بهێنرێتەوە، بەڵام چارەسەرەکەی مەککین کە دروستبوونی سێ دەوڵەت لەخۆدەگرێت هاوشێوەیی ئەو چارەسەرەیە کە پێشتر بایدن پشتیوانی لێدەکردن.

لەچەند چالاکیەکی چڕ و پڕدا، بارزانی گەشتی بۆ هەریەکە لەئەمریکا، تورکیا و ئەوروپا کرد، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی ئاشکرا و کراوە ئەنجام بدات. ئەو قسانەی لەتورکیا کردینی شایستەی باسکردنن، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چۆن پێوەندیەکانی هەردوولا- تورکیا و هەرێمی کوردستان- لەم چەند ساڵە ڕابردودا بەشێوەیەکی دراماتیکی بەرەوپێشچوون. لەئێستادا تورکیا پشتیوانی هەرێمی کوردستان دەکات لەناکۆکیەکەیدا لەگەڵ بەغدا. تەنانەت سەرۆك وەزیرانی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، مالیکی بەخۆشکردنی ئاگری ناکۆکی لەگەڵ کوردەکاندا




**پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر**
**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە**

تۆمەتبارکرد، لەکاتێکدا مالیکی ئیدانەی تورکیای کرد لەبەر ئەوەی «بەئاشکرا دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆیی عێراقدا دەکات.» مانگی دواتر، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتە نوێیەکەی هەرێمی کوردستان و، بەهەمان شێوە گەشتێکی بۆ تورکیا کرد و کۆبوونەوەیەکی ئاست بڵندی لەگەڵ تورکەکاندا ئەنجامدا.


لەوەش زیاتر، بارزانی لایەنی تورکیای گرت لە بەرهەڵستیکردنی ڕژێمی ئەسەد لەسوریا کە دووچاری تەنگ و چەڵەمە بۆتەوە. لەلایەکی دیکەوە مالیکی، بەردەوام بوو لەپاڵپشتیکردنی ئەسەد. لەنێوان ئەم دوو هەڵوێستە ناکۆک بەیەکەدا، کوردە دابەشبووەکانی سوریا بەسەر پەتێکی هەستیاردا هەنگاویان هەڵدەگرت. هەرچۆنێك بێت، پشت ئەستوور بەم پاڵپشتیەی تورکیا، ڕەنگە هەرێمی کوردستان جەسارەتی ئەوە بکات لەعێراق جیاببێتەوە کە بەرەو پارچە پارچە بوون دەچێت.

لەهەولێر، بارزانی ڕایگەیاند ڕەنگە بەغدا فڕۆکەی (ئێف ١٦ و ١٨) بەکار بهێنێت، کە بڕیارە لەئەمریکای بکڕێت، بۆئەوەی دووبارە کوردەکان بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی. هەر بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کرد ئەگەر تاوەکو مانگی ئەیلول مالیکی ڕازی نەبێت بەرێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ ڕکابەرە سیاسیەکانیدا «ئەوا کوردەکان بیر لەجیابوونەوە لەبەغدا دەکەنەوە.» هەروەها سەرۆکی هەرێم ڕایگەیاند «قەیرانێکی سیاسی زۆر مەترسیدار بەرۆکی وڵاتەکەی گرتووە،» ئەگەر ئەم چەقبەستووییە نەشکێنرێت «ئەوا ڕەنگە دەنگدەرانی کوردستان لەمیانەی ڕاپرسیەکدا دەنگ بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆبوون لەعێراق بدەن.»

سەرەڕای ئەم هەڕەشەیەی بارزانی، زۆرێك لەچاودێران پێیانوابوو ئەمە لەڕاستیدا مانۆڕێکە بۆئەوەی پێگەی خۆی لەعێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەهێز بکات. سەربەخۆبوونی پێشوەختەی کوردستان، کە بەو شێوەیە لێی دەڕوانرێت دەبێتەهۆی تێکشکاندنی عێراق، نەك تەنیا لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵکو لەلایەن دەوڵەتە دراوسێکانی هەرێمی کوردستانیشەوە دژایەتی دەکرێت. لەوەش زیاتر، هەرێمی کوردستان لەعێراقی فیدراڵدا مومارەسەی هەموو ئیمتیازەکانی سەربەخۆیی دەکات، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو مەترسی و گرفتانە ببێتەوە کە لەجاڕدانی سەربەخۆیی دەکەونەوە. باشترە بەو شێوەیە لەکوردەکان بڕوانرێت کە ئەوپەڕی توانای خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ پاراستنی یەکێتی عێراق. چونکە ئەگەر کوردەکان ئەوپەڕی توانای خۆیان بخەنەگەڕ و ئەم کۆششانە شکست بهێنێت و عێراقیش دابەش بێت، ئەوکاتە بەو شێوەیە لە هەل و مەرجەکە دەڕوانرێت کە کوردەکان ناچاربوون جاڕی سەربەخۆیی بدەن و پاساوی خۆیان دەبێت. لەوەش زیاتر، کوردەکان ڕێگاچارەی دیکەیان لەبەردەمدایە لەدژی مالیکی بەکاری بهێنن، وەك پشتیوانیکردن لەسەندنەوەی متمانە لەمالیکی لەپەرلەمانی عێراقدا. ئەگەرچی سەرۆك کۆماری عێراق، جەلال تاڵەبانی بەرهەڵستی پرۆسەی سەندنەوەی متمانەی کرد، بەڵام سەبرو پەنابردن بۆ ڕێگەچارەی دیپلۆماتی پشوودرێژ باشترین ڕێگەچارەیە.

# کورد و دەوڵەت

## خۆدزینەوەلەبەرپرسیارێتیی مێژوویی



جەزای شێخ ڕەزا-ئەڵمانیا



**کەچی کوردستانی خاوەن پانتاییەکی فراوانی کشتوکاڵی کەئەگەر بێتومەودای بۆ برەخسێنرێ زۆر لەپێویستی خۆی زیاتر دانەوێڵەی دەبێت. هەر لەگەڵ باسکرندنی سەربەخۆیی بۆی، ترسی لەبرسا مردنی بۆ دەهێنرێتە پێشەوە؟؟؟**

ئەگەر زۆر بۆ ڕابردویەکی دوور نەگەڕێینەوەو تەنیا لە سەدەی بیستەم و ئەم سەدەیە بڕوانین، دەبینین هەرکاتێك کەسایەتییەك یان لایەنێکی کوردی خۆی ڕزگارکردبێت لەهەستی خۆ بەکەمزانین بەرانبەر داگیرکەرانی کوردستان وکارو بانگەشە ی بۆ قەوارە(کیان)ێکی سەربەخۆ کردبێت، یەکسەرلەلایەن خەڵکانێکەوە لەناوخۆدا هەزارو یەك ڕێگری وبەربەست ئەگەرچی ڕاستەقینەش نەبووبێت بۆی دروستکراوە، لەو ڕێگریانەی هەمیشە وەك بەیت و بالۆرە دەوترێنەوەو کراونەتە تەوقی ملی کورد، زیانگەیاندن لەئایینی هاوبەش، نەگونجاویی باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و لە هەمووشیان زەقتر، نالەباری هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان بووە.

هەرچەندە ئەوە شتێکی ئاشکرایە کەهەر یەك لەوهۆکارانە بەپلەی جیاواز ڕێگرن لەو بوارەدا، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە، کەزۆربەی ئەو کەس و لایەنانەی ئەو ڕێگریانە وەکو شتێکی ڕەها و نەگۆڕ سەیردەکەن، ویستوویانەو دەیانەوێ ئەوەبکەن بەچارەنووسی کوردو بێئومێدی بکەن لەهەموو هەوڵێك لەو بوارەدا.

با پێکەوە بزانین ئەو نالەباری هەڵکەوتە جوگرافیایەی کە هەموومان وا دەزانین شتێکی نەگۆڕەو ناکرێت کوردستان بگوێزینەوە بۆ کیشوەر،یان شوێنێکی دی، ڕێگرێکی ڕەهای وایە کەدەستەوئەژنۆ دامان بنیشێنێت و هەتا هەتایە جوڵە نەکەین؟

باسکردنی نمونەی وڵاتی سویسرا لەوانەیە ڕونکردنەوەی باشمان بداتێ لەو ڕووەوە.

سویسرا کەوڵاتێکی پڕ لەچیا و دۆڵ و دەریاچەیە، بە وڵاتەکانی ئەڵمانیا لە باکوور، فەرەنسا لە خۆرئاوا، ئیتالیا لەباشوور، لیشتنشتاین و نەمسا لەخۆرهەڵات دەورەدراوە، لەڕۆژی ١ی ئابی ساڵی ١٢٩١دا لەئەنجامی یەکگرتنی هەرسێ کانتۆنی ئوری ، شڤیتز و ئونتەرڤالدن پێکهات، لەدواییداو بەچەند سەد ساڵێك سنوورەکەی گەیشتەئەوەی ئێستای.

لەڕاستیدا من نامەوێ لێرەدا بەدرێژیی مێژوو و جوگرافیا و لایەنەکانی تری وڵات و خەڵکی سویسرا باس بکەم، کەسێك کەمەبەستی بێت دەتوانێت لەماڵپەڕی ویکیپیدیا وهی دیکەدا ئەوەبزانێت، بەڵکو دەمەوێ خوێنەری کورد سەرنج بداتە لێکوڵینەوەیەکی مێژوویی مێژوونووسی سویسری جۆرج ئاندرێ کەلەکتێبێکیدا دەربارەی مێژووی سویسرا کەلەساڵی٢٠٠٩ لەئەڵمانیا چاپی یەکەمی وەرگێڕاوی دەرچووە، بزانێ ئەو پیاوە چۆن باسی ئەم وڵاتە دەکات کە توانی سەربەخۆ بێت و لەوەش گرانتر توانی لەهەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا لەنێوان ئەو هێزە گەورە شەڕکەرانەی ئەڵمانیا و ئیتالیا و فەرەنسا و هاوپەیمانەکانیاندا بەبێلایەنی بمێنێتەوە.

بەڕێز ئاندرێ لەبەشێکی کتێبەکەیدا دەڵێت:

«سویسرا دەروازەی دەریایی نییە، چواردەور گیراوە بەو وڵاتانەی لەگەڵ یەکدا دەجەنگن، ڕاگرتنی بێلایەنی ئابوری لەکاتی جەنگدا کارێکی هێجگار سەخت بوو، لەوەش قورستر ڕاگرتنی بێلایەنی مۆڕاڵی بوو. لە وڵاتەکەدا هیچکات نەتوانراوە ئەوەندە دانەوێڵە بەرهەم بهێنرێت کەبەشی پێداویستی ژیانی خەڵکی بکات . لەو کاتی جەنگەدا هەموو کاروباری بازرگانی کەوتە ژێر دەستی وەزارەتی دەرەوە، کە توانی سیاسەتێکی سەرکەوتوو پیادەبکات ئەویش بەدروستکردنی دوو کۆمیتەی بازرگانی سەربەخۆی جیاواز لەیەك، یەکەمیان بەناوی ئۆ ئێف ئێس بۆ بازرگانی لەگەڵ ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا وڵاتانی تری تەوەر، دووەمیان بەناوی ئێس ئێس ئێس لەگەڵ فەرەنسا، ئینگلتەرا وڵاتانی دی هاوپەیمان.»

بەزانینی ئەوەی هەڵکەوتەی جوگرافی سویسرا کەئەگەر لەهی کوردستان نەگونجاو تر نەبێت، باشتر نییە، دەبێ بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێین کە لەوانەیە ببێتەهۆی دۆزینەوەی کلیلی ئەو دەرگا داخراوانەی نهێنییەکانی نەبوونی کیانی کوردییان تێدا شاردراوەتەوە، هەرچەندە لێرەدا پرسیارەیلێکی زۆر پەیدا دەبن،بەڵام بەلای منەوە گرنگترینیان ئەمانەن :

یەکەم ـ سویسرا چوار دەور گیرابوو بەبەهێزترین دەوڵەتانێك کەزۆربەی کات لەگەڵ یەکدا لەجەنگی گەورەدا بوون وهەمووشیان بەجیا جیا چاویان بڕیبووە داگیرکردنی خاکەکەی، ئەمەبۆیان نەبوو بەڕێگرێکی ئەبەدی، ئەدی بۆچی بۆ کورد دێوەزمە ئاسا بووەبەو ڕێگرە ئەبەدییە؟؟؟

دووەم ـ سویسرا لەچەند نەتەوەیەك پێکدێت، ئەڵمانی ٦٣,٧٪ ، فەرەنسی ٢٠,٤٪ ، ئیتالیایی ٦,٥٪ ،

ڕێتۆڕۆمانی٠,٥٪ و ژمارەیەك لەجوولەکەو خەڵکانی دی، کەئەمانە درێژکراوەی هەمان نەتەوەکانی وڵاتانی دەوروبەرن، واتە ئەڵمانەکانی وڵاتی سویسرا سەر بەنەتەوەی ئەڵمانن و فەرەنسی و ئیتالیاییەکانیش بەهەمان شێوە، لەکاتێکدا ئەمە نابێتە ڕێگر لەدروستبوونی دەوڵەت بۆ ئەوان، ئەی بۆچی کورد کە لە ڕووی نەتەوەو ڕەگەزو زمانەوە جیاوازەو سەر بەهیچکام لەنەتەوەکانی دەوروبەر نییە، بوون بەدەوڵەتی لێ بقەدەغەکراوە؟؟؟

سێهەم ـ بوونی ئاین و ئاینزای هاوبەشی نێوان خەڵکی سویسرا و وڵاتانی دەوروبەری کەهەردولایان زۆربەیان مەسیحایین بەکاسۆلیك و ئیڤانگلیك ـ پڕۆتستانت ـ ەوە نەبووە ڕێگر لەڕێگای بوون بەکیانی سەربەخۆ، خێرەوا ئاینی هاوبەشی نێوان کورد و دەوروبەر دەکرێت بەڕێگرێکی پیرۆز؟؟؟


چوارەم ـ وەکو بەڕێز ئاندرێ دەڵێت، «سویسرا هیچکات ئەوەندەی دانەوێڵە نەبووە کە بەشی پێویستی دانیشتووانەکەی بکات «کەچی کوردستانی خاوەن پانتاییەکی فراوانی کشتوکاڵی کەئەگەر بێتومەودای بۆ برەخسێنرێ زۆر لەپێویستی خۆی زیاتر دانەوێڵەی دەبێت، هەر لەگەڵ باسکرندنی سەربەخۆیی بۆی، ترسی لەبرسا مردنی بۆ دەهێنرێتە پێشەوە؟؟؟

هەرچەندە پرسیار زۆرە، بەڵام بڕوام وایە بەو باسەکورتە سەرپێییە خوێنەری بەڕێز پێش من گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی ئەو بەهانانەی هێنراونەتەوە و دەهێنرێنەوە بۆ نەگونجاندن و ناواقیعی نیشاندانی هەوڵی دروستکردنی کیانی سەربەخۆی کوردستان، لەهەمووشیان زەقتر بەهانەی نالەباریی هەڵکەوتەی جوگرافیایی، بەهانەی بێ بنەمای مۆڵەقن .

سیاسەتمەدار وبیرمەندانی خاوەنی ئەم بەهانانەش یان وابەستەن بەهێزە دەرەکییە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە، یان ئەو بۆچوونەیان لەهەستی خۆ بەکەمزانینیانەوە لاپەیدا بووە، کەهەردووکیان لای من هەر کارەساتەو خۆدزینەوەیەکی شەرمنانەیە لەبەرپرسیارێتییەکی گەورەو پیرۆزی مێژوویی.

Schweizer Geschichte für Dummies
von Georges Andrey
übers. von Judith Muhr und Katrin Krips-Schmidt
Germany__ 2009

# مشتومڕێكی سەخت دەربارەی بڕیاری خوێندنی زمانی كوردی لەتوركیا



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان نووسیویتی

بڕیاری خوێندنی زمانی كوردی لەتوركیا، لەناو كوردەكانی باكوور مشتومڕێكی زۆری نایەوە. سەرەڕای گرنگیی بڕیارەكە، كە بەناوەڕۆك دانانێكی ناڕاستەوخۆیە بەزمانی كوردی، ڕەنگە ناساندنی وەك هەنگاوێكی ((مێژوویی)) زێدەڕۆییەكی زۆری پێوە كرابێ. بۆ ئەوروپییەكان، بڕیارەكە مایەی بەختەوەری بوو. پیتەر ستانۆ بەناوی یەكێتیی ئەوروپاوە ڕایگەیاند كەپشتیوانی لەهەموو بڕیارێك دەكا ببێ بەمایەی دەستەبەركردنی مافی كەمینەكان و پاراستنی كەلتوریان.

كێشەی بڕیارەكە ئەوەیە كەهێشتا زۆری ماوە پێداویستییەكانی كورد لەبواری فێركاریدا دابین بكات. بەكردەوە، جیاوازییەكی زۆر لەنێوان خوێندن بەزمانی كوردی كەداوای كوردەكانی باكوورەو لەنێوان خوێندنی زمانی كوردی هەیە. ئەوەی كە دەوڵەت بۆ كوردی سەلماندووە، لەهەموو ئەوروپا كاری پێ دەكرێ و ڕەوەندە كوردەكانی ئەوروپا لەو شوێنانەی كەژمارەیەكی بەرچاو پێكدێنن، دەتوانن داوا بكەن دەوڵەت پێداویستیەكانی خوێندنی زمانی كوردی بۆ منداڵەكانیان دابین بكات. مەسەلەی خوێندنی زمانی دایك پێشینەی خۆی هەیە. ئەم مەسەلەیە لەڕوسیای پاش شۆڕشی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩١٧ وروژێنرا و لەئاكامدا مافی خوێندنی زمانی دایك بۆ كەمینەكان سەلمێنرا.

بڕیارەكەی توركیا، بەبەراورد لەگەڵ مێژووی خوێندن بەزمانی كوردی لەعیراق، زۆر دواكەوتووە. لەعێراقی پێش بەیاننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، شەش ساڵی قۆناغی یەكەمی خوێندن لەسالآنی سییەكانەوە بەكوردی بووەو ئەمەش دەرفەتێكی وای پێكهێنا كەمندالآنی كورد لەتەمەنی ٧ تا ١٢ ساڵیدا، پاشخانێكی گرنگی كەلتوری زمانی دایكیان هەبێ، لەكاتێكدا بڕیارەكەی توركیا جگە لەوەی كە لەهیچ قۆناغێكدا خوێندن ناكا بەكوردی، لەپۆلی پێنجەمدا مافی خوێندنی زمانی كوردی بەشێوەیەكی ئارەزومەندانە دەسەلمێنێ. ئەمە بەم مانایە دێ كەخوێندكارەكان لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا بۆیان هەیە زمانی دایك بخوێنن، ئەویش بەدوو مەرج. یەكێكیان، ئەگەر ویستیان زمانی دایك بخوێنن، چونكە بڕیارەكە ئارەزوومەندانەیە، دووەمیشیان، ئەگەر ژمارەیەكی بەرچاوی داواكار هەبێ.

ئەنكەرە واتێدەگا بەم هەنگاوە كورد لەخۆی نزیك دەكاتەوەو لەپەكەكە دووری دەخاتەوە، بەڵام دەشێ پەكەكە بۆ دوورخستنەوەی كورد لەئەنكەرە، زۆرتر سوود لەم بڕیارە وەرگرێ، چونكە بڕیارەكە دەرفەتێكی گونجاو بۆ نەیارانی ئەنكەرە پێكدێنێ تا بتوانن پڕوپاگەندەكانیان لەدژی چڕ بكەنەوەو وای نیشان بدەن كە ئەنكەرە دوودڵە لەهەنگاونان بەرەو سەلماندنی مافە ڕۆشنبیرییەكانی كورد، لەوانە مافی خوێندن بەزمانی كوردی.


لەهەمووی خراپتر ئەوەیە كە ئەنكەرە بڕیارەكەی كردۆتە هاوتای بڕیاری خوێندنی قورئان وەك وانەیەكی ئارەزوومەندانە لەخوێندنگاكاندا. ئەگەرچی هەردوو بڕیار پێوەندییان بەدوو مەسەلەی جیاوازەوە هەیە، بەڵام هاوزەمانیی دەرچوونیان بۆتە مایەی لێكدانەوەی خراپ.

كوردەكان هەڵوێستی توندیان بەرامبەر بەبڕیارەكە دەربڕی. سەرۆكی دووەمی بەدەپە، گولتین كیچك، بڕیارەكەی وا ناساند كەهەوڵێكە بۆ ((تواندنەوەی))كورد. لێدوانەكەی كیچك نموونەی زاڵبوونی توندڕەوییە بەسەر بیركردنەوەی كوردی باكووردا، چونكە خاوەنەكەی ناتوانێ ئەوە ڕوون بكاتەوە كەبۆچی دەبێ سەلماندنی خوێندنی زمانی دایك بە((تواندنەوە))بچووێنرێ. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە كەبڕیارەكە شایستەی ڕەخنەلێگرتن نییە. ناوەڕۆكی زۆربەی لێدوانەكان لەم ڕووەوە لەدەور و خولی ئەوە دەسوڕێتەوە كە كورد پێویستی بەشتێكی زۆرتر لەخوێندنی زمانی دایك هەیەو ڕاشكاوتر پێویستی بەخوێندنە بەزمانی دایك.

تەنانەت ئەم بڕیارەش كە كورد بەكرچ و كاڵی دەزانێ، بەدڵی ناسیۆنالیستەكانی تورك نییە. دەوڵەت باخچەلیی سەرۆكی بزووتنەوەی نەتەوەیی (مەهەپە) بڕیارەكەی بە((سەرەتای پارچە پارچە كردنی توركیا لەسەر بنەمای ڕەگەز))ناو برد.

ئەگەر بەنیەتێكی پاكەوە سەیری بڕیارەكە بكرێ، دەبێ هیوا لەسەر ئەوە هەڵبچنرێ كەئەم هەنگاوە بچووكە هەنگاوی گەورەتری بەدواوە بێ. بەڵام كێشەكە لەوە دایە كەبەم هەنگاوە بچووك بچووكانە، زۆر درەنگ دەگەینە كۆتایی ڕێ و كەسیش گەرەنتیی ئاكامەكانی پێ ناكرێ.

**پیتەر ستانۆ بەناوی یەكێتیی ئەوروپاوە ڕایگەیاند كەپشتیوانی لەهەموو بڕیارێك دەكا ببێ بەمایەی دەستەبەركردنی مافی كەمینەكان و پاراستنی كەلتوریان**



### ئایین و دیموکراتی و.. دیموکراتی لەڕوانگەی ئیسلامی سیاسیەوە

# بەهاری عەرەبی و سندوقی هەڵبژاردن

## پەیژەی سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی بوو بۆ گەیشتن بە دەسەڵات



**«کاتێک سەبارەت بە بەهاری عەرەبی پرسیارم لە نیچە کرد، بەشێوەیەک سەیری کردم ترساندمی، دواتر کە چەند هەنگاوێک لێم چووە دواوە، دیســـان ترسام وامزانی پیامدەکێشت، ئەم ڕووداوە لەکاتێکدا بوو کە لەسویســـرا چاوم پێی کەوت و دەیویست بەسەر چیا بەرزەکاندا بۆ هەڵمژینی هەوایەکی پاک سەربکەوێت، هەوایەک بەهەناســـەی هەندێک پیس نەبووبێت...بێگومان ئاشـــکرایە نیچە ناتوانێ بەشـــێوەی فەلسەفی بدوێت، ئەگەر ئاسۆ لەبەردەمیدا کراوە نەبێت... هەربۆیە سەر چیا بەرزەکانی سویسرا بۆ نیچە شوێنیک بوو تەواو گونجاو بوو بۆ ئەوەی وەڵامی پرســـیارەکەم بداتەوە، بۆیە پێی وتم: (بەهاری عەرەبی لەکوێیە؟ ئایا تۆ بەهارێکت بینیووە ئەو هەموو شێخ و مەشایخە بگەڕێنێتەوە بۆ ناو گۆڕەپانەکان و هەموو پەرلەمان و وەزارەت و کەناڵە ئاســـمانییەکان داگیر بکەن؟ ئایا غەنوشـــی بەهارە؟ یان محەمەد بەدیع؟ یان سەرۆکی یەکێتـــی جیهانی گروپەکانی ئیخوان موســـلمین؟.. ئەی عەرەبەکان، ئایا ئەمە تێگەیشـــتنیانە بۆ بەهار؟ بەخوا من لەگەڵ ئێوە لەســـەر یەک هەســـارە ناژیم).. نیچە لەپڕ شێوازی قسەکانی و دەموچاوی گۆڕی و گووتی: (ئایا تۆ پێتوایە کەسێک سەرقاڵ بێت وەک من بە پرسە فەلسەفیە گەوەرەکانەوە، دەتوانێت بایەخ بەڕووداوی لابەلای وەک بەهاری عەرەبی و ئەو جۆرە شـــتانە بدات؟ ئەو شـــتانە بێجگە لەهەڵچوونی ناو فنجانێک و بڵقێکی ســـەر ئاو زیاتر نین، بۆیە دەبێت بومەلەرزەیەک وەک شۆڕشـــی فەرەنسا هەموو کەون بلەرزێنێ، ئەوجا دێتە ناو بازنەی بایەخدانە فەلسەفیەکانی منەوە)...».**

**هاشم ساڵح** ڕۆشنبیری ناسراوی عەرەب

هاشم ســـاڵح لەوتارێکیدا بەناونیشانی (نیچە و بەهاری عەرەبی) کە لە٥ی نیســـانی ٢٠١٢ بڵاوی کردۆتەوە، دیمەنە ســـەرنج ڕاکێشەکانی بەهاری عەرەبی گرێدەداتەوە بەفیکری نیچەوە، ئەو فیکرەی دەبێتە بنەمای کارە فەلسەفیەکان میچێـــل فۆکۆ، کە لەناو ئـــەو فیکرەدا چەند کەڵە ڕۆشـــنبیرێکی عەرەبـــی وەك محەمەد ئەرەگۆن و ئیدوارد سەعید پەروەردەبوون، هاشم ســـاڵحیش یەکێکە لەهـــاورێ نزیکەکانی ئەو کەڵە ڕۆشـــنبیرانە و ناوی ئـــەو هاوتای ناوی محەمـــەد ئەرەگۆنە، لەبەر ئـــەوەی زۆربەی بەرهەمـــە فیکریەکانـــی ئەرەگـــۆن لەلایەن هاشـــم ســـاڵحەوە وەرگێڕدراون بۆ عەرەبی، کە بەشێکیان هاوکات لەگەڵ چاپە فەرەنسیەکەی بەعەرەبیش بـــڵاو بوونەتەوە، هەربۆیە هاشـــم ساڵحیش وەك مامۆستاکانی کاتێك بەمیتۆدی ئەرکیۆلۆژیـــای فۆکـــۆ هەمـــوو چینەکانی ســـەرەوەی دیمەنە بەرهەمهاتووەکانی بەهاری عەرەبی تێکدەشـــکێنێت و بەهاری عەرەبی وەك زاراوەیەکی دەگمەن لەنێو ڕستە و مەسەلە بەسەر یەکدا کەڵەکەبـــووەکان دەردەهێنێت و دەیخاتەوە بەردەمـــی نیچە، مەبەســـتی ئەوەیە لەبازنەی موغامەرەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنەوە بۆ ئاستی هونەرێك لەهونەرەکان، بەهاوشێوەی فۆکۆ شاکارەکانی (ئەرکیۆلۆژیای مەعریفە و، وشەو شتەکان و، چاودێری و سزدان و، مێژووی شـــێتی لەسەدەکانی ناوەڕاست و...تاد) دووبارە بەهەرمبێنێتـــەوە، وەك ئەرەگۆن بەرهەمەکانی (ڕەخنەی ئەقڵی ئیجتهـــاد و، لەمنهاتنەوە بۆ بەغدا و، فیکری ئیســـلامی. خوێندنەوەیەکی زانستی و...تاد) بەرهەم بێنێتەوە، وەك ئیدوارد ســـەعید بەرهەمەکانی (ئیستیشراق و، ڕەخنە و دەق و، پینووس و شمشـــیر و...تاد) بەرهەم بێنێتەوە، بەڵام کارکردنی هاشـــم ســـاڵح لەسەر دیمەنە سەیرەکانی ئێستای بەهاری عەرەبیە و دەیەوێت جارێکی دیکە ئەو دیمەنە کەڵەکەبووانە کە دوور و نزیـــك پێوەندی بەئامانجی بەهاری عەرەبیەوە نەبووە و تێکبشکێنێت و لەخوێندنەوەی ئاســـت بەرزی بۆ مانای بەهاری عەرەب وەك بەهـــاری نەتەوەیـــەك بۆ گەیشـــتن بەئازادی و یەکسانی و پاراســـتنی کەرامەتی مرۆڤ، لەڕوانگەی فیکری نیچەوە دیمەنەکانی ئێستای بەهاری عەرەبیمان، لەگەڵ مانای ڕاستەقینەی بەهاری نەتەوە بۆ بـــەراورد دەکاتەوەو دەیەوێت پێمـــان بڵێت ئـــەم گۆڕانکارییانـــەی هاتوونە ئاراوە و ئەو بەرهەمانـــەی لەو گۆڕانکارییانە بەرهـــەم هاتوون شایســـتەی ئەوەنیـــن ناویان لێبنرێت (بەهار)... بەهار بەمانای ڕێنیسانس و ڕۆشـــنگەری و گەیشـــتن بەئەقڵانییەت و جیاکردنـــەوەی ئایین و دەوڵەت، بەهار بەمانای دووبارە تێڕامانەوە لەپێشکەوتنەکانی جیهان و، تێڕوانین لەهاووڵاتیانی عەرەب بەو ئامانجەی، هاووڵاتیانـــی عەرەبیش هاوشـــێوەی خەڵکانی دیکەی ســـەر ئەم زەمینە، شایســـتەی ئەوەن بەرەو ئەقڵانییەت و ڕۆشـــنگەر و دیموکراتی و

**ئەم گۆڕانکارییانەی هاتوونە ئاراوە و ئەو بەرهەمانەی لەو گۆڕانکارییانە بەرهەم هاتوون شایستەی ئەوەنین ناویان لێبنرێت (بەهار)**

پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ هەنگاو هەڵبگرن و خۆیان یاسا بۆ خۆیان دابڕێژن، نەك بەپێچەوانەی ڕۆژگارەکانی ڕێنیسانســـەوە، جارێکی دیکە بگەڕێنـــەوە بۆ ئەوەی ئایین تێکەڵاوی دەوڵەت بکرێتەوەو، جارێکی دیکە بەڕێگەی ســـندوقی دەنگدان دەســـەڵات پێشکەشـــی تەیار و لایەنە ئیسلامیە سیاسیە جیاجیاکان بکەنەوە، هەربۆیە کاتێـــك لەهێنانەوەگۆی بۆچوونەکانی نیچەوە، ئاماژە بەوە دەکات: بەخوا ئێوەی عەرەب لەگەڵ من لەسەر یەك هەسارە ناژین مەبەستی ئەوەیە مانای بەهار لەســـەر ئەم هەســـارەیەیە، واتە ڕێنیسانس هەنگاو هەڵگرتنە بۆ ڕزگارکردنی ئایین لەسیاسەت و جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت، نەك دووبارە بەسیاسیی کردنی ئایین و گەڕانەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینی وەك سەدەکانی ناوەڕاست لەئەوروپا، ئەم لایەنە کە بەتێڕوانینی هاشم ساڵح لەنێو فیکری هاوچەرخدا جێگەی نابێتەوە، لەبەر ئەوەیە ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی، نەیتوانی وەك شۆڕشـــی فەرەنسا ئەو بومەلەرزەیە دروســـت بکات کە هەموو جیهان بهەژێنێـــت و، هیگڵ نـــاوی لێبنێت (کۆتایی مێژوو)، کۆتایی مێـــژووش بەمانای کۆتایی هاتنی شـــەڕ و، کۆتایی هاتنـــی جیاوازی و نادادپەروەری و ڕاگەیاندنی مافی هاوڵاتیبوون و مافی مرۆڤ، واتە دەســـپێکردنی مێژوویەك کە(ئازادی و برایەتی و یەکسانی) چەسپێنراو لەنـــاو خەڵکدا بنووســـێتەوە، شۆڕشـــێك وەك شۆڕشـــی فەرەنســـا لەم پێناوە هەڵبگیرسێت، ئەوا شایســـتەی ئەوەیە ببێتە جێگەی بایەخی هەموو فەیلەســـووفەکانی جیهان، هەتا ئەگەر لەپیادەکردنیشـــدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك هەڵە ببێتـــەوە، لەبـــەر ئەوەی هەڵـــە و کەموکورتی



چارەسەر دەکرێت، بەڵام ڕاپەڕین یان شۆڕشێك وەك ئـــەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی، ببێتە هۆکاری ئەوەی هەمـــوو بنەماکانی دەوڵەتی مەدەنی لەڕیشـــەوە تێکبشـــکێنێت، ئەوە دەبێت لەئێســـتاوە ســـێرە بۆ ڕوودانی مەترسیەکانی داهاتـــوو بگیرێت، نـــەك چاوەڕێی ئەوەبین کە دیموکراتـــی و ئـــازادی و پاراســـتنی ماف و کەرامەتی مرۆڤ بەرهەم بێنێت.

### دیموکراتی لەڕوانگەی ئیسلامی سیاسیەوە نەك ئایین لەڕوانگەی دیموکراتیەوە

زۆر جـــار کە باســـی پێوەندی نێـــوان ئایین و دیموکراتـــی دەکرێت، بەجۆرە فێڵێك لەچەمکی تێگەیشـــتن لەبەهاکانـــی دیموکراتی، بەراورد لەنێوان ئیسلامی سیاســـی و دیموکراتی دێتە ئاراوە، ئـــەم فێڵە لەتێگەیشـــتن لەدیموکراتی دەگوازرێتـــەوە بـــۆ فێڵکـــردن لەتێگەیشـــتن لەچەمکـــی دەوڵەتی مەدەنی و تێکەڵاوکردنی لەگەڵ دەوڵەتی ئایینی یان دەوڵەتی سیۆکراتی، بەمانایەکی دیکە لەدەوڵەتـــی مەدەنیدا ئایین مافی تاکە کەســـە و تاك ئازادە چۆن ڕێوڕەسم و بـــاوەڕی ئایینی خۆی پیـــادە دەکات، بەڵام لەدەوڵەتی سیۆکراســـیدا، ئایین ئایینی دەوڵەتە و ئایین دەبێتە یاســـای دەوڵـــەت و، دەوڵەتیش بەو جۆرە ئایین دەکاتە یاســـا کە چۆن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانـــی خـــۆی بگونجێـــت، لـــەم حاڵەتەشـــدا بەپێچەوانەی دەوڵەتی مەدەنییەوە لەبری ئەوەی خەڵك یان هاووڵاتی ســـەرداری دەوڵـــەت و حکومڕانی بن، ئـــەوا خەڵك دەبێتە بەندە و ملکەچی حکومڕانەکان، بەو حسابەی حکومڕانـــەکان فەرمانی خوا جێبەجێ دەکەن و دەبێت هەمووانیش ملکەچی فەرمانی خوا بین، بۆیە لەم حاڵەتەدا بەمیکانیزمەکانی دیموکراتی خەڵك حکومڕانێك بۆ خـــۆی هەڵدەبژێرێت کە مافی هەیە بەپێـــی بەرژەوەندی حکومڕانەکە ئازادییەکانی ســـنووردار دەکات، هەربۆنموونە ئەم جیاوازییە ڕاشـــکاوانە لەنێـــوان بۆچوونی ئیخـــوان و ســـەلەفیەکانی میســـردا ڕەنگی داوەتەوە، کە هەر یەك لەم دوو لایەنە ئیسلامیە سیاســـیە بەگەڕانەوەیان بۆ دەقە ئایینییەکان، بوار بەهەندێك لەئازادییەکان دەدەن و هەندێکی دیکەیان بوار پێ نادەن، بۆیە ئەگەر فەرمانەکە بەسیاســـیی نەکرابێت، ئەوا لەنێوان دوو لایەنی ئیســـلامی سیاسیدا دوو تەفســـیری سیاسیی جیاواز لەهەمبـــەر ئازادییەکان نابێت، هەربۆیە هەتـــا ئەگەر ســـەلەفیەکان بگەنە دەســـەڵات ئەوا زیاتر ســـنوورەکان بەرتەســـك دەکەنەوە و ئیخوانـــەکان کەمتـــر، ئەمـــەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەر لایەنێك ئایین بکاتە سیاسیی، ئەوا تەفسیری سیاســـی خۆی بۆ دەقە ئایینییەکان دەکات و وەك فەرمانـــی خوا بەســـەر خەڵکیدا دەســـەپێنێت، ئەم جۆرە تەفســـیر و بۆچوونانە بەفێڵکردن لەبەهاکانـــی دیموکراتی دەخزێنرێتە ناو دیموکراتیەوە، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئایین لەدیموکراتیـــدا وەك ئازادی باوەڕی تاك پێگەیەکی دیاریکراو و بەرزی هەیە، هەتا ئەو ئاســـتەی کە هیچ کەس و یاســـایەك ناتوانێت ڕێگـــە لەبیروبـــاوەڕی ئایینی هیچ کەســـێك بگرێت، لەمەش گرنگتـــر بیروباوەڕی ئایینی وەك ئازادی تاکەکەس ســـەیر دەکرێت و نابێت هیچ یاسایەك هەبێت سنوورێك بۆ ئەو ئازادییانە دابنێت، هەتا ئەگەر ئەو یاســـایانە ڕای هەموو زۆرینـــەی وڵاتی لەگەڵدا بێـــت، ئەمەش بەو مانایـــەی دیموکراتـــی چۆن شـــەرعیەتە بۆ مافی زۆرینە، بەهەمان شێوە پارێزەری مافی کەمینەکانیشـــە، هـــەروەك چـــۆن لەهەفتەی ڕابردوو، ڕێکخـــراوی فیفا بۆ یاری فتبۆڵێنی کچان چاوی بەو یاسایەدا خشاندنەوە کە پێشتر ڕێگە نەدەدرا، کچان بەباڵاپۆشی (موحەجەبە) بەشداری ئەو یارییە بکەن، ئێستا لەمەودوا، وەك ڕێزگرتن لەهەستی وەرزشی ئافرەتانی موسڵمان لەو یارییە وەرزشـــیەدا ڕێگەیان پێدەدەن، بۆیە لەم لایەنەوە کاتێك لەڕوانگـــەی دیموکراتیەوە

> **ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی، نەیتوانی وەك شۆڕشی فەرەنسا ئەو بومەلەرزەیە دروست بکات کە هەموو جیهان بهەژێنێت و، هیگڵ ناوی لێبنێت (کۆتایی مێژوو)**

> **ڕێنیسانس هەنگاو هەڵگرتنە بۆ ڕزگارکردنی ئایین لەسیاسەت و جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت، نەك دووبارە بەسیاسیی کردنی ئایین و گەڕانەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینی وەك سەدەکانی ناوەڕاست لەئەوروپا**

**پارتە مەسیحیەکانی ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ نەبوونە پارتێکی دیموکراتی، بەڵکو ئەوە ئەنجامی دوو سەد ساڵ لەدیموکراسی بوو، لەبەر ئەوە ناکرێت پارتە مەسیحیەکان بەراورد بکرێن بەپارتە ئیسلامیەکانی کۆمەڵگەکانی ئێمە**

بەهای بیروباوەڕە ئایینییەکان دەکرێت، ئەوا زۆر ئاساییە شەڕە ئایینییەکانی ئەوروپامان بیربێتەوە کە نامەی لێبوردەیی (ڤۆلتیر و جۆن لۆك)ی بەرهەم هێناوە و، لەم دوو نامەیەدا ئایین وەك باوەڕی تاکەکەس و بەکارهێنانی ئایین وەك سیاسەت و گەیشتن بەدەسەڵات لێك جیاکراوەتەوە، هەربۆیە ڤۆلتیر ئاماژە بەوە دەکات ئامادەیە لەسەر بۆچوونی بەرامبەر، خۆی بدات بەکوشت چەند لەگەڵی جیاواز بێت. هەروەها جۆن لۆك ڕاشکاوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەگەر ئایینی کریستیان ئەو پەیامە بێت کە حەزرەتی مەسیح وەك پەیامی برایەتی و لێبوردەیی لەپەروەردگارەوە پێی گەیاندووین، ئەوا جۆن لۆك دەڵێت من لەهەموان کریستیانترم، بەڵام ئەگەر ئەو تەفسیرە بێت کە کەنیسە لەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتی خۆیدا دەیکات، ئەوا من دژی ئەو تەفسیرەم، ئەمە پێمان دەڵێت بەهای ئایین لەناو پرۆسەی دیموکراتی لەهەرە بەها بەرزەکانە و هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە ڕێز لەبەها ئایینییەکان نەگرێت.

لەم لایەنەوە کە سەیری کێشەکە دەکەین، هەست دەکەین کێشەکە بەو جۆرە نییە ئەو پرسیارە بوروژێنرێت، ئایا ئایین و دیموکراتی پێکەوە دەگونجێن(ئەوجا ئایینەکە هەر ئایینێك بێت)؟ بەڵکو کێشەکە ئەوەیە ئایا بە بەکارهێنانی سیاسیانەی ئایین دیموکراسی بوونی دەبێت؟ بۆیە مەترسی لەو خاڵەدا نییە چۆن بەمیکانیزمەکانی دیموکراتی ڕێز لەئایین دەگیرێت، بەڵکو مەترسیەکە لەوەدایە چۆن بەبەتێڕوانینی ئایینی بەسیاسیکراو ئامرازەکانی دیموکراتی بەکار دەهێنرێت بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، بۆیە کاتێك لایەنە سیاسیە ئیسلامیەکان دیموکراتی وەك داهێنراوێکی ڕۆژئاوا پێناسە دەکەن و پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن، ئیسلام و دیموکراتی پێکەوە ناگونجێن، ئەوا ترسیان لەسەر ئیسلام نییە، لەبەر ئەوەی زۆربەی سەرکردە سیاسیەکان لایەنە ئیسلامیەکان مافی پەنابەری وڵاتانی دیموکراتی ڕۆژئاوایان هەیە و سوودیان لەژینگەی سیاسیی ئەو وڵاتانە وەرگرتووە بۆ کارو چالاکیەکانی خۆیان، بەڵکو ترسەکەی ئەوان لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دیموکراتی ڕێگە نادات ئایین بۆ مەبەستی سیاسیی بەکاربهێنرێت، ئەمەشە وادەکات حزب و لایەن و گروپە سیاسیە ئیسلامیەکان، کاتێك باسی دیموکراتی دەکرێت، پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن،

**مەترسی لەو خاڵەدا نییە چۆن بەمیکانیزمەکانی دیموکراتی ڕێز لەئایین دەگیرێت. بەڵکو مەترسیەکە لەوەدایە چۆن بەتێڕوانینی ئایینی بەسیاسیکراو ئامرازەکانی دیموکراتی بەکار دەهێنرێت بۆ گەیشتن بەدەسەڵات**

دیموکراتی بەکەڵك نایەت و تەنیا ئیسلام چارەسەرە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئیسلام چارەسەرە؟ ئایا مرۆڤەکان چۆن ئەم چارەسەرە بەکاردەهێنن بەڕێگەیەکی ئەقڵانی و دوور لەتوندوتیژی و خۆسەپاندن؟ کەواتە بەکارهێنانی ئیسلام چارەسەرە بۆ کێشەکان، ئەوە مانای ئەوەنییە حزبێکی سیاسی ئەم چارەسەرە بسەپێنێت، بەڵکو مانای ئەوەیە خەڵك ئەم چارەسەر دیاری بکات و حزبە سیاسیەکان وەك داواکاری خەڵك ئەو چارەسەرە جێبەجێ بکەن، لەم حاڵەتەشدا حزبە سیاسیەکان ئیسلامی بن یان عەلمانی یان لیبرالی یان چەپ، ناتوانن لەو چارەسەرە ئیسلامیە خۆیان خافڵگیر بکەن کە خەڵك داوای دەکات، بەڵام مەترسی سەرەکی کە حزبی ئایینی بەسیاسیی کراو لەکۆمەڵگە دروستی دەکات، ئەوەیە کاتێك هەر حزبێکی سیاسی ئایین دەکاتە



**مەترسی سەرەکی کە حزبی ئایینی بەسیاسیی کراو لەکۆمەڵگە دروستی دەکات، ئەوەیە کاتێك هەر حزبێکی سیاسی ئایین دەکاتە توخمێك بۆ هەڵسوڕانی بەرنامەی سیاسیی خۆی، هەوڵدەدات خەڵك بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە مل پێکەچ بکات**

توخمێك بۆ هەڵسوڕانی بەرنامەی سیاسیی خۆی، هەوڵدەدات خەڵك بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە مل پێکەچ بکات، ئەمەش ڕاشکاوانە دەبێتە پێچەوانەی چەمکی حزب لەکۆمەڵگەی دیموکراتی کە پێویستە ڕەنگدانەوەی داواو ویستی خەڵکەکە بێت، نەك حزبی سیاسی داواو ویستی خەڵك دیاری بکات، یان بیکاتە فەرمانی ئاسمان یان پەروەردگار، بۆیە لەم حاڵەتەدا مەسەلەکە لەوە دەردەچێت کە پێوەندی بەئایینەوە هەبێت، بەڵکو مەسەلەکە دەبێتە ئەوەی چۆن دەگەیتە دەسەڵات و چۆن کە گەیشتیە دەسەڵات یاری بەپرانسیپەکانی دیموکراتی دەکرێت، بۆیە ئەگەر ئەملایەنە گرێبدەینەوە بەگۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی و سەرکەوتنی پارت و تەیارە ئیسلامیەکان لەڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە، ئەوا هەست دەکەین گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی کۆمەڵێك مەسەلەی تازەی نەك تەنیا لەسەر ئاستی عەرەبی، بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هێناوەتە ئاراوە، ئەم مەسەلە تازانەش بۆ پسپۆران و چاودێرانی تایبەتمەندیش تاڕادەیەکی زۆر قورسن کە بتوانن بەئاسانی چاودێری بکەن و مەزندە بۆ بەرەو پێشەوەچوون و ئاسۆکانی ئەم گۆڕانکارییانە بکەن، هۆکاری سادەش بۆ ئەمە ئەوەیە، لەدەسپێکی ڕاپەرین و شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبیدا دروشمەکانی ئازادی و ماف، دروشمی سەرەکی خەڵکی ڕاپەریووی ناوەندەکانی تەحریر بوون، هەر ئەم دروشمانەش بوونە هۆکاری ئەوەی بڵێسەی ئەو ڕاپەرینانە فراوان بێت و ڕژێمەکان بڕووخێنن، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمەکان بەماوەیەکی کەم و دەسپێکی هەڵبژاردنەکان دیمەنێکی دیکە هاتە ئاراوە کە ئەویش گەیشتنی حزب و تەیارە ئیسلامیەکان بوو بەدەسەڵات، ئەمەش وەك ئێستا دەیبینین لەتونس و میسر و لیبیا و مەزندە دەکرێت لەسوریا دوای ئەسەد و یەمەن و دواتریش لەبەحرەین ئەم سیناریۆیانە دووبارە ببنەوە، هەروەك چۆن ئێستا لەمەغریب و ئەردەنیش هەردوو

**پاشگەزبوونەوە لەوەی محەمەد مورسی دەبێت لەبەردەم پەرلەماندا سوێند بخوات، نەك ئەنجومەنی سەربازی، ئەمە مەترسیەکی گەورەیە و ڕووبەڕووی هەموو ئەو وڵاتانە دەبێتەوە کە بەم گۆڕانکاریانەدا تێدەپەڕن**

حزبی ئیسلامی تێکەڵاوی دەسەڵات بوون، بۆیە ئەو پرسیارەی لەم چوارچێوەیەدا خۆی دەخاتە ڕوو ئەوەیە، ئایا دوای ڕووخانی ڕژێمەکانی پێشوو، دەوڵەتانی عەرەبی چۆن بونیاد دەنرێنەوە؟ ئایا لەسەر بنەمای دەوڵەتێکی مەدەنی یان ئیسلامی سیاسی دەیکاتە دەوڵەتێکی ئایینی؟ ئەو ترسەی لەڕیزەکانی دەستەبژێری سیاسیی و فیکری لەمبارەوە دروست بووە، ترسێکە لەجێگەی خۆیەتی، ئەمەش لەو کاتەوەی لەمەلاوە دەنگ بەرز دەبێتەوە بەوەی دووبارە خەلافەت زیندوو بکرێتەوە..





ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بۆ مێژووی ڕێکخراو و گروپە ئیسلامیەکان بگەڕێینەوە، هەست دەکەین ئەو ڕێکخراو و گروپە ئیسلامیانەی لەکۆتایی سەدەی نۆزەد و هەتا نزیکی سییەکانی سەدەی بیستەم دروست بوون، کارەکانیان لەچوارچێوەی کاری خێرخوازی و پەروەردەیی و بانگخوازی سنووردار بووە، ئەوان ئامانجیان ئەوە نەبووە دەسەڵات بگرنە دەست، ئەمە بێجگە لەچەند بنەماڵەیەك کە ئایینیان بەخۆیانەوە لکاندووە وەك بنەماڵەی ئالسعود لەسعودیە و سنوسیەکان لەلیبیا، مەهدی لەسۆدان، بەڵام ئەم ئاراستەیە لەدوای دروستبوونی ئیخوان موسلمین لەمیسر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و پاشانیش ئەم فیکرەی ئیخوان بەوڵاتانی دیکەی عەرەبی بڵاو بووەوە و کاری ڕێکخراوە ئیسلامیەکانیش لەکاری خێرخوازی و بانگخوازییەوە بۆ بەئامانجی گەیشتن بەدەسەڵات، ئەمەش مانای ئەوەیە گروپەکانی ئیخوان موسلمین پێیانوایە بەڕێگەی گەیشتن بەدەسەڵاتەوە نەبێت ئامانجە سیاسیەکانیان نایەتەدی،

**ئەم حکومەتانەی بەم دواییە لەوڵاتانی عەرەبیدا پێکهاتن ناتوانن ئایینی و دیموکراسی بن، بەڵام-کارێکی باش دەکەن- ئەگەر هەوڵنەدەن ئەو تێڕوانینە ئایینییە و شێوازە ئایینییەی خۆیان بەسەر ئەو خەڵکانە بسەپێنن کە بۆچوونی جیاوازیان هەیە**

هەربۆیە دوای نزیکەی شەست ساڵ لەخەباتی نهێنی و گرتن و ئەشکەنجەدان، بەهاری عەرەبی جارێکی دیکە خەونی دەسەڵاتی لای ڕێکخراوەکانی ئیخوان موسلمین زیندوو کردەوە، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش ئەمجارە ڕێگەی سندوقی دەنگدانیان تاقی کردەوە، ئەو هۆکارانەی بوونە هۆکاری ئەوەی حزب و تەیارە ئیسلامیەکان بگەنە دەسەڵات زۆرن، لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین:

١- لەناو ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیدا سەرکردەی کامڵ نەبوون بتوانن ئاراستەی شۆڕش و ڕاپەرینەکان بگرنە دەست.

٢- سەرکردەکانی ئیخوان و گروپە ئیسلامیەکانی دیکە ئەزموونیان لەکاری میللی و جۆشدانی جەماوەری هەبووە.

٣- لەبەر ئەوەی لەسەردەمی ڕژێمەکانی پێشتر سەرکردەی ڕێکخراوە ئیسلامیەکان ڕووبەڕووی گرتن و ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوە ببوونەوە، بۆیە لەبەهاری عەرەبیدا ئەم دیاردەیە بووە پێدانی شەرعیەتێکی شۆڕگێڕانە بۆ ئەو سەرکردانە.

٤- لەو وڵاتانەی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی تیایدا ڕوویدا، بەهۆی ئاستی بەرزی گەندەڵی لە ڕژێمەکانی پێشوو ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی تێکشکابوو، ئەمەش جۆرێك لەمتمانەی بەخشیوە بەو ڕێکخراوانە کەپێشتر ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنیان گێڕاوە.

٥- ڕێکخراوە سیاسیە ئیسلامیەکان، خاوەنی ئەزموونێکی گەورەبوون لەچۆنییەتی کێڵانی خاکی بەپیتی ئاییندا و چاندنی ئەو تۆوەی کە خزمەتی ئامانجەکانیان دەکات.

٦ - لاوازی تەیاری قەومی عروبی، لەبەر ئەوەی ڕژێمەکانی پێشتر دروشمی قەومی عروبیان بۆ پاراستنی ڕژێمەکانیان بەکار هێنابوو، هەروەها لاوازی تەیاری چەپ کە زیاتر خۆیان بەتەنزیرەوە سەرقاڵکردبوو لەخەڵك دوور کەوتبوونەوە.

هەموو ئەم خاڵانە و چەندین خاڵی دیکەش بوونە هۆکاری ئەوەی حزب و تەیارە ئیسلامیەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنن، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر شۆمەر تۆفیق لویس ئەلیاس ئوستادی زانستی سیسیۆلۆژی لەزانکۆی فیلادلفیا کرد و لەوەڵامدا سەبارەت بەسەرکەوتنی حزب و تەیارە ئیسلامیەکان بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و گووتی: (ئەمە پرسیارێکی گرنگە و بۆ وەڵامەکەی دەبێت بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، کە چۆن لەماوەی پەنجا بۆ شەست ساڵی ڕابردودا حکومەتە نادیموکراتیەکان و چینی حکومڕانی وڵاتانی عەرەبی مامەڵەیان لەگەڵ پارتەکان و لەگەڵ ئیسلامیەکاندا کردووە. کاتێك پارتە سۆشالیستیەکان، یاخود نەتەوەییەکان بەهۆی چالاکیە سیاسیەکانیانەوە سەرکوتکران و دەرگا والاکرا بۆ ئەوەی ئیسلامیەکان باڵادەستبن

**ئەگەر تەنیا ڕێگای پاراستنی دیموکراسی ئەوەبێت ڕێگە لەڕێکخراوترین پارتی سیاسی بگریت، کە پشتیوانی لەسەدا ٢٠ تاوەکو ٢٥ و ٣٠ی خەڵکەکەی بەدەستهێناوە، مانای وایە هەرگیز خاوەنی دیموکراسی نیت**



و ئازادانە کار بکەن، ئەمەش بەمانای ئەوە هات ئیسلامیەکان پەنجا ساڵ بوو سەرقاڵی پەرەپێدانی تواناکانی خۆیان بوون بۆ ئەوەی ئەم توانایەی خۆیان لەو گۆڕانکاریە نیمچە دیموکراسیە بەکاربهێنن کە لەهەندێ وڵاتدا ڕوویانداوە. لەڕاستیدا ناکرێت ئەو گۆڕانکاریانەی بەهۆی ڕاپەڕینەکانەوە(کە من پێی ناڵێم بەهاری عەرەبی، بەڵکو بەڕاپەڕین ناوی دەبەم) لەوڵاتانی عەرەبیدا ڕوویاندا بەدیموکراسی ڕاستەقینە وەسفبکرێن، لەبەر ئەوەی نابنەهۆی گۆڕینی ڕژێمەکە، بەڵکو تەنیا کەسی دەسەڵاتدار دەگۆڕن، ئەوەش ئاشکرایە ئیسلامیەکان سەفقەیەکیان لەگەڵ ئەمریکادا کردووە بۆ بەردەوامیدان بەو سیاسەتانەی لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردودا لەوڵاتانی عەرەبی پیادەکراوە، واتە بۆ درێژەدان بەسیاسەتی دەرەوە و دۆخی ئابووری ئەو وڵاتانەی تێیدا سەرکەوتوو بوونە بەچەشنێك ببنەهۆی پاراستنی بەرژەوەندی ئەمریکا لەناوچەکەدا. هۆکاری ئەمە- باڵادەستی ئیسلامیەکان- بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە پارتەکانی دیکە لاوازن یا بێ جەماوەرن، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە ئەو پارتانە لەماوەی ڕابردودا سەرکوتکران و ئیسلامیەکان ئازادبوون لەجوڵە و چالاکیەکانیاندا، ئەگەرچی لەمیسردا بارودۆخەکە بەو شێوەیە نەبوو، بەڵکو بەهۆی سروشتی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە لەمیسر توانیان وەك پارتێکی ئیسلامی سەرکەوتووبن. خاڵێکی دیکە دەبێت ئاماژەی پێبکەین، ئەوەیە پارتە ئیسلامیەکان تەنیا وەك پارتی سیاسی کاریان نەکردووە، بەڵکو وەك ڕێکخراوێکی خێرخوازیش، عیادەی پزیشکیان کردۆتەوە و قوتابخانەیان دروستکرووە و پارەیان بەخەڵکی هەژار داوە. لەلایەکی دیکەوە ئەوان پەنا بۆ ئایین دەبەن و ئایین بەکاردەهێنن. ئەگەر لەئەزموونی میسر بڕوانین، ئەوا لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەدا، کە یەکەم هەڵبژاردنی دوای پرۆسەی بەدیموکراتیکردنی میسر بوو، خەڵکی دەرفەتی ئەوەیان نەبوو بیر لەوە بکەنەوە چۆن کاربکەن، بەڵام لەجەولەی یەکەم هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەدا تەنیا لەسەدا ٢٥ی خەڵکی میسر دەنگیان بەئیخوان موسلمین دا، پێموایە ئەمە حاڵەتەکەیە لەهەموو وڵاتانی ناوچەکەدا، واتە تەنیا لەسەدا ٢٠ی خەڵك پشتیوانی لەئیسلامیەکان دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیسلامیەکان لەسەرجەم پارتەکانی دیکە ڕێکخراوترن، ئەوا بەو لەسەدا ٢٥ەوە دەسەڵات دەگرنەدەست. بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی بەسروشتی خۆیان خەڵکێکی ئایینین، بێ ئەوەی لەئاکامە سیاسیەکانی ئەم هەڵبژاردنەیان تێبگەن-پشتیوانیکردنیان لەپارتە ئیسلامیەکان- لەبەر ئەوە پێموایە بەتێپەڕبوونی کات ئیسلامیەکان زۆرێك لەو پشتیوانییە لەدەست دەدەن کە لەناوچەکەدا هەیانە، ئەویش کاتێك

**بەتێپەڕبوونی کات ئیسلامیەکان زۆرێك لەو پشتیوانییە لەدەست دەدەن کە لەناوچەکەدا هەیانە. ئەویش لەبەر ئەوەی بە بەراورد بەڕژێمە کۆنەکە هیچ شتێکی نوێیان نییە جێبەجێی بکەن**


سیاسەتەکانیان جێبەجێ دەکەن، لەبەر ئەوەی بە بەراورد بەڕژێمە کۆنەکە هیچ شتێکی نوێیان نییە جێبەجێ بکەن، بەڵکو درێژە بەهەمان بارودۆخی ئابووری دەدەن، لەبەر ئەوە هیچ شتێك ناگۆڕن و ئەو خەڵکانەشی دەنگیان بۆ داون جارێکی دیکە دەنگیان پێنادەنەوە، لەبەر ئەوەی هیچ شتێك ناگۆڕن و هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەمە ڕاپەڕینە و شۆڕش نییە، چونکە بارودۆخی سیاسی و ئابووری وڵاتەکە ناگۆڕن)).

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە تاچەند ئەم حزب و تەیارە سیاسیانەی بەمیکانیزمەکانی دیموکراتی دەگەنە دەسەڵات، ئایا پاش گەیشتنیان بۆ دەسەڵات دیموکراتی دەپارێزن وەك حزبە کریستیان دیموکراتەکانی ئەوروپا، لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان، پرۆفیسۆر شۆمەر گووتی: (دیموکراسی وشەیەك نییە بکرێتە پاشگری ناوی پارتێکی سیاسی، دیموکراسی پرۆسەیە، پارتە مەسیحیەکانی ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ نەبوونە پارتێکی دیموکراتی، بەڵکو ئەوە ئەنجامی دوو سەد ساڵ لەدیموکراسی بوو، ئێمە دەزانین شۆڕش لەئەوروپا لەسەدەی هەژدەدا ڕوویدا، لەکاتێکدا پارتە مەسیحیە دیموکراتیەکان لەسەدەی بیستدا دروستبوون، واتە دوای دووسەد یان سەد و پەنجا ساڵ لەبەدیموکراتیکردن، پارتە مەسیحیەکان دروستبوون. ئێمە لێرەدا باس لەدیموکراسی دەکەین، نەك هەڵبژاردن، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان دیموکراسی و هەڵبژاردن، هەروەها ئازادی ڕادەبڕین و ئازادی بەرەنگاربوونەوەی دەستێوەردانی دەرەکی، و ئازادبوون لەبیروبۆچوون بێ ئەوەی ترسی ئەوەت هەبێت نەك لەلایەن

دەوڵەتـــەوە، بەڵکـــو لەلایەن پارتەکانیشـــەوە ســـەرکوت نەکرێیت، چونکە پارتە ئوسوڵیەکان ئەو خەڵکانەیان ســـەرکوتدەکرد کە هاوڕانەبوون لەگەڵیاندا لەڕاڤەکردنی ئیســـلامدا، ئێ باشە ئەگەر ئەمە مامەڵەیان بێت لەگەڵ موسڵمانێکدا کـــە بۆچوونی جیـــاوازی هەیە لـــەوان، ئەی چۆن مامەڵە لەگەڵ کۆمۆنیستێکدا، لەگەڵ سۆسالیســـتیدا، لەگەڵ قەومیەکـــدا دەکەن؟ کەواتە ئەمە دیموکراســـی نییە و دیموکراسی پرۆسەیە و وشەیەك نییە، بەڵکو دەبێت سەرجەم کۆمەڵگـــە بەپرۆســـەی بەدیموکراتیکردنـــدا بڕوات. هەڵبژاردن تەنیا بەشێکی دیموکراسیە، چونکە ئەمـــە دیموکراســـی کۆمەڵایەتی و دیموکراســـی ئابووری و تەنانەت دیموکراسی سیاسیش لەخۆناگرێت، بەڵکو تەنیا دیموکراسی هەڵبژاردن هەیە و ئەمەش دیموکراســـی نییە. لەبەر ئەوە ناکرێت پارتە مەســـیحیەکان بەراورد بکرێن بەپارتە ئیســـلامیەکانی کۆمەڵگەکانی ئێمـــە، بڕوانە چـــۆن مامەڵە لەگـــەڵ پارتە عەلمانییەکانـــی تونســـدا دەکرێـــت، هەروەها لەمەغریب خەڵکانێك ســـەرکوت دەکرێن لەبەر ئـــەوەی مومارەســـەی ئـــازادی بیروبۆچوون دەکەن، بەڵام ئەمە بەکوفرکردن دادەنرێ، بڕوانن چی لەمیســـردا ڕوودەدات، بزانن چی لەسوریا ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی تەنیا موســـڵمان نیت دەکوژرێیـــت، یان هەر عەلەویـــەك دەکوژرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی ســـوننە نییـــە.. بۆیە من پێموایە دەبێت دەوڵەت لەئایدۆلۆژیا جیابکرێتەوە، لەئایدۆلۆژیای ئایینی، پێموایە بەسیاسیکردنی ئایین لەهیچ وڵاتێکدا سوودبەخش نییە. با بۆ مێـــژوو بگەڕێینەوە، ئەوان دەڵێـــن دەمانەوێت دەوڵەتی ڕاشـــدیەکان، یان دەوڵەتی ئیسلامی پێکبهێنیـــن، بـــەڵام لەسەرتاســـەری مێژوودا دەوڵـــەت دەوڵەتێکی عەلمانی بووە، لەمێژووی مۆدێرنیشدا، لەســـەردەمی هارون ڕەشید، یان ئەبو جەعفەر مەنســـور، وەزیـــری یەکەم یان سەرۆك وەزیران مەســـیحی بووە، هەندێ جار زۆربـــەی وەزیرەکانی حکومەت جولەکە بوونە، کەواتە لـــەو ڕووەوە دەوڵەتێکی ئایینی نەبوو، ڕاســـتە دەوڵەتێکی عەرەبی ئیســـلامی بوو، بەڵام دەوڵەتێکی ئایینی نەبوو بەو شـــێوەیەی باســـی لێوەدەکرێت لەئێســـتادا...لەبەر ئەوە من هاوڕانیـــم لەگەڵ گۆڕینـــی دەوڵەت بۆ دەوڵەتێکی ئایینی، قەناعەتم وایە دەبێت ئایین لەدەوڵەت جیابکرێتەوە)).

### حزبە سیاسیە ئیسلامیەکان لەڕوانگەی مەفهومی دیموکراتیەوە

ئێستا ترسی گەورەی ڕۆشنبیران و دەستەبژێر لەوڵاتانی عەرەبی ئەوەیە ئەم ڕەوتە ئیسلامیە سیاسیانە، لەهەوڵی ئەوەدابن دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای دەوڵەتـــی ئایینیی بونیاد نەنێن، بۆیە ئەگەر ئەم هەنگاوەی ڕەوتە سیاسیە ئیسلامیەکان فێڵێك بێت بە بەکارهێنانـــی میکانیزمەکانی دیموکراتی بگەنە دەسەڵات و دوای گەیشتنە دەســـەڵاتیش دەوڵەتـــی مەدەنـــی بگۆڕن بۆ دەوڵەتی ئایینی، سەبارەت بەم لایەنە کە چەند مانگێک لەمەوپێـــش لەدیمانەیەکی تایبەتدا ئەم پرســـەمان ڕووبەڕووی بیرمەندی گەورەی عەرەب محەمەد سەبیلا کردەوە، ئەو لەوەڵامی گوڵاندا ئاماژەی بەوە کـــرد، دەبێت چاوەڕێ بکەیـــن بزانین تاچەند ئەم ڕەوتە ئیســـلامیانە دەتوانن خۆیـــان لەگەڵ مەفهومی دیموکراتی بگونجێـــن، بۆ ئـــەم ڕاپۆرتەش پرســـیارمان لەپرۆفیســـۆر عیمادەدین ئەحمەد ســـەرۆکی سەنتەری منارە بۆ ئازادی (minaret of freedom institute) کـــرد و ئەویش لەوەڵامی ئەم پرســـیارەدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتـــە ئاخاوتـــن و گووتـــی: (بۆچوونی من لەسەر ئەم پرسە پشت بەدوو ڕوانگە دەبەستێت، یەکەمیان بەهۆی پێوەندیەکانمەوە لەناوچەکەدا ئاگاداری بارودۆخەکەم، دووەمیشـــان پشـــت دەبەستێت بە ڕاپرســـیەکانی دەزگای گالۆپ لەناوچەکەدا، ئەم دوو بۆچوونە یەك مەســـەلە پشتراســـت دەکەنـــەوە، ئەویـــش ئەوەیـــە لەم وڵاتانـــەدا دوو تەوژم و ئاڕاســـتە هەن کە زۆر بەیەکداچوونە، لەلایەکەوە ئارەزوویەك هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەت لەســـەر بنەمای ئایین و لەلایەکەوە خواســـتی دیموکراسی هەیە، بەڵام بـــە ئەندازەیەك ئـــەم بەیەکداچوونە کە زۆرێك لەعەلمانییەکانـــی ڕۆژئاوا ناتوانن جیاوازیەکە بەدی بکەن و لەڕەگ و ڕیشەی قووڵی ئایین



**شۆمەر تۆفیق لویس بۆ گوڵان:**

**ناکرێت ئەو گۆڕانکاریانەی بەهۆی ڕاپەڕینەکانەوە لەوڵاتانی عەرەبیدا ڕوویاندا بەدیموکراسی ڕاستەقینە وەسفبکرێن**

لەم وڵاتانـــەدا تێناگەن، ئەگەر دیموکراســـی مانای حکومڕانی زۆرینـــە بێت، نابێت جێی سەرســـوڕمان بێت پارتە ئیســـلامیەکان زاڵبن بەسەر حکومەتدا، لەبەر ئەوەی زۆرینەی خەڵك خەڵکانێکی ئایینین. بەڵام من بەحەزەرەوە گەشبینم و پێموایە پارتە سیاسیە ئیسلامیەکان، بەتایبەتی ئەو پارتە ئیســـلامیانەی لەڕواڵەتدا لیبراڵن، باشـــترین ئومێدن بـــۆ دامەزراندنی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، من لەمەترسی سروشـــتی گەندەڵکاری دەسەڵات کەمناکەمەوە، چونکە مەترسیەکی گەورە هەیە کە هەر کاتێك دەسەڵاتیان گرتەدەست لەکاری گەندەڵکاریـــەوە تێوەبگلێن، بـــۆ نموونە ئەگەر تورکیا وەك مۆدێلێـــك وەربگرین، دەبینین کە پارتی داد و گەشەپێدان یەکەم پارتی سیاسی بـــوو هەوڵیدا مافەکانی مرۆڤ لەیاســـاکانی تورکیا بچەسپێنێت بۆئەوەی شایستەی ئەوەبێت لەیەکێتی ئەوروپادا وەربگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئـــەوە بەدی دەکەین چۆن ڕۆژنامەنووســـەکان دەگیرێـــن، کە ئەگـــەر ئەمـــە لەئەمریکادا ڕوویبدایە، هەڵایەکی گـــەورەی لێدەکەوتەوە. هەروەها ئەگەر لەمیســـر بڕوانین، ئەوا هەموو بەڵێنەکانی پارتی دادو ئازادی بەئاڕاســـتەی زیادکردنی دیموکراسی و لیبراڵی و مافەکانی مـــرۆڤ و بازاڕی ئـــازاد بوونە، بەڵام ئەگەر ســـەیری ئەو بڕیارانە بکەین کـــە لەمەودای کورتدا دەریان کردووە، ئەوەیان لێبەدی دەکەیت ئامـــادەن خەون و خواســـتەکانی شۆڕشـــەکە بکەنە قوربانی چەســـپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لەگۆڕەپانی سیاسیدا، بۆ نموونە ئیخوانەکانی میســـر بڕیاریاندابـــوو هیـــچ کاندیدیکیان بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری میسر نەپاڵێون، بەڵام وەك دەبینین پاڵاوتیان ئەمەش پاشگەزبوونەوە، هەروەها پاشگەزبوونەوە لەوەی محەمەد مورسی دەبێت لەبەردەم پەرلەماندا سوێند بخوات، نەك ئەنجومەنی سەربازی، کەواتە ئەمە مەترسیەکی گەورەیـــە و ڕووبەڕووی هەمـــوو ئەو وڵاتانە دەبێتەوە کە بەم گۆڕانکاریانەدا تێدەپەڕن. بۆیە مەسەلەکە هاودژی نییە لەنێوان پارتە ئیسلامیە سیاســـیەکان و دیموکراتی، بەڵکو مەسەلەکە بەلێدان و پاشـــگەزبوونەوەیە، بۆ نموونە ئەوەی پێیـــان دەووترێت ســـەلەفیەکان، لەمیســـردا- ئەگەرچی ئەمە مایەی سەرســـوڕمانی زۆر کەس بوو- نزیکەی یەك لەسەر چوای دەنگەکان و کورسیەکانیان هێنا، بەم شێوەیە بوونە هیزێك بتوانن پارسەنگیەکە بەلایەکدا بشکێننەوە، ئەوان پتر پابەندن بەتەفســـیری وەهابیەوە بۆ ئیسلام و دەیانەوێت ئەمە بەســـەر میســـردا بسەپێنن، نەك تەنیا بەســـەر موسڵمانەکان کە تەفسیری جیاوازیان هەیە بۆ ئیسلام، بەڵکو بەسەر غەیرە

موسڵمانەکانیشەوە. ئەگەر لەمێژووی ئەمریکا بڕوانیـــن، ئـــەوا زۆرێك لەپارتە سیاســـیەکان خەلفیەتێکی ئایینی بەهێزیان هەبوو، بزووتنەوەی دژە کۆیلایەتی....ئەم بزووتنەوانە ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆ ئایین جۆشـــدەریان بوو، واتە لەلایەن کەســـایەتیە ئایینییەکان باڵادەستبوون، تەنانـــەت بزووتنەوەی مافـــە مەدەنییەکانیش لەساڵانی شەستەکاندا، بۆ نموونە مارتن لۆسەر کینگ، کەواتە نابێت چاوەڕێی جیاکردنەوەی ئایین لەبزووتنەوەی سیاسی بکەیت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کاتێك پارتێکی سیاسی لەدەسەڵاتدا دەبێت خۆی بەخزمەتکار و نوێنەری ســـەرجەم خەڵك دەزانێت، یاخود خۆی بەنوێنەری هەندێ گروپـــی ئایینـــی کۆمەڵگە دەزانێـــت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئەم حکومەتانەی بەم دواییە لەوڵاتانی عەرەبیدا پێکهاتن ناتوانن ئایینی و دیموکراسی بن، بەڵام-کارێکی باش



**عیمادەدین ئەحمەد بۆ گوڵان:**

## ئەگەر دیموکراسی مانای حکومڕانی زۆرینە بێت، نابێت جێی سەرسوڕمان بێت پارتە ئیسلامیەکان زاڵبن بەسەر حکومەتدا

دەکەن- ئەگەر هەوڵنەدەن ئەو تێڕوانینە ئایینییە و شێوازە ئایینییەی خۆیان بەسەر ئەو خەڵکانە بســـەپێنن کە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، ئیتر ئەو کەســـانە لەئایینێکی دیکە بن، یاخود سەر بەهەمان ئایین بن بەڵام تەفســـیری جیاوازیان هەبێت بۆ ئایینەکە)).

ئەوەی پرۆفیســـۆر عیمادەدین ئاماژەی پێکرد ترسی پاشگەزبوونەوەی ئەو لێدوان و بەڵێنانەیە کە ئەو لایەنانەی وەك ئیخوان موسلمین دەیدەن و دواتر پاشـــگەز دەبنەوە، بۆیە لەم ڕاســـتەوە قسەکەی محەمەد ســـەبیلا ڕاست دەرچوو کە بەگوڵانی ڕاگەیانـــد بزانین تاچەند ئەم ڕەوتە ئیســـلامیە سیاسیانە خۆیان لەگەڵ مەفهومی دیموکراتی دەگونجێنن، سەبارەت بەم لایەنەش، هەربۆیە سەبارەت بەوەی خەڵك چۆن دەنگی بەم لایەنە ئیسلامیە سیاسیانە داوە، لەکاتێکدا ئەوان ڕێـــژەی ٪٢٠ زیاتری دەنگدەر پێکناهێنن؟ ئەم پرسیارمان ڕووبەڕووی پرۆفیسۆر مارك تیسللر کرد ئوســـتادی زانستی سیاســـەت لەزانکۆی میشـــگان و تایبەتمەند لەســـەر سیاســـەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و گووتی: (سەبارەت بەدەنگدان بەلایەنە ئیســـلامیە سیاسیەکان، هەندێ کەس تەفزیلی پارتە ئیســـلامیەکان دەکەن و هەندێ کـــەس تەفزیلیان ناکەن، بەڵام دەنگیشـــیان بۆ دەدەن، لەبەر ئەوەی پێیانوایە ئەوان ڕاستگۆترن، یاخود لەبەر ئەوەی تۆمارێکی باشیان لەبواری کاری موعارەزەدا هەیە، بۆ نموونە تونس و میسر و تا ڕاددەیەك لەمەغریـــب، واتە تا ڕاددەیەك خاوەنی میســـداقیەت و شەرعیەت بوونە لەبەر ئەوەی بەشێك بوونە لەموعارەزە. کەواتە هەندێ کەس دەنگیان پێدان، لەبـــەر ئەوەی هاوڕابوون لەگەڵیاندا، هەندێ کەســـی دیکە ئەگەرچی هاوڕانەبوون، بەڵام دەنگیان پێدان لەبەر ئەوەی پێیـــان وابوو ڕاســـتگۆن و کاری باش دەکەن. خاڵێکی دیکـــە دەمەوێت ئامـــاژەی پێبکەم، ئەوەیە دەنگدان بەم پارتانە، یاخود بردنەوەی ئەم پارتانە لەمیسر و هەروەها لەمەغریب وێنەیەکی هەڵەمان لادروســـت دەکات، لەبـــەر ئەوەی ئەم پارتانـــە باشـــتر ڕێخکراوبو و بـــۆ ماوەیەکی دوورودرێژیش بونیان هەبوو، لەبەر ئەوە توانیان خەڵکانێکی زیاتر بەشداری پێبکەن لەدەنگداندا، ئەمە لەکاتێکدا پارتە لیبراڵیەکان بەو شـــێوەیە ڕێکخراو نەبوون و هەروەها کاتی تەواویان نەبوو دوای بەهـــاری عەرەبی خۆیـــان ڕێکبخەنەوە، لەبەر ئەوە ئـــەو خەڵکانەی دەنگیاندا و چوونە بنکەکانـــی دەنگـــدان ئەو خەڵکانـــە بوون کە ڕێکخرابوون و سازدرابوون بۆ ئەوەی بەشداری بکەن، کەواتـــە لەبەشـــێکیدا هۆکارەکە ئەوەیە پشتیوانیان هەیە، لەبەشێکیشیدا ئەوەیە ئیسلام ڕۆڵێکی سیاســـی دەبینێت، بەڵام بەشی زۆری پێوەنـــدی بەهەلومەرجە سیاســـیەکەوە هەبوو. بۆیە من دەڵێم هۆکاری دیکە هەن کاریگەریان هەیە لەســـەر داڕشـــتنی بیروبۆچوونی خەڵك، هەندێ خەڵکی لەبەر ئەوە پشـــتیوانیان دەکەن، چونکە خوازیـــاری پێکهاتنـــی حکومەتێکی ئیســـلامین، هەندێ کەســـی دیکـــە پاڵنەری دیکەیان هەیە کاتێك پشـــتیوانیان لێدەکەن. ئەوە ڕاســـتە کە ئاماژەی پێدەکـــەن لەبارەی ئەوەی کێ لەمەیدانـــی تەحریر بوو لەمیســـر و کێ لەخۆپیشاندەکانی تونسدا بەشدار بوو، تەنانەت لەیەمەنیشدا، بەڵام ئەم خەڵکانە هێزێك نەبوون ڕێکخســـتنێکی باشـــیان هەبووبێت بۆئەوەی بەشـــداری لەدەنگدانەکـــەدا بکـــەن. هەروەها



**مارك تیسللر بۆ گوڵان:**

## پارتە لیبراڵیەکان بەو شێوەیە ڕێکخراو نەبوون و هەروەها کاتی تەواویان نەبوو دوای بەهاری عەرەبی خۆیان ڕێکبخەنەوە

ئیســـلامیەکان خاڵی بەهێزیان هەیە و ئەمەشە کە خەڵکی خوازیارێتی، بەڵام پێم وانییە ئەمە خواستی سەرجەم خەڵك بێت و ڕەنگە خواستی زۆرینەی خەڵکیش نەبێت، لەمیســـردا خەڵکی لەبەردەم دوو هەڵبژاردنی سەختدا بوون، لەنێوان شەفیق و مورسیدا، لەکاتێکدا دەنگدان بەشەفیق نـــەدا بەمانـــای درێژکردنـــەوەی حکومڕانی ســـەربازی بوو، لەبەر ئەوە دەنگیان بەمورسیدا، ئەگەرچـــی هاوڕاش نەبـــوون لەگەڵیدا، بەڵام لەبەدیلەکەی دیکە باشـــتر بـــوون. ئەم واقیعە دەبێت قبوڵ بکرێـــت بواریان پێبدریت بۆئەوەی بزانرێت بارودۆخەکە بـــەرەو کوێ دەچێت، خۆ ئەگەر تەنیا ڕێگای پاراســـتنی دیموکراســـی ئەوەبێت ڕێگە لەڕێکخراوترین پارتی سیاســـی بگریت، کە پشـــتیوانی لەسەدا ٢٠ تاوەکو ٢٥ و ٣٠ی خەڵکەکەی بەدەستهێناوە، مانای وایە هەرگیز خاوەنی دیموکراسی نیت. کەواتە دەبێت ڕێگا بەمە بدرێت، ئەگەرچی ئەمە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیـــاوازە. هەرچۆنێك بێت، بەدڵنیاییـــەوە خەڵکانێك هەن نیگەرانن لەبارەی ئەم مەســـەلەیە و ئەو پارتانـــەش ڕایدەگەیەنن پێویســـت بەنیگەرانـــی نـــاکات، چونکە ئەوا دیموکراســـیانە ڕەفتار دەکەن و مافی کەمینە و ئافرەتـــان دەدەن. لەبەر ئـــەوە پێموایە ئەگەر خوازیاری دیموکراســـی بین، ئەوا بەدیل نییە جگە لەوەی ئومێدی ئەوە بخوازین هاوشـــێوەی پارتە مەســـیحیە دیموکراتەکانـــی ئەورووپا بن، ئەمـــە ئەگەرێکـــە و ڕێی تێدەچێـــت، بەڵام دڵنیانین. ڕاستە نیگەران بوون لەجێی خۆیدایە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەبێت بوار بەڕووودانی بدرێت)).

# سیاسەتی پەنابەران و ئەخلاقی سیاسی

## ٢-٢

ڕێبوار سیوەیلی *

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**گرنگە ئـەم حکومەتەی ئێمە گرنگیی بدات بەو دەرگایانەی کردنەوەیـان ئاسـانە، نەک لەو دەرگایانە بدات، کە کلیلی کردنەوەیانی دەسـتناکەوێت. داڕشـتنی سیاسـەتێکی هیومانیسـتیانەی پەنابەران لـەم هەرێمـەدا، هەمیشـە کلیلێکـی حازرە بـۆ زۆر لە پەیوەندییـە دیپلۆماتـی و سیاسی و ئابووریەکان..**

لە چیرۆکیی خانمــە دانمارکیەکەوە، کە لە بەشــی پێشــووی ئەم وتارەدا گێڕامەوە، ئەوە تێگەیشــتین، کە لــە جیهانــی ئەمڕۆکەدا، پرســی ئەوانیتر پێوەندییەکی ڕیشــەیی هەیە بە پرســی ئێمەو شوناســەوە. شوناســی ئێمە لەبەر تیشــکی ئەو تێڕوانینانــەدا بۆ ئەوانیتر هەڵدەسەنگێنرێن، کە لێرە لەگەڵ ئێمە دەژین و سەردانمان دەکەن. پێوەری ئەوەی ئێمە میللەت و نەتەوەیەکــی چۆنیــن و چ بنەماگەلێکی کەلتــوری و بەهایــی، لــە کۆمەڵگاکەماندا باڵادەســتن، پەیوەســتن بە جۆری نیگاکردن و هەڵســوکەوتمانەوە لەگەڵ ئەوانیتر. ئەویتر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەدا هەر تەنیا پارســەنگی هەڵســەنگاندنی ڕەفتارە ئەخلاقییەکانی ئێمە نییە، بەڵکو پێوەری سیستەمی سیاسی و پرۆسەی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤیشە لەم کۆمەڵگایەدا.

کێ لەگــەڵ ئێمەیــە؟ ئێمە لەگــەڵ کێ ئەوەیــن کە هەین و گرنگیــی ئەوانیتــر بۆ ئێمە لە ڕووی یاســایی و سیاسی و ئاکارییەوە چییە؟

لە پۆلێنکردنێکی خێرادا، دەتوانین ســێ جۆر ئەویتر لــە کۆمەڵگای خۆماندا دەستنیشان بکەین، کە هیچ کات بەتــەواوی و لەڕیشــەدا لە ئێمە جیا نین و نەبوون. هەر لەبەر ئەوەشــە کە چەمکی (ئێمە) لە ڕووی مێژووییەوە، چەمکێکی پێکهاتەییە. (ئێمە)ی ڕووت، بەدەر لە (ئەوان) بوونــی نەبــووە و نابێت، مەگەر لە فۆرمێکی ڕەگەزپەرستانە و پاکتاوخوازانەدا، کە نمونەکانی وەك فاشیزم و نازیزم و بزووتنەوە ناسیۆنالیستیە پەڕگیرەکان و بەعسیزمی عێراق و سووریا، بەرجەستەکەری بوون. ئێمەیەك، کە دروستکەری سوپا و جەنگ و ستەمکارییە..

بۆ ئــەوەی ئێمەی ڕاســتەقینە بدۆزینەوە، پێویستە ئەوانیتر بناسین و پێگەیان لە کۆمەڵگادا دەستنیشان بکەین و دان بە مافەکانیاندا بنێین و سیاسەت و بەرنامەیەکمان هەبێت بۆ چونێتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا..



**کوردە گەڕاوەکانی هەندەران:**

ســێ جۆر پەنابەر لە وڵاتی ئێمەدا دەژین: کوردە گەڕاوەکانی هەندەران، کوردە بێگانەکان و غەیرەکورد، کە هیچکامێ لەمانە ئاسوودە نین و بوونەتە قوربانیی کەمتەرخەمییەکی سیاسی و ئیداریــی بێوێنە. بەپلەی یەکەم سیاســەتی پەنابەری لە وڵاتی ئێمەدا عەیبێکی گەورەی حکومەتی ئێمەیە لــە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کوردە گەڕاوە و دیپۆرتکراوەکانی وڵاتان. چەندین کەسانی گەنج دەناسم کە لە ساڵانی ڕابردوودا گەڕاونەتەوە، یان هێنراونەتەوە نیشتیمانەکەیان و دوایین ئازارە ڕۆحی و تراژیدیاکانی ژیانیان لێرە بەســەر هاتوون. یەکێ لە نوقســانیە هەرە دیارەکان لە دیسکۆرسی سیاسیی ئێمەدا، (کە ئەم سیاسەتە بەردەوام دەباتەوە سەر ڕەگوڕیشە پێشــمۆدێرن و خێڵەکییەکەی) ئەوەیە کە هیچ پێناسەیەك و چوارچێوەیەکی یاسایی و تیۆریکی ستاندارد نییە بۆ ئەو بوونەوەرەی ناوی پەنابەرە. هیــچ بەرنامەیەکی پێشــینەی ڕوون نییە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنی یاســایی و ئیداریی و بــۆ چۆنێتی گونجاندنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی کــە بۆ ماوەیەك ئەم وڵاتە جێدەهێڵن و پاشــان بەناچــاری یان هەڵبژاردنی خۆیان دەگەڕێنەوە وڵات. لەنیــگای کولتووری سیاســی ئێمەدا واباوە، ئەوەی نیشتیمان بەجێدەهێڵێ، بە دۆڕاو حیسابە و لەکاتی گەڕانەوەشیدا نەك پێشوازیی لێناکــرێ بەڵکو ســزای ڕۆحیی و مەعنەوی دەدرێ. کــەم دەســتەی گــەڕاوە هەبوون لە فرۆکەخانەکاندا و لەکاتی پشکنین و کۆنترۆڵدا

هەستیان بە بێڕێزی و چەوساندنەوە نەکردبێ و ژمارەی ئەو ناخۆشیانەش کە لەو شوێنانە و لەنێوان کارگوزاران و هاووڵاتیاندا دروست دەبن، کەم نەبوون. ئەمە جگە لە نەبوونی پلانێکی پێشوەخت بۆ بەگەڕخستنەوەیان لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا و سوودوەرگرتن لەو توانایی و پیشە و شێوازی ژیانەی فێری بوون و بەتەنگەوەچوون و دەستگرتنی ئەوانەیان کە پێویستییان بە دەستگیرۆیی هەیە.

حکومەتی ئێمە لە جیاتی ئەوەی بۆخۆی پێشوازیی لەو هاووڵاتیە گەڕاوانە بکات، پشتگوێیان دەخات و دەیانداتەوە دەست کولتووری خێزان و ملکەچی ژێر دەسەڵاتی باوکسالارییان دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی لە ئاکامە نێگەتیڤەکانی ئەو پشتگوێخستنە بگات بۆ کۆمەڵگاکەمان. بەبێ ئەوەی بەدواداچوون بۆ مافەکانیان بکرێ و بەبێ ئەوەی ئەو مژدانەیان بۆ بهێنرێتە دی کە پێیاندراوە ئاسانکارییان بۆ بکرێ لە نیشتەجێکردنەوەدا.

ئێمە خاوەنی وزەیەکی دیسیپلینکراو، خاوەن ئەزموون و بڕوانامەی خەزنکراوی پەنابەرانی گەڕاوەین، کە زۆر بەدەگمەن لە شایستەکانیان سوود وەگیراوە. زۆرینەی ئەوانەی دزەیان کردۆتە ناو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوە و نمونەی فەشەل و گەندەڵی بەرجەستەدەکەن و هاووڵاتیان لە حکومەت تووڕە دەکەن، لە هەندەرانیش هەر فاشیل بوون. لەناو ئەمانەدا کۆمەڵێ لە کوڕان و کچانی بەرپرسەکانی تیایە کە پۆستی دیارو کاریگەرییان دراوەتێ، وەك ئەوەی میراتگری بێت. نمونەی کوڕی کۆنە وەزیرمان هەیە بە پلەی ڕاوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیران، جگە لە ئینگلیزییەکی شەق و شڕی بازاڕیانەی بەریتانیا، کە زیاتر بۆ گفتوگۆی ناو کلەپ و گرووپەکانی لاکۆڵان بەکار دەهێنرێت، هیچیتر نازانێت. نمونەی ئەو خاتوونانەمان هەن، کە خزمی فلان و فیسارە بەرپرسن و بەهەمان نازیی دیوەخانەوە لە ئۆفیسەکانی حکومەتدا دەوام دەکەن. سەدان نمونەی کارناس و پسپۆڕیشمان هەیە، کە ناتوانن لە وڵاتەکەدا بمێننەوە چونکە پشتیوانیی بنەماڵەیی و حیزبیان نییە. چونکە لەسەرۆکایەتی حکومەت بڕیاری بوێرانە نییە بۆ نیشتەجێکردنەوەیان و خزاندنیان بۆ ناو دەزگاکان، بەتایبەتی ئەوانەی پێویستییان بە زانستە پراکتیکی و ئاماری و ژمارەییەکان و توێژینەوە و زانیاری هەیە. من هیچ حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتیەکم نەبینیوە ئەوەندەی ئەمانەی ئێمە ڕقیان لە توێژینەوە، ئامار و ڕاپرسیی و زانیاریی هەبێت. بە دڵنیاییەوە دەیڵێم: هەتا ئێستا حکومەت سەرژمێریی وردی هاووڵاتیانی نییە. نازانێت چەند شەهید، ئەنفالکراو، قوربانیی، گوندیی ڕاگوێزراو، ئاوەدانکراومان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە. نازانێت چەند نەخۆشخانە، قوتابخانە، وەرزشگا و بنکەی تەندروستی، کشتوکاڵی و ڕێنمایی کەشناسیمان پێویستە. نازانێت هەبوونی هێزی کاری ئامادەکراو، چ مانایەکی هەیە بۆ کەمکردنەوەی خەرجیی و بڕی بودجە لە بواری تواناسازیدا. ئەم نەزانییە لە لایەکەوە ئەو وزە ئامادەیە دەپووکێنێتەوە و لەلایەکیترەوە دەزگاکانی حکومەت دەکاتە مەیدانی تەراتێنی ئەوانەی بە واسیتە و مەحسووبیەت پۆستیان لەم حکومەتەدا داگیرکردووە، بەڵام ناتوانن کارا و ئەکتیڤ بن و حکومەتەکە دەکەنە نیشانەی ڕقی هاووڵاتیان..

**کوردە «بێگانەکان» و غەیرەکورد:**

دووەمین بەدبەختی لە سیاسەتی پەنابەریی ئێمەدا چۆنێتی مامەڵەکردن و ڕوانینی کۆمەڵایەتیانە و سیاسیانەی ئێمەیە بۆ ئەو هاووڵاتییە کوردانەی لە بەشەکانیترەوە ڕوویانکردۆتە ئێرە و بە تەنگ ئەو بانگەوازەوە هاتوون کە گوایە ئێرە شوێنی هاتنەدی خەونی کوردییە. ئەمانە هاوزمانە کوردەکانمانن کە ئێمە بەیاسای بێگانە و وەك هاووڵاتیی وڵاتانیتر مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین.

لە کتێبی (فەنتازیای خواردن)دا و لە وتاری (خواردنی پەنابەران)دا نووسیبووم: «کاتێ حکومەتێك بەگەڕانەوەی بۆ ئیرادەی میللەتی خۆی، یان بە بەکارهێنانی ئەو متمانەیەی میللەتەکەی پێیبەخشیوە، بڕیار دەدات دەرگا لەسەر کەسانێك ئاوەڵا بکات کە شایانی ئەوەن ژیانی خۆمانیان لەگەڵدا بەش بکەین، نەك هەر گوتویەتی ئەم وڵاتە جێگەی خەڵکانێکی دیکەیشی تێدا دەبێتەوە و ئەم خاکە بەتەنیا هی ئێمە نییە، بەڵکو گوتوشیەتی: پێویستە ئەو خەڵکانە متمانەی ئەوەمان پێبکەن، ژیانی ئەوان لەم وڵاتەدا بەدوور دەبێت لە هەر ستەمکارییەك کە یادگاریی ناخۆش بخاتەوە بیریان کە لە وڵاتی خۆیاندا بەسەریان هاتووە. وڵاتێك، یان حکومەتێك، یاخود میللەتێك، یانەکو کەسێك، کە دەرگای ماڵ و وڵات و کۆمەڵگای خۆی بۆ داڵدەدانی ئەوانیتر خستۆتە سەر پشت، نەك هەر پیشانیداوە، بوونی کەسانی دیکە لەم وڵاتەدا، بوونێکی ئاسوودە دەبێت، بەڵکو مژدەی ئەوەیشی پێداون کە ئێرە شوێنی مانەوە و پاراستنی ئەمنییەتی ئەوانە. لێرەشەوە، لە پشت هەر دەرگا کردنەوەیەکی لەو بابەتەوە، خەڵکی نیشتەجێی وڵات و هەرێمگەلێکی دیکەیشی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هانداوە تاکو لە شوێنی خۆیان هەڵکەندرێن و بێنە ئێرە. هیچ کەسێ هانا بۆ وڵات و حکومەت

**بۆ ئەوەی ئێمەی ڕاستەقینە بدۆزینەوە، پێویستە ئەوانیتر بناسین و پێگەیان لە کۆمەڵگادا دەستنیشان بکەین و دان بە مافەکانیاندا بنێین و سیاسەت و بەرنامەیەکمان هەبێت بۆ چونێتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا**

**کوردە گەڕاوەکانی هەندەران، کوردە بێگانەکان و غەیرەکورد، کە هیچکامێ لەمانە ئاسوودە نین و بوونەتە قوربانیی کەمتەرخەمییەکی سیاسی و ئیداریی بێوێنە**

**پلانێکی پێشوەخت بۆ بەگەڕخستنەوەی ئەو کوردانەی دیپۆرت دەکرێنەوە لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا بوونی نییەو لە توانایی و پیشە و ئەو شێوازی ژیانەی فێری بوون سوودوەرناگیرێت و دەستگیرۆییان ناکرێت**

**زیرەکترین قوتابییەکانی زانکۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتن و کەچی کاتێ لە خوێندن دەبنەوە کاریان نادەینێ!ئەوان لە ڕووی زانستی و میتۆدییەوە لە زۆرێك لەو پسپۆڕ و ڕاوێژکارانەی حکومەتی هەرێم دەستپاکتر و وردتر و دڵسۆزترن**

و میللەتێکی دیکە نابات، ئەگەر دڵنیا نەبێت لەوەی داڵدەی دەدرێ».

بەڵام پرسیار ئەوەیە ئێمە چۆن داڵدەی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانمان داوە؟ کوردی باکور و خۆرئاوای کوردستان هێشتا ژمارەیان کەمە، بەڵام خۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵات، کوردەکانی سنە و مەریوان و بانە و مەهابادێ، ئەوانی میاندواو و شنۆیە و سەقز و بۆکان و سەردەشتێ، کوردی گوندەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان و کوردی شارەکانیان، ماوەیەکی زۆرە لەگەڵمانن و لەنێوماندان و تێکەڵمانن. مەگەر هەر ئەوان نەبوون لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی و لە کۆڕەوی جەماوەریدا، سفرە و ئامێز و ماڵی خۆیان دەگەڵ بەشکردین و بۆ یەکەمجار ماڵی خودایان لە ماڵی عیبادەتکردنەوە کردە شوێنی حەوانەوە و بەهانەوەچوونی لێقەوماوان؟! دەبێ لە ئاست ئەواندا کەمێ شەرم بمانگرێ و لانیکەم لە گوتاری سیاسیدا ئەوەندە شەرمن نەبین لە ئاست وڵاتانی دراوسێ، (لەبەر خاتری ئەوەی کەلوپەلە نایلۆنییەکانی و شیر و ماست و بەنزین و بەستەنیە بۆگەنەکانیمان لێنەبڕێ)، ئیتر هەرچی مافی مرۆییە لەو کوردانەی بستێنینەوە، کە بەنیازی داڵدەدان و بەدوای هاتنەدی خەونەکانیان لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هاتوونەتە ئەم بەشەی وڵاتەکەوە. حورمەتی ئەوان لەوێوەیە کە لانیکەم ئەوان لە سەدەی بیستەمدا کۆڵەکەیەکی هەرەگرنگی کولتووری کوردایەتیان لە بواری مۆسیقا و شیعر و هونەرەکاندا پێکهێناوە و لە خەباتکردندا لە پێش ئێمەوە بوون و ئەمێستاکەش لە بواری زانست و پسپۆڕی و بازرگانییدا بە حەوت شەقاوان بۆڕی ئێمەیان داوەتەوە. ئەوە چ ئەخلاقێکی سیاسیە کە نەتوانیت یەك ڕۆژ لەساڵدا بەڕەسمی و وەك هاودەنگی لەگەڵ کوردەکانی ڕۆژهەڵات ڕابگەیەنی کە پێویستییەکی مەعنەوی ئەوانە؟ ئەوە چ گوتارێکی یاسایی و سیاسیی و ئیدارییە کە تۆ لە حکومەتی هەرێمدا وەك بێگانە مامەڵە لەگەڵ ئەوانە بکەیت کە بەشێکن لە خۆت؟ ئەوە چ نەریتێکی ئیدارییە کە هەفتانە و مانگانە کارتی مانەوە بەو کوردانە مۆر بکەیت کە بەشێکی زیندووی ناو کۆمەڵگاکەتن و کەچی تۆ لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجێیان دەکەیت؟ ئەوە چ نەریتێکی ئیداری و ئەکادیمی و زانستییە کە لەهەرلا مامۆستایانی کوردی ڕۆژهەڵات لە زانکۆ و سەنتەرە زانستییەکانت دوور دەخەیتەوە و بە گرێبەست نەبێ بە دەگمەن دامەزراندنی هەمیشەییان بۆ پەسەند دەکەیت و شوێنی حەوانەوە و دڵنیاییان نادەیتێ. ئەمەش لەکاتێکدا، ئەوان لە ڕووی زانستی و میتۆدییەوە لە زۆرێك لەو پسپۆڕ و ڕاوێژکارانەی حکومەتی هەرێم دەستپاکتر و وردتر و دڵسۆزترن. زیرەکترین قوتابییەکانی زانکۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتن و کەچی کاتێ لە خوێندن دەبنەوە کاریان نادەینێ!

بەبڕوای من تاکە پێوەرێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی سیاسی و کولتووریمان لە ئاست ئەو کوردە بە بێگانەکراوانەدا ئەمەیە: کەی توانیمان دەنگی سەید عەلی ئەسغەر، حەسەن زیرەك، ماملێ و خالقی، کەی توانیمان دەنگی ئازادیخوازانەی شیعری هێمنی موکریانی و ڕەنگی گوڵی سەر قاڵی و فەرشی کچانی سابڵاخ و سنە و سەقز و کەی توانیمان پەتی ملی قازی و هاوڕێکانی لە یادوەری نەتەوەیی خۆمان بسڕینەوە، ئەوکاتە بۆمان هەیە کەم لوتف و لوتبەرز و بێمننەت بین لە ئاست کوردی خۆرهەڵاتدا. بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئێمە بەو کەم لوتفی و بەپەراوێزخستنەی ئێستای ئەوان لەم بەشەی کوردستاندا، هیچمان نەکردووە لە ئاشکراکردنی ئەخلاقیی سیاسیی ترسەنۆکانە و دووڕووییمان زیاتر، کە هیچ مافێکی بۆ ئەو پەناهێندانە تیادا نییە. سەبارەت بەوەی ئەو کوردانە لە سایەی حکومەتی کوردستاندا لە چ مافێکی مرۆیی و پێویستیی ژیان بێبەشن، پێویستە خۆیان بدوێنین. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە هەبوونی سیاسەتێکی پەنابەری و مامەڵەکردنە لەگەڵ پەنابەراندا، کە لەسەر هەندێ پرانسیپی مرۆییەوە دامەزرابێ و تەئمینی لانیکەمی ئەو مافە بکات کە نەهێڵێ پەنابەر هەست بەوە بکات، پەنابەربوونەکەی سەرچاوە و هۆکاریی بێڕێزیی و شکانی گەورەیی مرۆڤانەی ئەوە. پەنابەرێتی، بەهەموو دەستکەوت و دەرئەنجامە چاوەڕوان نەکراوەکانیشییەوە، لە دنیای ئەمڕۆدا دیاردەیەکی گلۆباڵ و هەروەکچۆن ناکرێ دەرگای وڵات بەسەر ئەو کەسانەدا دابخەیت کە پێویستییان بە هاتنە ناو کۆمەڵگاکەت هەیە، ئاواش ناکرێ بەبێ ڕێنمایی و سیاسەتێکی پەنابەری چەسپاو، مامەڵە لەگەڵ پەنابەراندا بکەیت..

**ئەوە چ نەریتێکی ئیدارییە کە هەفتانە و مانگانە کارتی مانەوە بەو کوردانە مۆر بکەیت کە بەشێکی زیندووی ناو کۆمەڵگاکەتن و کەچی تۆ لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجێیان دەکەیت؟**

بەکورتی، ئەو نموونانە و نموونەی دیکەی مامەڵەکردنمان لە ئاستی گوتاری سیاسیدا، لەگەڵ ئەو پەنابەرە بێگانانەو بەتایبەتی لەگەڵ ئەو هاووڵاتیە عەرەبانەی کە عێراقمان یەکەو هەموو شتێکیترمان جیا، کە خودامان یەکە بۆخۆمان تەنیا، ئاشکرای دەکەن، کە سەرۆکی ئێستای حکومەت، بەسیرەتی هەبووە، بەڵام ئەو ترووسکاییە نەبۆتە هۆی داڕشتنی سیاسیانە و یاساییانەی دیسکۆرسێکی پتەوی سیاسەتی پەنابەران لە وڵاتەکەماندا. ڕەنگە هۆکاری هەرە سەرەکی ئەم کەموکوڕییەش خەتای پەنابەران خۆیان بێت، کە هێشتاکە نەبوونەتە بابەتێ بۆ پڕۆژەی بازرگانی و ئابووری. ئەوان هێشتا نازانن کە سەری ئەوان لە لای ئێمە هێندەی سەری گندۆرە و شووتیی عەزیز نییە و بۆ ئەوان نەك هەر پێناسەیەکی ستانداردی سیاسی و یاساییمان نییە، بەڵکو ئەوانەیان کە لە سزا ئیداریی و وشکەخولقی عێراقیانەمان ڕزگاریان دەبێ، هەمان حەقیقەتی تاڵی هەژاریی، ناعەدالەتی، سانسۆر و دەستدرێژی و گرتن و بە جاسووسکردن و نادڵنیاییە، کە هەموویان لە سایەی ئەم حکومەتەدا و بەئاگاداری و بەبەرچاوی ئەم سیستەمە حکومڕانیەوە، دروستبوون.

### ئەنجام:

لە ئێستادا حکومەت پێویستیی بە کرانەوەیەکی زیاتر هەیە لە ئاست ئەوانەدا کە ئێمە بە بێگانە و ئەوانیتر، ناویان دەبەین. حکومەت دەتوانێ بە ئاسانکاریی و کردنەوەی فەرمانگەیەکی پێشوازیکردن لە ئەوانیتر، لە بێگانەکان و لە کوردانیی بەشەکانیتر، هێزێکی کاری پڕۆفێشناڵ بخاتەگەڕ. بەم هۆیەوە، لە ڕووی مافەکانی مرۆڤ و پرۆسەی دیموکراتیزەکردنەوە، لە ڕووی هیومانیزەکردنی سیاسەتەوە دەرفەتی نوێ بۆ پەیوەندیەکانی حکومەت دەڕەخسێت و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و یۆنسکۆ و ڕێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤیشەوە، کەسایەتی سیاسیی حکومەت دەبێتە جێی متمانە و سوودمەند دەبێت لە پشتیوانە یاسایی و ئەمنی و ئابوورییەکانی ئەو ڕێکخراوانەوە. گرنگە ئەم حکومەتەی ئێمە گرنگیی بدات بەو دەرگایانەی کردنەوەیان ئاسانە، نەك لەو دەرگایانە بدات، کە کلیلی کردنەوەیانی دەستناکەوێت. داڕشتنی سیاسەتێکی هیومانیستیانەی پەنابەران لەم هەرێمەدا، هەمیشە کلیلێکی حازرە بۆ زۆر لە پەیوەندییە دیپلۆماتی و سیاسی و ئابووریەکان..

*** سەرۆکی بەشی فەلسەفە کۆلێژی ئەدیبات زانکۆی سەلاحەدین**

# ئافرەتان.. نیوەی جیهان و نیوەی فەرمانڕەوایی

ئەم ناونیشانە قسەیەکی (جیزێل حلیمی)ی سەرۆکی بزووتنەوەی (چۆیس)ـەو، ناونیشانی کتێبێکی ئەویشە کەچاپی یەکەمی بەزمانی عەرەبی لەساڵی (١٩٩٨)دا بڵاوکرایەوە.

ئەو جەخت لەجیاوازیی ئەرێنی دەکاتەوەو، باس لە یەکسانیی لە مرۆڤایەتیی و جیاوازیی لە کەسایەتی دەکاتەوەو، لای وایە کە دەشێت ئافرەت زۆر کات زۆر کار لەپیاو باشتر ئەنجام بدات، بۆیە دەڵێت: (یەکسانیی هەردوو ڕەگەز، جیاوازیی نێوانیان دەخوازێت، جیاوازییەك کە بزوێنەری دیموکراسییە)، هەروەها دەڵێت: (تایبەتمەندێتی ئافرەت نکۆڵی لێکراوە بەناوی یەکسانبوون لەگەڵ پیاودا).

بۆیە خاتوو (ماری ڕییان) مامۆستای زانکۆی بێرکلی لەئەمریکاش جەخت لەسەر جیاوازیی ئەرێنی دەکاتەوەو دەڵێت: (دیموکراسیی پێویستە دان بەجیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەزدا بنێت، نەبادا ئافرەتان بەبیانووی یەکسانییەوە دوور بخرێنەوە).

واتە هەندێك جار پیاوان لەپەنای دروشمی یەکسانییدا دێن و ئافرەت دوور دەخەنەوەو دەنگ بەپیاوان دەدەن، بەڵام ئافرەتانی خاوەن ئەم بیرۆکەی جیاوازییە دەڵێن: پیاو و ئافرەت لەئینسانییەت و مرۆڤایەتیدا یەکسانن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە وەك ئەوان خراپ بین لەفەرمانڕەوایەتیی و کار ڕاپەڕاندندا، بەڵکو ئێمە جیاواز لەستایلی پیاوان بۆ کارکردن، دەتوانین لەوان جیاوازتر و باشتر ئەو کارانە بکەین.

لێرەوەیە کە (لویس ئێریگاری) بەڕێوەبەری باسە فەلسەفییەکان و خاوەنی هەرسێ کتێبی:

(ئاکارەکانی جیاوازیی) (١٩٨٤)و، (سەردەمیی جیاوازبوون) (١٩٨٩) و، (من و تۆ و ئێمە لەپێناو کەلتووری جیاوازبوون) (١٩٩٠)دا دەڵێت:

(شۆڕشی فەرەنسا یەکسانیی هەڵبژارد لەبری جیاوازیی، ئەمەش ستراتیژێك بوو کەپیاوان لەسەری کۆك بوون و، بوو بەهۆی پاشەکشە پێکردنی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کەئافرەتان لەسایەی جیاوازییدا بەدەستییان هێنابوو).

هەروەها دەڵێت: (بەشداریی کردن لەگرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتیی سیاسییدا، هیچ ناگۆڕێت ئەگەر لەسەر جەختکردنەوە لەسەر بوونی دوو ناسنامەی جیاواز بنیات نەنرێت).

(سیمۆن ڤیل)یش نموونەیەك باس دەکات لەبارەی ئەوەی کەهێشتا کەلتوور و ڕەهەندی باوی کۆمەڵایەتیی لەناخی زۆرێك لەپیاوانی ئەورووپاشدا ماوە، بۆیە دەڵێت: (کەپیاو لێپرساوە، شانازیی دەکات کەجێگەی تایبەت بۆ خێزانەکەی تەرخان دەکرێت، بەڵام کاتێك هاوسەرەکەی بەرپرس بێت، پێی خۆش نییە بەهۆی ئەوەوە جێی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت، کەواتە کوا هەستی یەکسانیی؟)

هەروەها دەڵێت: (ئێمە بە شتێکی جیاواز بەشداریمان لە کۆمەڵگەدا هەیە، ئێمە کەسایەتی تایبەتی خۆمان هەیەو، دەبێت لەسەر بنەمای ئەو کەسایەتییە قبوڵ بکرێین).

لەبارەی هەمان بیرۆکەی یەکسانیی لەمرۆڤایەتیداو جیاوازبوون لەکەسایەتیدا، (ئیڤیلین گیپ هارد)ی جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی ئافرەتان لەحزبی کۆمەڵایەتی دیموکراسیی ئەڵمانیاشدا دەڵێت: (پێویستە ئامانجی یەکسانی لەگەڵ بنەمای دانان بەجیاوازییدا، پێکەوە گرێ بدرێن).

(باربارە هێل فرێش)ی ئەمینداری گشتیی لۆبی ئافرەتانی ئەورووپا لەبرۆکسێل دەڵێت: (هەڵوێست گرتن و هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری سیاسیی ئافرەتان لەڕێگەی ستانداردە پیاوانییەکانەوە لەسایەی یەکسانیدا، وادەکات ڕەفتاری سیاسیی ئافرەتان هەمیشە بەستانداردی پیاوان هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و، لەحاڵەتی وەك پیاو نەبوونیشدا، کاری ئافرەتان دەخرێتە دەرەوەی ستانداردی پیاوان).

دواجار (جۆدێس ئەستێلارا)ی مامۆستای کۆمەڵناسی لەزانکۆی بەرشەلۆنە ئەو ئاماژە بەهۆکاری نوێ دەدات بۆ سەرکەوتنی ئافرەتان لەکاری سیاسیدا وەك:

ڕێکخستنی منالبوون(ماری ستیوارس و بەنازیر بۆتۆ وەك نموونە وەردەگرێت)، کەئافرەتی سیاسەتمەدار دەتوانێت پرۆسەی وەچەخستنەوە ڕێك بخات بەجۆرێك کە کار لەچالاکییەکانی نەکات.

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ئێستا ئافرەت دەتوانێت گووتاری سیاسیی خۆی لەڕێگەی تەکنۆلۆژیاوە بگەیەنێت و، وەك جارانیش گوتاری سیاسیی بۆ پیاوانی دەنگ بەرز لەگۆڕەپانەکاندا قۆرخ نەکراوە.

هەروەها ئاوابوونی خۆری ئایدیۆلۆژیاو، هاتنەپێشەوەی ڕیالیزمیش لەبەرژەوەندیی ئافرەتاندایەو، ئافرەتانیش دەتوانن داوای ڕێکخستنی کاری سیاسیی بکەن بە ڕەچاوکردنی کارەکانی دیکەی ئافرەت.

ئەمە وێڕای داواکردنی پێداچوونەوە بەوێناکردنی نەرێنی و جەستەیی ئافرەت لەگۆرانیی و دراماو ئەدەب و کاری هونەریداو، هەوڵدان بۆ دەرخستنی توانا واتایی و ئەقڵییەکانی، چونکە وەك(جان گلۆد بارۆ)ی وەزیری پێشووتری نێوخۆی فەرەنسا دەڵێت (نابێت ئافرەت لەکاری هونەریدا تەنیا وەك پەیکەری ئازادیی تەماشا بکرێت و، پیاویش وەك پەیکەری دەسەڵات).

ئافرەتان ئێستا هەلی کاری سیاسیی زیاتریان لەپێشدایە، چونکە کاتی زیاتریان بۆ ڕەخساوە بەهۆی ئەوەی زۆرێك لەهۆکارە سەردەمییەکانی نێوماڵ و پێداویستییەکانی ژیانی نوێ، ئاسانکارییان بۆ دەکات و کاتی زۆرتریان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەمە جگە لەهاتنە نێو شار و، بوونی هەلی زیاتری دەرکەوتن و خۆ پێگەیاندن و گۆڕانی شێوازەکانی هەڵبژاردن(ڕێژەی کۆتا وەك نموونە).

لەدوای هەموو ئەمانەی ئاماژەمان پێکردن، ئافرەتان دەپرسن: کە ئەوان نیوەی کۆمەڵن، بۆچی نیوەی دەسەڵاتیش نەبن؟!!



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان نووسیویتی

ئێستا ئافرەت دەتوانێت گووتاری سیاسیی خۆی لەڕێگەی تەکنۆلۆژیاوە بگەیەنێت و، وەك جارانیش گوتاری سیاسیی بۆ پیاوانی دەنگ بەرز لەگۆڕەپانەکاندا قۆرخ نەکراوە

# له پایته‌خته جیاوازه‌كانه‌وه داوای لابردنی ئه‌سه‌د ده‌كه‌ن و له نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان بڕیاریان پێ ده‌رناكرێت





لەماوەی کەمتر لەچەند هەفتەیەکدا (تورکیا و قەتەر و میسر و فەرەنسا) پێشوازییان لەئۆپۆزسیۆنی سوریا کردەوە و کۆبوونەوەیان بۆ گرێداون، لەهەمانکاتدا وابڕیارە لەم هەفتەیەشدا سێرگی لافرۆفی وەزیری دەرەوەی ڕوسیا لەگەڵ دوو لەسەرانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا کۆبێتەوە، پێشنیارەکانی ئەم کۆبوونەوانە بەشێوەیەکی گشتی لەچەند خاڵێکدا چڕدەبنەوە بۆئەوەی گواستنەوەی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەسوریا بگوازرێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی بەشار ئەسەد دەستبەرداری دەسەڵا بێت، بێگومان ئەم پێشنیارە لای هەموولایەك جێگەی گەشبینی نییە، لەبەر ئەوەی چاوەڕێی ئەوە ناکرێت سەرۆکی سوریا بەشێوەیەکی ئاشتیانە دەستبەرداری دەسەڵات بێت، هەربۆیە لەکۆبوونەوەی پاریسدا داوای ئەوەکراوە ئەگەر ئەسەد بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئەم پێشنیارەی ڕەتکردەوە، ئەوا دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان سوریا بخاتە ژێر فەسڵی حەوتەمی پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەرگا بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بکرێتەوە بۆئەوەی بەدەستێوەردانی سەربازی ڕژێمی ئەسەد بڕووخێنن، ئەمەشیان کە جارێکی دیکە سیناریۆی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراقمان لەساڵی ٢٠٠٣ بیردێنێتەوە، هەست دەکرێت دروستبوونی کۆدەنگی نێودەوڵەتی لەسەر ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد بەڕێگەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەو ئاسانییە دروست نابێت کە لەساڵی ١٩٩١ بۆ ئازادکردنی کوەیت دروست بوو، هەروەها بەوشێوەیەش نابێ کە لە٢٠٠١ بۆ ڕووخانی ڕژێمی تاڵیبان لەئەفغانستان ڕوویدا، بەڵکو زیاتر لە شەڕی ٢٠٠٣ی عێراق دەچێت، کە بەبێ چەتری نێودەوڵەتی و لەچوارچێوەی هاوپەیمانییەکی ئارەزوومەندانە و لەدەرەوەی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕژێمی بەعس لەعێراقدا ڕووخێنرا، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئێستا ئەمریکا بەهاوشێوەی ٢٠٠٣ ئامادەیە هەمان موجازەفە دووبارە بکاتەوە، ئەوا لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا پێویستمان بە بەراوردێك دەبێت لەنێوان هەوڵەکانی کۆڵن پاول وەزیری دەرەوە لەپۆستی یەکەمی ئیدارەی بوش بۆ قەناعەتپێکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەگەڵ هەوڵەکانی هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوە لەئیدارەی ئۆباما لەقەناعەت پێکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەوانەیە پرسیار لێرەدا ئەوەبێت خۆ کۆڵن پاوڵیش بەهاوشێوەی هیلاری کلینتۆن سەرکەوتوو نەبوو لەڕازی کردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئایا جیاوازی نێوانیان چیە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین ئەو هەوڵە جدیانەی کە پاول لەناو تەلاری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ڕازیکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دای و سەرکەوتوو نەبوو، ئەو جدیەتە لەهەوڵەکانی هیلاری کلینتۆن نابینرێت، بۆیە ئەو جدیەتەی پاول نیشانەی سوربوونی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش بوو بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەعێراق و ئەم ساردییەی هیلاری کلینتۆنیش، دیسان ئاماژەیە بۆئەوەی کە ئیدارەی ئۆباما هاوشێوەی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بۆش سوور نییە لەسەر ئەوەی دەبێت ڕژێمی بەعس لەسوریاش بڕووخێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ڕاستە لەپایتەختە جیاوازەکانەوە بانگێشە بۆ لابردنی ئەسەد دەکرێت و داوا دەکرێت ئەگەر ئەسەد وەڵامدانەوەی پۆزەتیفانەی بۆ ئەم داوایە نەبوو، ئەوا دەبێت هەڵوێستکی یەکگرتوو لەنەتەوە یەکگرتووەکان دەربچێت، ئەمەشیان ئەو حاڵەتە قورسەیە کە پێناچێت بەئاسانی ئەو بڕیارە دەربچێت، سەبارەت بەم بارودۆخە ئاڵۆزەی سوریا پرسیارمان لە د.مایکل دریزن مامۆستای زانستی سیاسەت لەزانکۆی نۆرس داما کرد کە تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی دەریای سپی ناوەڕاست، لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەتدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (پێشبینیکردن قورسە، و پێدەچێت ناکۆکیەکە بەشێوەیەك بێت کە بەشار ئەسەد بەئاسانی دەستەبەرداری دەسەڵات نەبێت، هەروەها توندوتیژی زیاتر بەدی دەکەین و بارودۆخەکە بەرەو شەڕی ناوخۆیی دەڕوات، ئەگەرچی لەهەندێ حاڵەتدا ئاماژەی شەڕی ناوخۆیی بەدی دەکرێت، کەواتە بەداخەوە لە ئێستا توندوتیژیەکی زیاتر ئەبینین. بێگومان لەماوەی چەند مانگی ڕابردودا بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژمان بینی، هەروەها کۆمەڵکوژی زیاتر و زیاتر، کە ڕەنگە بەس بێت بۆئەوەی هێزەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو بارەیەوە کارێك بکەن، لەڕاستیدا ئەم کۆمەڵکوژیانە بەئاشکرا و لەهەموو شوێنێك ڕوودەدەن، بۆ نموونە ئەگەر واشنتۆن پۆست و نیویۆرك تایمز، یان هەر ڕۆژنامەیەکی جیهانی بخوێنیتەوە، ئەمە بەکومەڵکوژی سربرنیتشا بە بۆسنییە دەشوبهێنن، کە بووە هۆی ئەوەی لەو کاتەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان بکات، بەڵام هێشتا ئەمە لەسوریا ڕووینەداوە. من نازانم دەقا و دەق هۆکارەکە چیە، ئایا

جیـــاوازی هەیە لەنێوان ئۆبامـــا و پۆتیندا؟ ....... پێموایـــە ئەگـــەر کۆمەڵکوژیەکـــە بەردەوام بێت، ئـــەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێـــت خـــۆی لەگرتنبـــەری کردەوەیەك لابدات، بەڵام کێشـــەکە ئەوەیە ئایا ئەتوانرێت لەئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی والێبکرێت ئەو کارە بکات، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەوەنـــدە کۆمەڵکـــوژی ڕوویاندا، کە پێشبینی دەکرا بەس بن بۆئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەســـتێوەردان بکات، بارودۆخەکە خراپـــە و مـــن نازانم بۆ ئەمـــە ڕوونادات.. بۆیە ناتوانین بڵێیـــن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەنگاوی هەڵنەگرتووە، بەڵام بەشـــێوەیەکی کارا هەنـــگاوی هەڵنەگرتـــووە، هـــۆکاری ئەمەش بەڕای من بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بوونی ئیسلامیەکان لەموعارەزەدا کێشەکەیان قورستر کردووە، بەدڵنیاییەوە بردنەوەی ئیخوان موسلمین لەمیسر کێشـــەکەی قورســـتر کردووە. هیچ لایەك لەکۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتیدا خوازیاری ئەوەنییە لەپڕێکدا ســـوریا بکەوێتە دەســـتی ئیســـلامیەکان و دواتر هاوپەیمانێتی لەگەڵ میسردا بکات و بەرژەوەندیەکانی ئەوان بخاتە مەترســـیەوە، بەدڵنیاییەوە ئەوە دژوارییەکە کە ڕووبەڕوویـــان دەبێتەوە. لەڕاســـتیدا ئۆباما و ڕۆژئـــاوا درکیان بەوە کردووە ئەگەر بیانەوێت بارودۆخەکە بەرەوپێشبچێت، ئەوا دەبێت بگەنە ســـەفقەیەك لەگـــەڵ ڕوســـیا.......کەواتە لەئێســـتادا ئیرادەیەك، گـــڕ و تینێك نابینین لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشـــەیە... بەداخەوە من پێشبینی ناکەم لەئایندەیەکـــی نزیکدا ئەمـــە بگۆڕێت، من هەمیشە گەشبینم، بەڵام ئەمە بارودۆخێکی ئاڵۆزە و لەم ساتەوەختەدا گەشبینییەکی کەمم هەیە)).

### ئۆپۆزسیۆنی سوریا و
### خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووخانی ئەسەد

ئەو ئۆپۆزســـیۆنەی هەتا ئێســـتا لەســـوریا بوونـــی هەیـــە، مەزندەی ئـــەوەی لێناکرێت بتوانێـــت ڕووبەڕووی هێزی ڕژێمی ئەســـەد بێتەوە، ئەمە بێجگەلەوەی نەشیتوانیووە ببێتە چەترێك هەمـــوو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی ســـوریا بەکـــورد و مەســـیحی و عەلەوی و ســـوننەوە کۆبکاتەوە، بۆیە ڕێکخســـتنی ئۆپۆزســـیۆنیکی لەمجۆرە و ئامادەکردنی بۆ ئەو ئەرکە قورســـە کارکێکی ئاســـان نییە و هەوڵێکی زۆری دەوێـــت تا بتوانێت ئەم کارە جێبەجێ بکات، لەمبارەوەش د.مایکل دریزن لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بـــۆ گوڵان بەمجۆرە هاتـــە ئاخاوتن: (ئەگەر ئۆپۆزســـیون و ئەو چەکدارانەی ئێستا لەناو سوریا شەڕ لەگەڵ ئەســـەد دەکەن بتوانن شوێنی زیاتر کۆنترۆڵ بکەن، ئەوا لەوانەیە بارودۆخەکە وەك لیبیای لێ بێـــت، بەڵام دەبێت لێـــرەدا ڕەچاوی ئەوە بکەین، کە ئەم بارودۆخە بەو خێرایە نابێت کە لە لیبیا ڕوویدا، کاتی زیاتری دەوێت، ئەمەش زەمینە خـــۆش دەکات بۆئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر پشتگیری ئۆپۆزسیۆن بکات یان هەوڵبدات دەســـتێوەردان بکات، کارێکی لەمجۆرەش پێویســـتی بەڕەزامەندی ڕوسیا هەیە، ڕاستە ڕوسیا بەئاشکرا ئەو ڕەزامەندیە دەرنابڕێـــت، بەڵام ڕەنگـــە بەنهێنی و ئەویش دوای ئـــەوەی زەمانەتـــی بەرژەوەندیەکانی




**د.مایکل دریزن بۆ گوڵان:**

## بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی و کۆمەڵکوژی زیاتر و زیاتر، ڕەنگە بەس بێت بۆئەوەی هێزەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو بارەیەوە کارێک بکەن

دەکرێت لەســـوریادا ڕەزامەندی پیشان بدات. کەواتە دۆخەکە پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە و نازانرێت چی ڕوودەدات، موعارەزە چەکی زیاتر و زیاتری دەستدەکەوێت و هەروەها زیاتر پشـــتیوانی لێدەکرێت لەلایـــەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەروەها لەراگەیاندنەکانەوە، بۆ نموونە هەواڵی کۆمەڵکوژیەکان بۆتە مانشێتی ڕاگەیاندنەکان. کەواتە پشـــتیوانی زیاتر بۆ موعارەزە و چەکی زیاتر بەموعارەزە دەدرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو پشتیوانییە بەس دەبێت بۆئەوەی تەنگ بەڕژێمەکەی ئەســـەد هەڵچنن و دەســـت بەســـەر وڵاتەکەدا بگرن؟ ئەمە پرســـیارێکی باشـــە، بەڵام من پێموایە پێویستە شـــان بەشانی هەوڵە ســـەربازیەکان کۆششـــی دیپلۆماسی پشت پەردەش بکرێت. خۆ ئەگەر لەم حاڵەتەدا ڕژێمی ئەســـەدیش لەدەســـەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەوا ئەگەر بەشـــار ئەســـەدیش لەدەســـەڵاتدا بمێنێتـــەوە، ئەوا دۆخێکی لەرزۆك دێتەئاراوە، واتە هەر پشـــت بەئاگر و ئاسن دەبەستێت بۆ حکومڕانییەکەی، بـــەڵام موعارەزەیەکی چەکـــداری دەبێت کە هاوســـۆز نابێت، لەم حاڵەتەدا پێموانییە ئێران هیچ ڕێگاچارەیەکی باشـــی هەبێت لەئاست ســـوریادا، ڕاستە پشـــتیوانی ڕژێمی ئەسەد دەکات، بـــەڵام ئەمە لەبەر ئەوەیە کە نایەوێت پشـــتیوانی ڕۆژئاوا بـــکات. کەواتە تەنانەت ئەگەر ئەسەدیش لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەوا بارودۆخەکە بەتەواوەتی لەبەرژەوەندی ئێراندا نابێت و لەڕاســـتیدا بەتەواوەتی لەبەرژەوەندی هیچ لایەکـــدا نابێت، کەواتە ئەمە ناکۆکی و شەڕێکی ئاڵۆزە... و توندوتیژیەکە بەردەوامە و پێناچێـــت بەدیلێك هەبێـــت بۆی، هەربۆیە باشـــترین دەرفەت لەبەردەم موعارزەی سوری مابێت پەنـــای بۆ ببـــات، بەکارهێنانی ئەو زمانەیە کە بووە هۆی بەهێزکردنی شۆڕشـــی میسر و تونس، کە بوونی پەیامێکی یەکگرتوو بوو، بریتی بـــوو لەڕەتکردنەوەی ڕژێمەکە و خســـتنەڕووی بەدیلێکـــی یەکگرتوو بوو کە هەمووانـــی لەخۆگرتبوو، لەبەر ئەوە کارێکی باش دەبێت ئەم شێوازە بگیرێتەبەر کە کوردەکان و ئیســـلامی و عەلمانییـــەکان لەخۆبگرێت، بەڵام ئێمە دەزانین کە ئەسەد و ئەسەدی باوك لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردودا کاریان لەسەر ئەم دابەشـــبوونە قوڵانە کـــردووە، لەبەر ئەوە زاڵبوون بەسەریاندا ئاسان نییە، بەڵام بەداخەوە ئەوە واقیعەکەیە. تەنانەت لەناو موعارەزەشدا دوورخستنەوە هەیە، ئێمە دەزانین لەخۆگرتنی کوردەکان لەبەرژەوەندی ئەواندایە، لەبەر ئەوەی پێویســـتیان بەهەموو پشـــتیوانییەکە بتوانن بەدەســـتی بهێنن، چونکە تاوەکو زەمینەیەکی ئەخلاقی باشـــتر بەدەســـت بهێنن، ئەوا زیاتر پشـــتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنـــن و ئەمەش گڕ و تینێکی مەعنەویان پێدەدات لەناوچەکەدا بۆئـــەوەی ڕایبگەیەنن ئەم ڕژێمە کۆتایی پێدێت، ئێمە ئەم حاڵەتەمان لەلیبیا و تونس و میسردا بینی، کە بەس بوون بۆئەوەی کۆتایی بەڕژێمەکە بهێنن، ڕاســـتە زەحمەتە لەم ســـاتەوەختی ناکۆکیەدا ئەم کارە بکرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە کوردەکان لایەنێکی باش دەبن بۆ ئەو کارە)).



**عەبدولباست سەیدا سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا بۆ گوڵان:**

# پێویستە کێشەی کورد لە سوریا بە شێوەیەکی دیموکراتی و دادپەروەرانە چارەسەر بکرێ

**دکتۆر عەبدولباست سەیدا سیاسەتمەدارێکی سوریە لە ٩ی حوزەیرانی رابردوو وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی سوریا هەڵبژێردرا، هەروەها یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەنجوومەنەکە، کوردی سوریایە و نزیکەی ٢٠ ساڵە نیشتەجێی سویدە، پسپۆڕە لە فەلسەفەو شارستانیەتە دێرینەکان، چەندین کتێبی داناوە لەسەر هزرو کاروباری کوردان، لە کتێبەکانی: «مەسەلەی کورد لە سوریا»و «چەند دەقێکی لە بیرکراو لە ئازارە بەردەوامەکانی کوردانی سوریا» وزەینیەتی بزر کردن و ساختە کردن- میدیای عەرەبی وەك نموونە، سەرباری کۆمەڵێك وتار سەبارەت بە مێژوو و ئایینەکان و هزری سیاسی. بەشێوەیەکی نهێنی دژی حوکمڕانی حزبی بەعسی سوریا کاری کردووە، لە ساڵانی رابردووشدا بەشداری لە راپەرینەکانی کورددا کردووە لە دژی رژێمی سوریا، دواتر بەشدار بووە لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی سوری و ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی ئەو ئەنجوومەنەو سەرۆکی نووسینگەی مافی مرۆڤە لە هەمان ئەنجوومەندا، دواتر هەڵبژێردراوە وەك سەرۆکی ئەنجوومەن، بەم دواییە لە سەروبەندی کۆنگرەی یەکخستنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا کە لە قاهیرە بەسترا، گۆڤاری گوڵان چاوی پێکەوت و ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز کرد.**

**دیمانە/ ئەسما ئەلحوسەینی- قاهیرە**

***ئایا ئۆپۆزسیۆنی سوریا یەکدەخرێت و کۆنگرەی قاهیرە چی لێ دەکەوێتەوە؟**

-رێکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی سووری لەسەر دوو بڕوانامەی پەیمانی نیشتمانی و نەخشەڕێگەی کارکردن لە قۆناغی گواستنەوەدا، ئەمانە دەکرێت پەیامێکی دڵنیاکەرەوە بێت بۆ ناوەوەی سوریا و دەوروبەرو وڵاتانی هەرێمی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، پێموایە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی سوری لە قاهیرە گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە یەکەم کۆنگرەیە لەو ئاستەدا هەر لە سەرەتای شۆڕشی سوریاوە تا ئێستا لەنێوان سورییەکان ببەسترێت، هەروەها شێوەیەکی رەمزی تایبەتی هەیە، چونکە لەژێرسایەی کۆمکاری عەرەبی و لە وڵاتی میسر دەبەسترێت کە پێگەیەکی تایبەتی هەیە لەلای سوریەکان، ئەم کۆنگرەیە جەخت لەسەر دوو بڕوانامەی دەکاتەوە، یەکەمیان: بڕوانامەی پەیمانی نیشتمانی و بڕوانامەی تایبەت بە قۆناغی گواستنەوە کە لە دەقەکانیدا باس لە هەنگاوە تایبەتیەکانی قۆناغی گواستنەوە دەکات لە پێناو ئەوەی کە ئەم قۆناغە بەکەمترین زیان ببڕدرێت، ئەگەر ئەم هەنگاوانە هاتنەدی ئەوا دەبنە سەرەتایەك بۆ کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووری و جەخت دەکرێتەوە لەسەر کۆکردنەوەی هێزو تواناکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی رژێمێکی چەوسێنەرو گەندەڵ.

***ئەی دەربارەی بڕوانامەی جنێڤ کە لە کۆمکاری وڵاتانی (پێوەندی نێودەوڵەتی) دەرچووە؟**

-ئۆپۆزسیۆنی سوری داوای لابردنی راستەوخۆی بەشار ئەسەد دەکات، بەڵام بڕوانامەی جنێڤ کە لە کۆمەڵەی وڵاتانی (پێوەندی نێودەوڵەتی) دەرچووە باس لە چارەنووسێکی نادیار دەکات بۆ بەشار ئەسەدو هاوکاری کردن لەگەڵی لە چوارچێوەی حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانی، کۆنگرەی جنێڤ پێنج وڵاتە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش لە خۆدەگرێت لەگەڵ چەند وڵاتێکی عەرەبی وەکو عێراق، قەتەر، کوێت، کۆمکاری عەرەبی، و تورکیا، پێموایە ئەوەی لە جنێڤ هاتە دی ناگاتە ئاستی پێویست، بەڵام ئەنجوومەنی نیشتمانی یەك خاڵی کۆنگرەی جنێڤ بە ئیجابی دەزانێت

**ئیخوان دەستیان بەسەر ئەنجوومەندا گرتووەو پێکهاتەیەکی سەرەکین. لە کاتێکدا حافز ئەسەد هەوڵی سڕینەوەیانیدا**

**ئێمە لە حاڵەتێکی دوژمنکارانەدا نین لەگەڵ ئێران. قاعیدە دروستکاری هەواڵگری سوریایە**

ئەویش ئەوەیە بۆ یەکەم جار رووسیا رازی بوو بە گفتوگۆ کردن لەسەر بیرۆکەی دوای ئەسەد، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو کەشوهەوا تەمومژاوییەی لە کۆنگرەکەدا هەبووە بەشێوەی جیاجیا تەفسیری بۆ دەکرێت یان بەشێوەیەکی روونتر چەند روویەك هەڵدەگرێت، من وای دەبینم ئەم بەڵگەیە داواکارییەکان ناهێنێتە دی و ئێمە بۆچوونی خۆمان دەربڕیوە سەبارەت بەم بڕوانامەیە چونکە ئێمە لە حاڵەتێکی شۆڕشگێڕیداین و لە قۆناغێکی پر لە کوشتار و تۆپ بارانی هەڕەمەکی و بەکارهێنانی چەکی گەورەدا لە دژ هاووڵاتیان دەژین لەوانەش بە هەلیکۆپتەر و تۆپ و تانکەوە بۆمب باران کردنی شارو شارۆچکەکان لێکەوتۆتەوە کە رژێمی سوری رۆژانە پیادەی دەکات.

*** ئەی دەربارەی دوارۆژی لابردنی بەشار ئەسەد، ئایا ئۆپۆزسیۆن هیچ میکانیزمێکی بەدەستەوەیە کە لە زەوینەی واقیعدا لە رێگای کردەیەکی سەربازی لە ناو سوریا پیادەی بکات؟**

- کاتێك گەلی سوری راپەڕینی هەڵگیرساند پرسی بە کەس نەکردو ئێستاش بەردەوامە لەو شۆڕشەی، ئێمە دەڵێین هەمیشە بە پلەی یەك پشت ئەستوورین بە خوا و بە گەلەکەمان.

*** ئەی سوپای ئازادی سوریاو دووبارە پێکهێنانەوەو پڕ چەك کردنی بۆ ئەوەی کاریگەرتر بێت لە رووبەڕووبوونەوەی رژێمی سوری؟**

- سوپای ئازادی سوریا باڵێکی سەرەکییە لە باڵەکانی شۆرشی سوری و باڵی بەرگرییە، ئێمە لە پێوەندییەکی بەردەوامداین لەگەڵی و نووسینگەیەکی پێوەندیمان هەیە کە لە رێگایانەوە پێداویستییەکانی ئەم سوپایە دابین دەکەین، بەمەش یارمەتی دەدەین بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر رێکخراو بێت و هێزی زیاتری هەبێت لە پێناو بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی بەرگری خۆی بە باشی.

***زۆر کەس ترسی لە بیرۆکەی بە سەربازی کردنی شۆڕش و پڕچەك کردنی سوپای ئازادی سوریایی، هەیە بەمەش خوێنی زیاتری رۆڵەکانی سوریا بە فیڕۆدەچێت؟**

- ئێمە لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی بەوە تاوانبار دەکرێین کە ئێمە داوای خەباتی چەکداری و بە سەربازی کردن بکەین، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر لە ئەندامانی ئەنجوومەن کەسانی ئەکادیمی و ئوستادی زانکۆن، بەڵام کاتێك ئێمە کەوتینە بارودۆخێك کە گەلی سڤیل شەهید بکرێت و قەسابخانە و دەستدرێژی و تێکدان لەلایەن رژێمەوە لە دژیان بەکار بێت وا پێویستە بەرگرییان لێبکرێت، پرسیارەکە لێرەوە ئەوە بوو چی بکەین؟ ئێمە لەگەڵ شۆڕشێکی ئاشتیانە بووین، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی کوشتاری خەڵکی سڤیلدا بارودۆخەکە وای دەخواست کە هەڵوێستێکی جیاوازمان هەبێت، بۆ زانیاریشتان بە بڕیاری ئێمە دانەمەزراوە، بەڵکو لە ئەنجامی جیابوونەوەی کۆمەڵێك ئەفسەر کە رازی نەبوون تەقە لە گەلی خۆیان بکەن، ئێمە لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی گەیشتینە ئەو بڕیارەی کە پێویستە بەرپرسیاریەتییەکە لە ئەستۆ بگرین و رێگا نەدەین و کاری سەربازی نەبێتە پاشاگەردانی، بۆیە هەماهەنگیمان لەگەڵ سوپای ئازادی سوری کرد، پێموایە زوڵمە ئەگەر ستەمکاران کە هەموو جۆرە چەکێکی قورسیان لە چنگەو و بە تانك و فڕۆکە بۆمب باران دەکەن یەکسان بکرێن لەگەڵ ستەم لێکراوان کە بە چەکی سووك بەرگری لە خۆیان دەکەن..

*** ئایا دەکرێ ئەنجوومەنی نیشتمانی رازی بێت بەشداری لە حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانیدا بکات لەگەڵ بوونی چەند کەسانێکی سەر بە رژێمی بەشار؟**

- هیچ چارەسەرێك لە سوریا ناکرێ بەبێ لابردنی بەشار ئەسەد، پێویستە یەکەمجار لابچێت دواتر پێ دەنێینە ئاستێکی دیکە لە گفتوگۆ.

*** چۆن دەڕواننە رۆڵی ئێران لە قەیرانی سوریادا؟**

-ئێمە رێز لە حەقیقەتە جوگرافی و مێژووییەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەگرین، لە حاڵەتی دوژمنکارانەی رووبەڕوودا نین لەگەڵ ئێران، چونکە دەمانەوێ باشترین پێوەندیمان لەگەڵ ئێران هەبێت کە وڵاتێکی ئیقلیمیە و یاریکەرێکی سەرەکی و کارایە، بەڵام داوا لە برایانمان لە ئێران دەکەین کە لەوە بگەن ئەوەی لە سوریا روودەدات

**زوڵمە ئەگەر ستەمکاران کە هەموو جۆرە چەکێکی قورسیان لە چنگەو و بە تانك و فڕۆکە بۆمب باران دەکەن یەکسان بکرێن لەگەڵ ستەم لێکراوان کە بە چەکی سووك بەرگری لە خۆیان دەکەن**

**لە سوریا خەڵك لە نادیار دەترسێت، بەتایبەتی دوای چەند دەیەیەك لە دیکتاتۆریەت، بۆیە پێویستە سەرەتا ترسی جەماوەر بڕەوێنینەوە**

شۆڕشێکە گەل پێی هەڵساوە بە هەموو پێوەرەکان و لە ئەنجامی پێداویستییەکانی گەل دروست بووە، بۆیە پێویستە ڕێز لە ئیرادەی سورییەکان بگرن کە ئازادی و کەرامەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتییان دەوێت، بەڵام ئەگەر پاڵپشتی دارایی و لۆجستی ئەو ڕژێمە بکەن، ئەمەیان لێ قبوڵ ناکەین و ڕێزیشی لێناگرین و ناچێتە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی ئێرانی و سوری.

*** مەترسی ئەوە هەیە کە ڕێکخراوی قاعیدە، کاریگەری بکاتە سەر بارودۆخی سوریا؟**

-بوونی قاعیدە لە سوریا دروستکاری دەزگاکانی هەواڵگەری سوریایە ئەمەش مەسەلەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بەلای هەموانەوە..

*** ئەی ڕۆڵی ڕەوتە ئاینییەکان، ئایا دوای ئەسەد سیستمێکی عیلمانی یان ئاینی دێتە ئاراوە؟**

- من نامەوێ باس لە مەسەلەی ئاینی یا عیلمانی بکەم، هەموو ئەم ڕەوتانەش گوزارشت لە بیروڕای کۆمەڵگاکان دەکەن بۆیە پێویستە زیاتر جەخت لەسەر پرۆژەی نیشتمانی بکەین بۆ هەموو سوریەکان وبە هەموو سوریەکان کە کۆکراوەی ئیسلامی و عیلمانی ولیبرالی و هەموو ئاراستەکانی دیکە بێت، پێویستە دان بەوەدا بنێین کە ئیخوان پێکهاتەیەکی سەرەکین لە سوریا و حافز ئەسەد هەوڵیدا لە ژیانی سیاسی سوریا وەدەریان بنێت و لە ساڵی ١٩٨٠ یاسایەکی سەیری دەرچواند کە بێ وێنە بوو لە جیهاندا ئەویش بریتی بوو لەسێدارەدانی هەر کەسێك ئەگەر سەلمێنرا سەر بە ئیخوانە، ئەوەی دەوترێت گوایە ئیخوان دەستیان بەسەر ئەنجوومەنی نیشتمانیدا گرتووە دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە لە کاتی دامەزراندنی ئەنجوومەندا وەك هەموو پێکهاتەکانی دیکە ڕوومان لە ئیخوانیش کرد، بەڵام میدیای دەوڵەت هەوڵ دەدات هەواڵەکان بە ئاوەژوویی بڵاوبکاتەوە بۆ وروژاندن و دروستکردنی ترس لە ئەنجوومەنەکە.

***سروشتی ناکۆکی لەسەر کێشەی کورد چی بوو لە کۆنگرەی قاهیرەدا؟**

-هەمیشە لە سوریا دەڵێین ئێمە چەوسانەوە و گەندەڵی لە دەسەڵات دادەماڵین، هەروەها ئەو چەمکانەی کە ئەم دەسەڵاتە چەسپاندوویەتی لە ماوەی چەندین ساڵدا، بۆیە دەڵێین پێویستە بە زەینیەتێکی نوێوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی نوێی وڵاتەکەمان بکەین کە بتوانێت ئیستیعابی ئەو پەرەسەندنانە بکات کە ڕوودەدەن، بەڵام ئەگەر لە ئاگایی بێ یان بێ ئاگایی بگەڕێینەوە بۆ چەمکە ساختەکان کە ڕژێم چەسپاندوویەتی، ئەوا دەکەوینە نێو چەندین گرفت و گرفتی سەرەکیش کە بەدەستییەوە دەناڵێنین لە سوریا ئەوەیە کە خەڵك لە نادیار دەترسێ، بەتایبەتی دوای چەندین دەیەیەك لە دیکتاتۆریەت، بۆیە پێویستە سەرەتا ترسی جەماوەر بڕەوێنینەوە.

*** ئەمە چۆن دەکرێ؟**

-بە گرێبەستی نووسراو، لە ڕێگای پتەوکردنی متمانە، لە ڕێگای کرداری پراکتیکی لەسەر زەوینەی واقع، سەرەڕای ڕێکەوتن لەسەر میکانیزمێك بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکیەکان، چونکە بمانەوێ ونەمانەوێ ناکۆك دەبین، بەڵام ئەگەر ڕێسا و میکانیزمی ڕوون دۆزرایەوە ئەو کات دەتوانین بۆیان بگەڕێینەوە بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییەکان بە کەمترین باجەوە لێی دەردەچین.

*** کورد زیاتر ناڕەزاییان لەسەر چی هەبووە لە کۆبوونەوەکانی قاهیرە، ئایا توانیوتانە کێشەکانیان چارەسەر بکەن؟**

-ئەوەی ڕوویدا ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی بارودۆخی سوریایە، بەڵام پێموایە ئێمە توانیمان ئەم گرفتە تێپەڕێنین بۆ بەرژەوەندی پرۆژەی نیشتمانی سوریا کە هەموو سوریەکان پێی هەڵدەستن بۆ هەموو سوریەکان، لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە پشتی بە زاراوەی (گەلی کورد) بەست، ئەم زاراوەش ئێستا بووەتە شتێکی باو لە فەرهەنگی سیاسی سوریا، ئێمە لە ئەنجوومەنی نیشتمانی پەیمانێکی پێشکەوتوومان هەیە لەم بارەیەوە، هیواخواز بووین پشتی پێ ببەستین لە کۆنگرەی قاهیرەدا، بەڵام هەندێك لە بەشداربووان تەحەفوزیان هەبوو لە بەکارهێنانی دەستەواژەکەو دانیان بە مافەکانی کورددا نا و پێویستە کێشەی کورد

**نامەوێ باس لە مەسەلەی ئایینی یا عیلمانی بکەم، هەموو ئەم ڕەوتانەش گوزارشت لە بیروڕای کۆمەڵگاکان دەکەن بۆیە پێویستە زیاتر جەخت لەسەر پرۆژەی نیشتمانی بکەین بۆ هەموو سوریەکان**

**ئەنجوومەنی نیشتمانی یەك خاڵی کۆنکرەی جنێڤ بە ئیجابی دەزانێت ئەویش ئەوەیە بۆ یەکەم جار رووسیا رازی بوو بە گفتوگۆ کردن لەسەر بیرۆکەی دوای ئەسەد**

لە سوریا بە شێوەیەکی دیموکراتی و دادپەروەرانە لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتیمانی سووریادا چارەسەر بکرێ، بەڵام قسەیەك هەیە کە نابێ باس لە چەند گەلێك بکرێت لە چوارچێوەی یەك دەوڵەت و تەنیا یەك گەل هەیەو لە نەتەوەی جیاجیای وەك عەرەب و کورد و سریانی و تورکمان وتاد. پێکهاتووە

***کوردەکانی سوریاچیییان دەوێ، ئایا جۆرێك لە نیمچە سەربەخۆییان دەوێ یان حوکمی زاتی وەك کوردانی عێراق؟**

- بارودۆخی کوردەکانی عێراق جیاوازە لەگەڵ کوردەکانی سوریا لەڕووی قەبارەو مێژوو و مومارەسە کردنەوە، ناتوانین بەراوردی نێوانیان بکەین، چونکە جیاوازە سەرەڕای بوونی حزبی سیاسی کوردی لە سوریا لە ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵی ڕابردوو و داواکردنی چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە سوریا بەشێوەیەکی دیموکراسی و دادپەروەرانە لە چوارچێوەی نیشتیمانی سوری و داننان بە مافەکان و نەهێشتنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی، بێگومان هەندێك کورد لە سوریا داوای فیدرالیەت و حوکمی زاتی دەکەن، بەڵام پێموایە ئێمە لە سوریای داهاتوودا دەتوانین ترسەکان بڕەوێنینەوە ئەمەش پێوەندی بە حەقیقەتی کوردەکان خۆشیانەوە هەیە، هەروەها بە ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانیشەوە، چونکە سوریا وەکو لوبنان و عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و مەزهەب و ئایینە، ئەمەش مەسەلەیەکی کۆنە بۆ بەر لە مێژوو دەگەڕێتەوە و بەو پێیەی من پسپۆڕم لە مێژوو ئەوا کێشەی سەرەکی لە ناوچەکەمان ئەوەیە کە دان بە ئەوی تری جیاواز دانانێین، کاتێك بەعس هات لە بەدبەختی لە دوو وڵات بوو کە لە هەردوو وڵاتەکە ئایدۆلۆژیای یەك ڕەنگی تێدا بە کەڵك نایەت، مەبەستم سوریا و عێراقە بۆیە گرفتیان هەبوو، چونکە ئەوان و لوبنانیش پێویستیان بە پرۆژەیەکی نیشتیمانی هەیە کە ڕێز لە تایبەتمەندییەکانی هەموو لایەك بگرێت لە چوارچێوەی یەك دەوڵەت کە بۆ هەموو ڕۆڵەکانی بێت و بە هەموو ڕۆڵەکانی پێکدەهێنرێت.

# ڕۆژنامەوانی بوارێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک و دەسەڵات



ڤینۆس فایەق

دوو هەفتە جارێك دەینووسێت

لەگــەڵ چەند برادەرێکــدا وتووێژێکی هەمەلایەن و چڕوپڕمان کرد ســەبارەت بــە چەمکی ئازادی و بەتایبــەت ئازادی رادەربڕین. یەکێك لەبرادەرەکان رای وابوو ئەوەی ئەمڕۆ زۆربــەی رۆژنامەنووس و بەناو نووســەرەکان دەینووســن ناچنە ژێر خانەی نووسینی هاوســەنگ و هیچ عورف و یاسایەکی رۆژنامەوانی نایانگرێتــەوە و، هەروەها رای وابوو ئەوانە کە داوای دەســکاری یاســای رۆژنامەوانی دەکەن، لە راستیدا لەپشــت ئەو داواکارییەوە بەشــێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داوادەکەن یاســا بکەنە چەترێك بۆ موهاتەرات و تانە و تەشــەرەکانیان. برادەرێکی تر رای وابوو ئێســتا لە کوردســتاندا ئازادییەکی بێســەروبەر لەئارادایە، یاسا ســەروەر نییە و خەڵکیش بایی ئەوە هوشــیارنین کە لەوە تێبگەن چەند تۆ مافت هەیە ئەرکیشــت هەیەو لەبەرانبەریشــدا ئەوانیتریش بەهەمان شــێوە ماف و ئەرکیان هەیە و ئەمەش لە ســایەی یاســادا ئەبێت رێکبخرێت و، دەبێت هەمووومان رێزی لێبگرین.

حەقیقەتێك هەیە هەمووومان ئەیزانین، ئەویش ئەوەیە چەند بدەیت ئەوەندەت دەســت ئەکەوێت، ئەم بیردۆزە لەهەموو بوارێکدا وایە، لەبواری وەبەرهێنان و بازرگانیدا بۆنموونــە چەند پارە بخەیتە بازاڕەوە ئەوەندە و زیاترت دەســتدەکەوێتەوە، لەبواری سیاســی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتیشدا کە تەواو تەماست بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە چەند بدەیت ئەوەندەت لەخەڵك دەستدەکەوێتەوە و لەکاتی دەنگدانەکاندا بەرەکەی ئەچنیتەوە، بەمەرجێك پرۆسەکە تەواو دیموکراسی بێت و لەسەر بنەمای یەکتر قەبووڵکردن و دوور لە زۆرەملێکردن و فریودان.

شــاردنەوەی زانیاری لە رای گشــتی و هەروەها رێگریکردن لە رۆژنامەنووسان بۆ دەسکەوتنی زانیاری راست و دروســت لەبارەی رووداو و پێشهاتەکانەوە و، بەردەوام بەدرۆخســتنەوە و چاوسوورکردنەوە و نەبوونی شــەفافیەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە هەستەوەر و چارەنووســازەکاندا و دابڕانێکــی ســەختی نێوان دەســەڵاتداران کە ئیش لەسەر چارەنووسی سیاسی و نەتەوەیــی وڵاتەکە ئەکەن لەگەڵ شــەقام و خەڵکدا، ئەمانە هەمووی وایانکردوە پێوەندی نێوان رۆشنبیر و دەسەڵات و رۆژنامەنووســان و دەسەڵاتداران لەوڵاتی ئێمەدا بەردەوام لەقەیراندابێت.

هەڵبەتــە کاری رۆژنامەوانی هــەر لە دێرزەمانەوە گوزارشــت لە ئارەزووی ئادەمیزاد بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵ و رووداو و گۆڕانکاریەکانی دەوروبەری دەکات، کە ئەمەش مافی رەوای خۆیەتی بەوپێیەی کە لەسەر ســنوورێکی جوگرافــی دەژی و دەبێــت ئاگادربێت لەهەمــوو رووداوەکانی دەوروبــەری، بۆیە یەکەمجار مرۆڤ بەدەم زانیاری و هەواڵەکانی گێڕاوتەوە و پاشان لەســەر قوڕ بەشــێوەی نەخش و نیگار و هەڵکەندنی بەرد هەواڵ و زانیاری نووســیوەتەوە و دواتر لەســەر پێســتی ئاژەڵ و گەڵای Papyrus کە بەعەرەبی پێــی دەوترێ (بردی)چیرۆکەهــەواڵ و رووداوەکانی تۆمارکردوە هەتا گەیشــتۆتە قۆناغــی چاپکردن و دەرکردنــی بڵاوکراوە و رۆژنامــە و گۆڤارەکان هەتا دەگاتە رۆژگاری ئەمڕۆمان.

زۆرجار کە بیر لەم قۆناغانە دەکەمەوە کە پرۆسەی رۆژنامەگــەری پیاتێپەڕیوە و بە واقیعی ئیســتای بــەراورد دەکەم، دەگەمە ئــەو دەرئەنجامەی کە ئێمە بە چەند پێوەرێك هێشــتا نەبووینەتە خاوەن کایەیەکی رۆژنامەوانی مەعریفی راستەقینە کە ئەرکی سەرەکی بەخشــینی زانیــاری و هوشــیارکردنەوەی خەڵك و چاودێریکردنی کۆمەڵگا و دەســەڵات بێت بەبێ هیچ ســنوور و سانسۆرێك. چونکە بۆخۆی هەردوو وشەی (سنوور و سانسۆر) مشتومڕی زۆر هەڵدەگرن.

چەند ســاڵێك بەر لە ئیستا باوی سایت و نووسەران و رۆژنامەنووسانی سایتەکان داهات و خەڵك خوویدایە ئەو بوارە، هەتا لە پڕێکا ســەدان ناو لەســەر تۆڕی ئینتەرنێت لەخۆوە بوونە نووســەر، جگە لە پەیدابوونی دیاردەی نووسین بە ناوی خوازراوەوە. ئەمە هەمووی دەرئەنجــام و لێکەوتەی واقیعــی رۆژانەی خەڵك و رووداوەکانی ســەرجادە بوو. هەتا گەیشتینە قۆناغی فەیس بوك و تویتەر و چووزانم چیتر. کە بە ســەدان هەزار ناو لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت حسابێکی لە فەیس بوکــدا هەیە و بینیمان چۆن فەیــس بوك رۆڵی باڵا لە کاتی گرژی و ناکۆکی و شۆڕشــەکاندا گێڕاوە و دەگێڕێت.

هەر بۆ بێتاقەتی کە بەنــاو فەیس بوکدا ئەگەڕێم ســەدان ناوی سەیر و سەمەرە دەبینم کە شتی سەیر و سەمەرە دەخەنە سەر واڵەکانیان و داخی دڵیان بە شێوازی جیاجیا هەڵدەڕێژن و زۆرجار جنێو و قسەی ناشرینیش دەخوێنیەوە کە بەم بەرپرس و بەو دەســەڵاتدار دەدرێت. نایشارمەوە کە لە رووی ناوەڕۆکەوە هەقیان لا دەبینم، چونکە ئەو دەمی کە رۆژنامەنووسێك زانیاری راست و دروست لە سەرچاوەیەکی راستەقینەوە دەستنەکەوێت پەنادەباتە بەر شــێوازێکی تر بۆ ئەوەی ئەو زانیاریەی دەســکەوێت و هەندێجاریش لە ترسی چاوسوورکردنەوە و ئەزێتدان ناچاردەبێت بەناوێکی خوازراوەوە حسابێك لە فەیس بوك دانێت و بڵاوی بکاتەوە.

یان هەندێجار کە تەعتیم ئەخرێتە ســەر رووداوێکی

هەتا ئێستاش
لە بەرنامە
تەلەفزیۆنیەکاندا
چ بەرپرسەکان و
چ خەڵکی سادەش
کە قسە دەکەن
ناتوانن کورت و
پڕمانا قسەبکەن
و دەبێت بەزۆر
پێیان ببڕدرێت



دیاریکـــراو کە بەبەرچـــاوی خەڵکـــەوە روودەدات و هۆیەکانی راگەیاندنی حزبەکان یان راستیەکە ئەشارنەوە یان ئەیگـــۆڕن، ناچاردەبن لە رێگەی فەیســـبوکەوە بڵاوی بکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵکی لێئاگاداربکەنەوە.

هیچ جارێك بەرپرسێك ناچێتە سەر تەلەفزیۆن ئەگەر کۆمەڵێ قسەی لە قوتوونراو و دەستەواژەی ئامادە و پەرەگرافـــە باوەکان دووبارە و ســـەدبارەنەکاتەوە، هیچ کات بەرپرسێك نابینیت لە سەعات کەمتر قسە بکات و لە شـــیعارات و قســـەی باق و بریق و موجامەلە و پێچراوە بە وەرەقەی رەنگاوڕەنگ نەهۆنێتەوە و بیدات بە گوێی بینەر و بیسەراندا، بۆجارێکیش بەرپرسێکمان نەبینی بچێتە ســـەر تەلەفزیـــۆن و کورت و پوخت بە چەند دەقیقەیەك لەسەر راستی مەسەلەیەك راشکاوانە قســـە بۆ خەڵك بکات، هەتا ئێســـتاش لـــە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا چ بەرپرسەکان و چ خەڵکی سادەش کە قســـە دەکەن ناتوانن کورت و پڕمانا قســـەبکەن و دەبێت بەزۆر پێیان ببڕدرێت.

ئەمانەیە هەمووی ئەو چەواشەکاری و دوورخستنەوەی راســـتیەکانی دروســـتکردوە و رۆژنامەنووس و بەناو نووســـەرەکانی والێکردوە بەو زمانە زبرە قســـە بکەن کـــە بووەتە نەریتێکـــی رۆژنامەوانی بـــاو و ئەوەی واقسەنەکات بە دڵسۆز و خەمخۆری پێناسەناکەن. هەر ئەمەشە وای لە پیشـــەی رۆژنامەوانی کردووە ببێتە پیشـــەیەکی ئاســـان و هەرکەس دێت و لە پڕا دەبێتە نووســـەر و رۆژنامەنووس لە غیابی قانون و رەقیب و هەڵەچندا. بـــواری رۆژنامەوانی کردۆتە بوارێکی بۆ رووبەڕووبوونەوەی خەڵك و دەسەڵات و بوارێك تەنها بۆ توانج و رەخنە و یەکترشکاندن.

ئیستاشـــی لەگەڵ بێـــت قەناعەتم وایـــە ئەگەر دایکوباوك باش بن منداڵی باش پەروەردە ئەکەن، ئەو منداڵەشی خەلەلێك لە پەروەردەکەیدابێت دەزگای تایبەت و پسپۆڕ هەیە کە بایەخی پێبدات و هەوڵی چاکردنی بدات. بەڵام لە کوردستاندا سروشتی دەسەڵاتەکە وایە هەمیشە خۆی لەسەر هەق ئەبینێت، خاوەن یاسا و ســـەروەر، ئەوانیتر لەدوای خۆیەوە دەبێت ملکەچ و بێدەنگ بن. بۆیە منداڵەکانی هەندێکی لاســـار و هەندێکی دەمارگیـــر و هەندێکی پاســـیڤ و هەندێکـــی بێدەنگ. کارەســـاتی گەورەش لای منداڵە لاســـار و دەمارگیر و پاسیڤەکان نییە، لای ئەوانەیە کە بێدەنگن، چونکە ئەوکاتەی دێنە قسە ناتوانرێـــت بێدەنگیان بکەن و گۆڕانکاری راستەقینە روودەدات.

ئەگەر ئەو هەموو ناعەدالەتـــی و جیاوازیـــە نەبێت لەنێـــوان ژیانی بەرپرســـان و ژیانی خەڵکی ئاســـاییدا خەڵك بەوجـــۆرە هەرگیز نایەتە زمان، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا دەمارگیردەبن کـــە رۆژنامەنووســـێك بەدواداچـــوون بکات لەســـەر ئـــەو جیاوازیە بکوژە. دواجـــار هەتا ئەو جیاوازیە بەوجۆرە هەبێـــت بۆهەمیشـــە بـــواری رۆژنامەگـــەری بوارێك دەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی خەڵك و دەسەڵات و پەیوەندی نێوان رۆشنبیر و دەسەڵات هەروا لە قەیراندا دەبێت.




# ڕەخنە و گلەییەكانی خەڵك و لیژنەی تەندروستی پەرلەمان و



هاوڕاز خۆشناو:

- تەندروستی لەكوردستان بەسیستەمێكی كۆن بەڕێوە دەچێت.
- هەرچی دەرمانی خراپ و ئێكسپایەرو ساختەیە بەسەرمان ساخ دەكرێتەوە
- قەڵەباڵغی و بردنە ژوورەوەی چەند نەخۆشێک بەیەكەوە بۆ ناو نۆڕینگەكان كەموكوڕی و هەڵەیەكی تەندروستی گەورەیە .
- لەبارەی نرخی نەشتەرگەری و پشكنین و چارەسەرەكاندا جیاوازی لەنێوان هاووڵاتیانی خۆمان و دەرەوەی هەرێم نەكراوە.
- بەشێک لەو پزیشكانەی لەكەرتی تایبەت كاردەكەن كەرتی گشتیان ئیستغلال كردووە.
- سەردانی چەندین بنكەی تەندروستیمان كردووە كێشەی كەمی داودەرمان و پێداویستی تەندروستیان هەبووە.




# وەڵامدانەوەی وەزیری تەندروستی لەدیدارێکی گوڵان دا


وەزیری تەندروستی:

- لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و گروپی ڕەند کار دەکەین کە سیستەمی تەندروستی بەرەو پێشەوە ببەین و سیستەمێکی دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان پەیرەو بکەین.
- بۆ کۆنترۆڵی کوالیتی دەرمان گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورەو بەئەزموون دەکەین.
- لەدوای هەڵبژاردنی سەندیکای پزیشکان لەگەڵ دەستەی تازە دەست بەرێکخستنەوەی کلینکەکان و نۆرینگەو نرخەکان دەکەین.
- نرخی پشکنین و نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت لە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێم وەکو یەک دەبێت.
- ئەو پزیشکانەی لە کەرتی گشتی و لە کەرتی تایبەت کار دەکەن لێکیان جیادەکەینەوە.
- بۆ باشترکردنی ڕەوشی کەرتی تەندروستی بۆ هەر یەک لە پارێزگای هەولێر و دهۆک ٦ کلینکی ڕاوێژکاری دەکرێتەوە.

# ڕەخنەو گلەییەکانی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستان

**کەرتی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان لەئاست خواست و پێداویستی خەڵك نییەو لەبری ئەوەی لەخزمەتی مرۆڤدا بێت بۆتە فاکتەرێك بۆ هەژاری هاووڵاتییان، بەڕادەیەك گرانی نرخ و بوونی دەرمانی ئێکسپایەرو کوالێتی نزم و کەمی و لاوازی نەخۆشخانەکان لەگرنگترین خاڵە لاوازەکانی ئەم کەرتەیەو متمانەی نێوان نەخۆش و پزیشکی کەمکردۆتەوە. پێشکەوتنی ئەم کەرتە بەیەکێك لەهەرە پێوەرە گرنگەکانە کە بۆ هەڵسەنگاندنی پەرەپێدانی مرۆیی سەرکەوتوو لەئاژانس و ڕێکخراوە جیهانییەکان دانراوە، تەنانەت بەپێی ستانداردو پێوەرە جیهانییەکان بێت پێویستە بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەم کەرتە لەنێوان ٧-١٠ ٪ بێت ئەمە لەکاتێکدا لەهەرێمی کوردستان ئەم بودجەیە تەنیا لە ٥٪ە، سیاسەتی حکومەتەکان لەوەدا دەچێت سەرکەوتوو دەبێت کە بەسیستەمێکی نوێی هاوچەرخ خەڵکی چاودێری تەندروستی یا بیمەی تەندروستی هەبێت، هەربۆیە چاودێری تەندروستی و بوونی سیستەمێکی پێشکەوتوو گوزارشتە لە سیاسەتی حکومەت بەرامبەر بەتاکی هاووڵاتی.**

سەبارەت بەم کێشەیە کە ڕووبەڕووی کەرتی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان بووەتەوە پرسیارمان لە هاوڕاز خۆشناو جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگەی پەرلەمانی کوردستان کرد، ئەویش لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (تەندروستی لەهەرێمی کوردستان بەسیستەمێکی کۆن بەڕێوە دەچێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە وەکو پێویست هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بنێت، بڕگەو مادده کۆنەکان کە ئێستا ئەم کەرتە بەڕێوە دەبات وایانکردووە کەرتی تەندروستیمان تووشی ئیفلیجبوون بووە، بەڕادەیەك کەرتی تەندروستی لەم هەرێمە لەئاست ئەو گۆڕانکاری و واقیعەی زۆربوونی نەخۆشی و کەوتنەوەی گرفتە تەندروستییەکان نییە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم واقیعە لەڕووی یاساوە لە کوردستان لە یاسایی ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٧ بە ٢٣خاڵ هێناومانە کە چی بکەین لەبواری تەندروستی، چونکە سیستەمەکە پڕە لە کەموکوڕی و کەلێنە و نەتوانراوە چارەسەرکردن و چاکسازی لەکۆی سیستەمەکەدا بکرێت.

سەبارەت بەفەرامۆشکردنی لایەنی چاودێری تەندروستی هاووڵاتییان جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگەی پەرلەمانی کوردستان لەدرێژەی قسەکانیدا پێی گووتین: (بەسیستمێکی کۆن ناتوانرێت چاودێری تەندروستی بۆ هاووڵاتییان باش بکەین، هەرچی دەرمانی خراپ و ئێکسپایەرو ساختەیە بەسەرمان ساخ دەکرێتەوە و پزیشکان زۆربەیان بە ئارەزووی خۆیان دەرمان بۆ نەخۆش دەنووسن و

**بینایەکانی نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆن و بەرتەسك و کەموکوڕی و گرفتی زۆریان هەیە**

هیچ بنەماو بۆردو پڕۆتۆکۆلێك نییە کە بزانرێت نەخۆش پێشتر چ داودەرمانێکی بەکارهێناوەو ئێستا چی بەکاربێنێت).

سەبارەت بەهەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکەو دانانی سیستمێکی ڕێکوپێکی پێشکەوتوو جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگەی پەرلەمانی کوردستان پێی وابوو پێویستە کار لەسەر چاکسازی و گۆڕانکاری سیستەمەکە بکرێت، لەمبارەیەوە ئاماژەی بەوەکرد کە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە هەولێر لەسەر ئەو سیستەمە کۆنەی تەندروستی سازکراو زۆر بوارەکانی چاکسازی سیستەمی تەندروستی لەخۆگرتبوو، بەداخەوە حکومەت ئەو تواناو ئیرادەیەی نەبوو کە بتوانێ لەسەر ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکە بڕوات و کار بکات، ڕاستە باس لە کردنەوەی نەخۆشخانەیەك و کڕینی هەندێ داودەرمان و ئامێر دەکرێت، بەڵام ئەوانە نابنە هۆکارو پێشکەوتنی سیستەمی تەندروستی، کە دەڵێین کەرتی گشتی بەرانبەر کەرتی تایبەت متمانەی لەدەستداوە ئەمە کێشەی بچووکن لەچاو کێشە گەورەکانی سیستەمی تەندروستی، بۆ نموونە کە دەبینین هاووڵاتییەك حاڵەتێکی تەندروستی نادیارو خراپی هەیە و پێویستی بە سیتیسکان یا تیشك یا پشکنینێکی تر هەیە ئەوە دەبێت نۆرە بگرێت ئەمە سەرەڕای منەت و خۆفەرزکردن لەسەر نەخۆشەکە، دەبێت بڕە پارەیەکیش بدات تەنانەت نەخۆش بۆ نەشتەرگەریش دەبێت بە هەمان شێوە نۆرە بگرێت، هەر لەو کاتەدا بۆی هەیە نەخۆشەکە ڕوو لە نەخۆشخانەی کەرتی تایبەت بکات.

سەبارەت بەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی بڕیارو راسپاردەکان هاوراز خۆشناو وتی : لە ڕووی یاساوە کەموکوڕییەکی کەم هەیە، بەڵام لە جێبەجێکردن کەموکوڕی و کەمتەرخەمی هەیە، ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە بڕیاری چاککردنی سیستەمەکەمان داوە، بەڵام کە چارەسەری ناکەن و سیستەمەکە ناگۆڕن واتە بڕیارەکە جێبەجێ ناکەن، هەر بۆ نموونە پێشتر وەزیر نەیتوانیوە نۆرینگەیەك دابخات واتە ئەمە کارەساتە . لەلایەکی ترەوە لە یاسای ژمارە ١٥دا لە خاڵی ٢٢دا باسی ئەوە دەکات کە پێویستە بیمەیەکی تەندروستی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەبێت، بەڵام کە جێبەجێ ناکرێت لەبەر ئەوەی ئیرادەیەکی سیاسی لەبەردەمیدا ڕێگرە، ئێمە وەکو لیژنەی تەندروستی پەرلەمان پڕۆژە یاسامان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردۆتەوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و بۆ حکومەتیشمان ناردووە بۆ ئەوەی تێبینیەکانی خۆی لەسەر دیار بکات و بە ئێمەی بداتەوە تاوەکو ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە بکەین و لەپاشان لە پەرلەمانە گفتوگۆی لەسەر ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەو پڕۆژە یاسایە نزیکەی ساڵێك دەبێت لەلایەن حکومەتەو نەگەڕاوەتەوە و ڕاگیراوە.

سەبارەت بەخراپی نۆرینگە تایبەتیەکانی هەندێ پزیشك کە بووەتە جێی گلەیی و ڕەخنەی هاووڵاتییان جێگری لیژنەی تەندروستی و ژینگە لەپەرلەمانی کوردستان وتی: بردنی چەند نەخۆشێك بەیەکەوە بۆ ژووری پشکنینی نۆرینگەکان و بوونی ئەو ژمارە زۆرەی نەخۆش کە لەهەندێك نۆرینگە نۆرەیان گرتووەو خراپی پشکنین و کەمتەرخەمییەکان جگە لەوەی کەموکوڕییەکی گەورەیە هاوکات هەڵەیەکی تەندروستی قبووڵ نەکراوە.

بەپێی ستانداردو پێوەری نێودەوڵەتی پێویستە بودجەی تەندروستی لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو

**پەیوەندی و هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی تەندروستی و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی زۆر نییە**




لەریزبەندی پێشەوەی بودجەکاندا بێت، لەمبارەیەوە جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگە لەپەرلەمان وتی: لەساڵی ڕابردوو ئەو بودجەی بۆ وەزارەتی تەندروستی دامانناببوو کە٣،٥٪بوو،کەچی وەزارەتی تەندروستی ئێمە ئەو بڕە کەمەشی نەتوانییوە خەرج بکات، ئەمە لەکاتێکدا سەردانی چەندین بنکەی تەندروستیمان کردووە کێشەی کەمی داودەرمان و پێداویستی تەندروستیان هەبووە، هەروەها بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی وەزارەتی تەندروستی دەبێت بودجەکەی لەنێوان٧ - ١٠٪ کەمتر نەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ چاودێری تەندروستی هاووڵاتیان تا ئاستێك ڕابگرێت. ساڵی ڕابردوو داوامانکرد داهاتی وەزارەتی تەندروستی بۆ کارو ئیشی خۆیان بێت کە بە ١٠ ملیار دیناریان خەملاندووە، بۆیە ئیمە پێمانوایە قبوڵ نییە چاودێری تەندروستی لەو ئاستەدابێت و تەنیا بیر لە بازرگانیکردن بکرێتەوە. هەروەها لەبارەی نرخی نەشتەرگەری و پشکنین و چارەسەرەکاندا جیاوازی لەنێوان هاووڵاتیانی خۆمان و دەرەوەی هەرێم نەکراوە...جێی داخە بەشێك لەو پزیشکانەی لەکەرتی تایبەت کاردەکەن کەرتی گشتیان ئیستغلال کردووە، ئەمەش بێ متمانەییەکی گەورەو پەکخستنێکی خستۆتە کەرتی گشتییەوە، ڕاستە لەیاسای عێراقی بواری بەپزیشك داوە نەخۆشخانەی تایبەت دابنێت بەڵام بەمەرج و ڕێنمایی هەروا نییە گیرفانی خەڵکی بەتاڵ بکاتەوە و بەکەیفی خۆی نرخ دابنێت، ئەمڕۆ هاووڵاتییان ناتوانن سوود لەو نەخۆشخانانە وەربگرن دەبێت حکومەت بەڕێنمایی و سیستەم هەردوو کەرتەکە ڕێك بخاتەوە، پێویستە حکومەت بۆ ڕێکخستنەوەی نرخەکانی نەشتەرگەری و پشکنینەکان ڕێنمایی نوێ دەربکات و وا بکات پابەندبن پێی. هەروەها ڕێنمایی بۆ پزیشکانی کەرتی تایبەت دابنێت کە کەرتی گشتی تەندروستی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار نەهێنن )). لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ گوڵان جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگەی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە ئاست و کوالیتی دەرمان گووتی: (ئەو ٧٠ کۆمپانیایەی کە مۆڵەتیان پێدراوە بەهێنانی دەرمان پێویستە بخرێنە ژێر چاودێری توندو لێپرسینەوە، چونکە ماوەیەك لەمەوبەر کۆگا هەبوو مۆڵەتی هەبوو دەرمانی خراپی تێدا گیرا کەچی دواتر بەناوێکی تر دووبارە کاردەکاتەوە، هاوکات داودەرمان بە ڕێگای قاچاخ و بازرگانی ئاسایی دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان، لەمەش زیاتر بنکەو نەخۆشخانە هەیە لەکەرتی گشتی داودەرمانی کوالێتی خراپ و نزم بەکار دەهێنێت.

# وەزیری تەندروستی لە وەڵامی رەخنەکانی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستاندا

**بۆ بەدواداچوونی کێشەو گرفتەکانی کەرتی تەندروستی و وەڵامدانەوەی ئەو پرسانەش کە لەلایەن جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگە لەپەرلەمانی کوردستان وروژێنرا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر رێکەوت حەمە رەشید وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، کە پوختەی وەڵامەکانی لێرەدا بڵاودەکەینەوە**

سەرەتا سەبارەت بە سیستەمی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان دکتۆر رێکەوت حەمە رەشید وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گوڵانی راگەیاند: ( بەو پێیەی سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان کۆنە و ژمارەی خەڵك تادێت زۆرتر دەبێت و خزمەتگوزاری تەندروستی خەڵکیش زیاتر دەبێت، هەربۆیە بواری تەندروستی هەتا کارو گرنگی پێ بدرێت هەر کەمە، چونکە تادێت پێویستمان بەنەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی زیاتر هەیە و بەردەوامیش تەکنەلۆژیای تەندروستی پێشکەوتووتر دەبێت، من ناڵێم کار بۆ بواری تەندروستی نەکراوە، بەڵکو کاری زۆر کراوەو پارەیەکی زۆر لەم کەرتە خەرجکراوەو نەخۆشخانەی گەورە دروستکراوەو ئامێرو پێداویستی باش دابینکراوە، لەم پێناوەشدا بەسەدان پزیشك و کارمەندی تەندروستی دامەزراون، بەڵام هێشتا پێویستیمان بە زیاترو باشتر هەیە و ئاوات و داخوازییەکانمان زۆر لەمە زیاترە.

بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە کۆنەش دەبێت بڕیار بدەین ئەو سیستەمە تەندروستییە کۆنەو دەبێت بگۆڕدرێت بە سیستەمێکی تازەو هاوچەرخ کە لەگەڵ دنیای پێشکەوتنی تەندروستی بگونجێت، گۆڕینی سیستەمیش پێویستی بە کۆنگرە نییە ئێمە کۆنگرەمان زۆر ئەنجامداوەو پارەی زۆرمان لە کۆنگرەکان خەرجکردووە، بەڵکو ئێستا ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و گروپی ڕەند بڕیارماندا و کار دەکەین کە سیستەمی ئابووری تەندروستی بەرەو پێشەوە ببەین تاوەکو سیستەمێکی دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان پەیرەو بکەین کە هەموو تاکێکی کورد تێیدا بەشدار بێت و دڵنیایی تەندروستی هەبێت، لەم سیستەمانەی لەبەر دەستماندایە چەند سیستەمێکن لەوانە سیستەمی بەریتانیا کەپێی دەگوترێت (NHS) و سیستەمی ئەلمانیا و فەرەنسا کە پێی دەگوترێت(NHI) و دەمانەوێت ئەو سیستەمێك بۆ هاووڵاتیان هەڵبژێرین و بیخەینە بواری پراکتیکییەوە، بە تەئکید سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان کۆنە و پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە و پێویستە خەڵکیش بەشداری بکات لە تەندروستی خۆی و دڵنیایی بدات، لەلایەکی تر خەڵك داوای خزمەتگوزاری تەندروستی زۆرتر و باشتر دەکات و خەڵکیش مافی خۆیەتی کە داوا دەکات و ئەو بودجەیەی کە لە هەرێمی کوردستانیش هەیە بەشی هەموو ئەو داواکاری و خواستانە ناکات. لەلایەکی ترەوە ئێستا زۆربەی ئەو خزمەتانەی کە لە بنکە تەندروستییەکان پێشکەشی دەکەین خزمەتی خۆپاراستنە و قەت درێخیمان نەکردووە لە دانانی بودجە بۆ ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی بەتایبەتی لە بوارەکانی خۆپاراستن و چاودێری تەندروستی و هۆشیارکردنەوەی خەڵکدا و پارەیەکی باش بۆ خول و وۆرك شۆپ خەرج دەکەین کە هەموو ئەوانەش خۆی لە خۆپاراستن و چاودێری تەندروستی هاووڵاتیانەوە دەبینێتەوە.

## سیستەمی دڵنیایی تەندروستی

بەنەبوونی چاودێری تەندروستی کە بوارێکی گرنگە بۆ ژیانی هاوڵاتیان پرسێکی دیکەی گوڵان بوو رووبەرووی وەزیری تەندورستی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردەوە، لەوەڵامی ئەم پرسەشدا وەزیری تەندروستی پێی گووتین: ( لەمەسەلەی چاودێری تەندروستی، بەتایبەتی لە بوارەکانی دایکی دووگیان و کوتان و مردنی منداڵی خوار ٥ساڵ، لە هەموو بەشەکانی تری عێراق و زۆربەی شوێنەکانی ناوچەکە باشترین و ئێمە هەنگاوی باشمان ناوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەسەر ڕێگایەکی ڕاست بڕۆین و ئەو سیستەمە تەندروستیە بکەینە سیستەمی دڵنیایی تەندروستی و خەڵك دڵنیایی بدات و بودجەیەکی زۆر دەستەبەر بکرێت، چونکە بەو بودجەی ٨،٤٪ی کە لە بودجە بۆمان دانراوە ناتوانین زۆربەی زۆری کارو ئیشەکان جێبەجێ بکەین. لە بودجەدا بودجەیەك هەیە پێی دەڵێن بەگەڕخستن و بودجەیەکیش هەیە پێی دەڵێن بودجەی وەبەرهێنان، ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی لە بودجەی وەبەرهێنان یەك ترلیۆن دینارمان هەیە، بەڵام هێشتا کێشەمان هەیە هەر بۆیە زۆربەی پڕۆژەکانمان ڕاوەستاوەو چەندین پڕۆژە هەیە لە قۆناغی دیزاینەوە پەکیکەوتووە و پڕۆژە هەیە لە پارێزگای دهۆك لە ساڵی ٢٠١٠ەوە کاری لەسەر نەکراوەو پڕۆژە لە سلێمانی هەیە لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە ئیشی بۆ نەکراوە یا لە دیزاینیایەو کاری لەسەر تەواو نەبووە، هەروەها چەند کێشەیەکی ترمان هەیە لەوانە کارو ئیشی تەندروستی ئەوە نییە کە نەخۆشخانە دروست بکات، بەڵکو کاری تەندروستی بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەیەو لە کاتی ڕژێمی پێشوو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نەخۆشخانەی دروست دەکرد لەپاشان کلیلەکەی دەدایە دەست تەندروستی، پلانێکمان هەیە بۆ ئەو مەبەستەش داوای کۆبوونەوەیەکی چوار قۆڵیمان کردووە لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جێگیری سەرۆکی حکومەت و وەزیری پلاندانان کە هەندێ پڕۆژەی گەورەو ستراتیژیمان هەیە بکرێتە پڕۆژەی کلیلی وەرگرتن کە چەند نەخۆشخانەیەکمان لە ناو پایتەخت پێویستە، بارودۆخی نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر بەوجۆرە نییە و بینایەکان کۆن و بەرتەسك و کەموکوڕی و گرفتی زۆریان هەیە بە هەمان شێوە بۆ شاری دهۆك و سلێمانیش، بۆیە داوای ئەو کۆبوونەوەیەمان کردووە کە لەوێدا بڕیار لەسەر ئەو پلانەمان بدرێت.

## جیاکردنەوەی پزیشکانی کەرتی گشتی و تایبەتی

سەبارەت بەرێکخستنی کەرتی گشتی تەندروستی و کەرتی تایبەت لەبواری تەندروستیش، کە ئەویش بوارێکی دیکەی گرنگە و پەیوەندی بە ژیانی هەر هاوڵاتیکەوە هەیە، پرسیارمان سەبارەت بەوەکرد ئایا بەرنامەی وەزارەت بۆ رێکخستن و هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو کەرتە چۆنە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا وەزیری تەندروستی وتی: ( یەکێك لەو کارو سیستەمی ئیشۆڕانسەی کە دەمانەوێت پیادەی بکەین ئەوەیە کە ئەو پزیشکانەی لە کەرتی گشتی و لە کەرتی تایبەت کار دەکەن لێکیان جیابکەینەوەو بڕیاردراوە ماوەی کارکردن لە نەخۆشخانەکان زیاتر بێت و لە دوای نیوەڕۆیان لە نەخۆشخانە حکومییەکان نەشتەرگەری بۆ هاووڵاتیان ئەنجام بدرێت کە لە٨٠٪ی تێچووی نەشتەرگەرییەکان حکومەت لە ئەستۆی خۆی هەڵی دەگرێت و هاووڵاتیش لە٢٠٪ی دەدات، هەروەها یەکێك لەکێشەکانی ترمان ئەوەیە لە نەخۆشخانە فریاکەوتنەکان و ئافرەتان و لەدایکبوون پزیشکی پسپۆڕ دوای دەوام نامێننەوە، بۆیە بڕیارێکمان دەرکردووە کە پزیشکی پسپۆڕ لەمەوداو لە نەخۆشخانەکان بمێنێتەوە و بۆ هەر شەوێك مانەوەش ئەو پزیشکە ١٢٠هەزار دیناری پێ دەدرێت، ئەو پزیشکەش بەپێی ڕێنمایی و بڕیارەکە

لــە مانگێکدا نابێت لە ١٠ شــەو زیاتر بمێنێتەوە، ئەو ڕۆژەش نابێت بچێتە نۆرینگەکەی و دەبێت لە نەخۆشخانەکە ئێشــکگر بێت، هەر بۆ باشترکردنی ڕەوشــی کەرتی تەندروستی هاوشێوەی پارێزگای سلێمانی بۆ هەر یەك لە پارێزگای هەولێر و دهۆك ٦ کلینکــی ڕاوێژکاری دەکرێتەوە بەپارەیەکی زۆر کەم کە تەنیا سێ هەزار دینارەو پشکنین بۆ نەخۆش لە لایەن پزیشــکی پسپۆڕ و شارەزا ئەنجام دەدرێت هەر لــەم کلینکانەش داودەرمانــی باش بە نرخی لە٥٠٪کەمتر دەردەچێت بە نەخۆش و پارەکەی تری دەرمانەکە حکومەت دەیدات و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری داوە کە لە ٢٤کلینکی ٢٤کاتژمێری لە هەولێرو ١٢کلینکیش لە دهۆك بکرێتەوە)).

## یەکخستنی نرخەکان

ســەبارەت بەرێکخســتن و چاودێریکردنی هێنانی پزیشــکی بیانی و یەکخســتنی نرخەکان وەزیری تەندروستی وتی:( تەنیا لە هەولێر کێشەی هێنانی پزیشــکی بیانی بەو لێشــاوە هەیــە بەبێ ئەوەی کەس لێیان بپرســێتەوە بۆ ئەوەی بزانن شــارەزایی و پسپۆڕییان لە چ ئاســتێکەو لەبارەی نرخەکانی پشکنین و نەشتەرگەرییەکانیش کەس لێپرسینەوەی لەگــەڵ نەکردوون و ئەمەش بــە تەئکید تەنیا لە هەولێــر وایە، لەهەقیقەتدا ئێســتا خەریکین و کار لەسەر ئەو بوارە دەکەین و چەند ڕێنماییەك لەمبارەوە دەردەکەین و نرخی پشــکنین و نەشــتەرگەری لە نەخۆشــخانەکانی کەرتی تایبەت لە هەموو شار و شــارۆچکەکانی هەرێم وەکو یــەك دەبێت و، هیچ کەس و لایەنێك لە نەخۆشخانە تایبەت و ئەهلییەکان ناتوانن لەم نرخ و ڕێنماییانە بچنە دەرەوە).

## سەندیکای پزیشکان و ڕێکخستنەوەی نۆرینگە تایبەتییەکان

ســەبارەت بــە هەڵکشــانی نرخــی نۆرینگــەو نەشتەرگەرییەکان وەزیری تەندروستی وتی: (یەکێك لەکێشــەکانمان لەمبارەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا سەندیکایەکی پزیشــکانی کارا لە هەرێمی کوردستان نییە، بۆ ماوەی ١٠تا ١٢ساڵە سەندیکای پزیشکانی گشــتی و پزیشکانی ددان هەڵبژاردنی خــۆی نەکردووە، بۆیــە ئێمە بــۆ جێبەجێکردنی ڕێنمایــی و بەرنامەکانمان دەبێت ســەندیکایەکی پزیشــکانی کارا شان بەشــانی ئێمە ئیش بکات، بۆ ئــەو کارەش داوا دەکەین تا زووە ســەندیکای پزیشکان هەڵبژاردنی خۆیان ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی ئێمەش لەگەڵ دەســتە تازەکەی سەندیکاکە دەست بەکارەکانمــان بکەیــن و کارەکانیشــمان بریتیە لە ڕێکخســتنەوەی کلینکەکان و نۆرینگە تایبەتەکان و نرخی نۆرینگەو نەشــتەرگەرییەکانە و ئێستاش بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو لایەنە گرنگانە هەنگاومان ناوە)).

## هاوڵی تەندروستی

ســەبارەت بەدانانی سیستەمی پزیشکی خێزانی و هاوڵی تەندروستی کە ئەمەش جۆریکە لە دڵنیایی تەندروستی، وەزیری تەندروستی وتی: (پزیشك لە وڵاتی ئێمە ناچێتە بەشی خێزان، بەڵکو حکومەت بۆ ئەو کارە دەبێــت هاندانی بۆ بکات و موچەی بۆ دابین بکات، بەڵام ئێمە هاوشــێوەی پزیشــکی خێزان بەرنامەیەکمان هەیە کەپێی دەوترێت هاوڵی تەندروســتی کە لەناوخۆیدا یەکێك لەشــتەکانی پزیشــکی خێزانییــە و من ناڵێم لــە ٦مانگ و ٧مانگ ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکەین، بەڵام لە هەوڵی جێبەجێکردنی داین).

## هەوڵەکان بۆ ڕێگرتن لە دەرمانی کوالێتی نزم

ســەبارەت بەمەســەلەی بنبڕکردنــی دەرمانــی ســاختەو ماوە بەســەرچوو و کوالێتی نزم وەزیری تەندروســتی وتــی: ( من تا ئێســتا هیچ یەکێك لە کۆگاو کۆمپانیایانەی داودەرمانم دانەخســتووەو ڕامنەگرتوون، بەڵام بۆ ئەو مەبەستە بە دوو قۆناغ ئیشم کردووە، قۆناغی یەکەمم تەواو کردووە، قۆناغی یەکەم ئەوەیە کە هیــچ داودەرمانێك بەبێ کوالێتی نەهێنرێتــە هەرێمی کوردســتان و لەگەڵ هەموو بازگەکانی هەولێرو دهۆك و سلێمانی کۆبوونەوەمان کردووە بۆ ئــەوەی نەهێڵین هیچ داودەرمانێك بەبێ پشکنین و کوالێتی بپەڕێتەوە ناو سنووری هەرێمی کوردستان و ناو شارەکان، تەنیا وەزارەتی تەندروستی هەقی ئەوەی هەیە کە ڕێــگا بەپێدانی داودەرمان بدات کــە بێتە ناو هەرێم، قۆناغی دووەم کە کاری لەســەر دەکەین ئەویش ئەوەیە کــە کۆمپانیایەکی گــەورەو خاوەن ئەزموون و شــارەزا لە پشــکنینی داودەرمــان گرێبەســتی لەگەڵ دەکەین و ئێســتا تەندەر بۆ ئەو مەبەســتە کراوە و لە ٢٠١٢/٧/١٢دا تەندەرەکان دەکرێنەوە کە دێن پشــکنینی داودەرمان دەکــەن هەم دێــن کوالێتــی کۆنترۆڵــی خۆمان پەرەپێدەدەن و ئامێرمان بۆ دەهێنن و ڕاهێنانی بەرپرسیارانی کارمەندەکانمان دەکەنەوە)) .

## نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی سلێمانی

سەبارەت بەنەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی سلێمانی و دروســتکردنی نەخۆشــخانە زیاتر لــە هەرێمی کوردستاندا وەزیری تەندروستی وتی: ( نەخۆشخانە ٤٠٠قەرەوێڵەییەکەی ســلێمانیش لە مانگی یەکی ســاڵی تازە بەپێی وتەی بۆردی سەرپەرشــتیاری پڕۆژەکــە تەواو دەبێت، هۆکاری ئــەو دواکەوتنانە بــۆ وەزارەتی تەندروســتی ناگەڕێتــەوە، چونکە دەبێــت کاری ئێمە ئەوە بێت کە ســەرقاڵی هێنانی داودەرمانی بــاش و کوالێتی بەرزو خزمەتگوزاری تەندروســتی باش بین نەك دروستکردنی بینایەی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی) .

## شێرپەنجەو ئایدز

ســەبارەت بەزیادبوونی نەخۆشــیەکانی شێرپەنجەو ئایــدزو نەبوونی پزیشــکی تایبەت بۆ نەخۆشــی ئۆتیزم وەزیری تەندروســتی وتــی: ( گرنگی بە نەخۆشــخانەو خزمەتگوزارییەکان و چارەسەرکردنی نەخۆشــی شــێرپەنجە دراوە و ئێستاکە لە سلێمانی نەخۆشــخانەیەکی ١٢٠قەرەوێڵەیی لــە دیزاینایە و لەهەولێر بەڕێز ئەحمەد ئیســماعیل کە شــایانی ســوپاس و پێزانینە لە تەنیشــت نەخۆشخانەکەی خوێن خەریکی دروســتکردنی نەخۆشــخانەیەکی بەرفرەوان و پێشــکەوتووی نەخۆشی شێرپەنجەیەو بەڵێنی ئەوەشیداوە کە ئامێری چارەسەری شێرپەنجە بەتیشــك بۆ هەولێــر بێنێت و ئامێــری دووەمی چارەســەرکردنی ئەو نەخۆشــییە بە تیشــك ئەوە گەیشتە شاری سلێمانی و لەئایندەیەکی نزیکدا ئەو ئامێرەش دادەنرێت و دەست بەکارکردن دەکات. هەولێر ســەرقاڵی تەندەرە بۆ کڕینی ئامێرێکی تری تیشك بۆ چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجە. من لەگەڵ ئەو هەڵکشان و ژمارەیە ی نەخۆشەکانی شێرپەنجە نیم کە باس دەکرێت، بەڵکــو ڕاگەیاندنەکان تاڕادەیەك ئەو کێشــەیەیان گــەورە کــردووە، لەلایەکی ترەوە سەبارەت بەنەخۆشــی ئایدز ئەوەی لە تووشبووانی ئەو نەخۆشــیە ماوە لە هەرێمی کوردســتان تەنیا ١٩حاڵەتی تووشــبوون بەم نەخۆشیە هەیە و لەژێر کۆنترۆڵی خۆماندایــە. هەروەها لەبواری نەبوونی پزیشــکی تایبەت بەنەخۆشــی ئۆتیزم کەتووشی منــداڵان دەبێت بەگشــتی کێشــەکە لەوەدایە کە پزیشکی پسپۆڕی بواری ئۆتیزم لە کوردستان زۆر کەمــە، بۆیە بەپێی توانا لە هەوڵــی ئەوداین ئەو کێشە و کەموکوڕیانەی لەمبوارەدا هەیە چارەسەری بکەین).

## پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

ســەبارەت بەنەبوونــی پەیوەنــدی و هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی تەندروســتی و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانســتی وەزیری تەندروســتی وتــی: ( پەیوەنــدی و هەماهەنگیمــان لەگەڵ یەکتر زۆر نییــە و لەم کابینەیــدا هەوڵدەدەین کە پەیوەندی و هەماهەنگیەکانمــان زیاترو بەهێز بێت بۆ پتر گەشــەکردنی بواری تەندروستی و برەودان بە پڕۆگرامی زانســتی و پزیشکی بۆ بەرژەوەندی خەڵکی هەرێمی کوردستان)).

## کێشەی تەندروستی لە قەزاو ناحیەکان

لەکۆتایی دا ســەبارەت بەبوونی کەموکوڕی بواری تەندروستی زۆربەی قەزاو ناحیەو گوندەکان دکتۆر ڕێکەوت حەمە ڕەشــید وەزیری تەندروستی وتی: ( ئەو کێشــانە یا ئەو خزمەتگوزاریانە تەنیا بەبودجە چارەســەرو دابین دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستە ئەگەر وەزارەتــی تەندروســتی و لایەنــی پەیوەنداری تر بودجەمان لەبەردەســت دابێت ئــەوە دەبێت بۆ ئەو گوندانە بەتایبەتی دوورە دەستەکان و سنوورییەکان ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن یا فڕۆکەیان بۆ دابین بکەین، ئەو گوندەی کارمەندی تەندروستیان لە یەکەکانیان نەبێت ئەوە دەتوانن ســەردانمان بکەن بەمەبەســتی چارەسەرکردنی کێشەو داواکارییەکانیان)).